مایک پێنس: پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و واشنتن داهاتوویەکی گەش بۆ هەردوولا بنیات دەنێن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
نۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5878) دووشەممە 25ی تشرینی دووەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

کۆشکی سپی دەقی گفتوگۆی نێوان نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا، بڵاو دەکاتەوە کە تێیدا پشتگیری بەردەوامی واشنتۆن بۆ هەولێر دووپات دەکاتەوە. بە پێی ڕاگەیەندراوێکی کۆشکی سپی (کۆشکی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا) نێچیرڤان بارزانی سوپاسی حکوومەتی ئەمەریکا کردووە بۆ هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژ بە رێکخراوی تیرۆریستی داعش و سەردانەکەی مایک پێنسی لەم کاتەدا بە هێمایەک بۆ پتەویی پەیوەندییەکان و بەردەوامی ئەم هاوکارییانە وەسف کردووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

فەرماندەیەکی باڵای سەربازیی بە پارێزگاری نەینەوا هەڵبژێردرا

ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، بە زۆرینەی دەنگ فەرماندەی پێشووی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا، فەریق ڕوکن نەجم جبوری بە پارێزگاری نوێ هەڵبژارد. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**



نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە شاندێکی ئەمەریکی کرد

هەرێمی کوردستان دەیەوێت کێشەکانی لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور چارەسەر بکات

سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان ئامادەی هەموو هاوکارییەکە بۆ ئارامی و سەقامگیریی عێراق و ڕایگەیاند دۆخی عێراق و خۆپیشاندان و ڕووداوەکان لە بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی وڵات، کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت، هەروەها هاوکاریی ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان بە پێویست زانی. لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەڕێز ڕۆبەرت کاردم، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە سپێناتی ئەمەریکی و شاندی یاوەری، دوێنێ یەکشەممە 2019/11/24 لە هەولێر، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردەوە کە هەرێمی کوردستان دەیەوێت هەموو کێشەکانی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق لە ڕێگەی دیالۆگ و لێککەیشتن لەسەر بنەمای دەستووری عێراق چارەسەر بکات.

لە کۆبوونەوەکەدا کە بەڕێز باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق ئامادەی بوو، هەردوولا دوایین پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە و چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتەکانیان تاوتوێ کرد و جەختیان لە پێویستیی عێراق بە ئارامی و سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی و تێگەیشتنی دروست لە داوا ڕەواکانی خۆپیشاندەران و خۆدوورگرتن لە توندوتیژی کردەوە.

دۆخ و پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی و مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی، ڕەوشی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان، هەروەها چەند پرسێکی دیکەی مایەی بایەخی هەردوولا، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوون.



سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندی حکومەتی هەرێم بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا کۆدەبێتەوە

گفتوگۆکان قۆناغێکی گرنگ و پێشکەوتوویان بڕیوە و لێکتێگەیشتنی باش هەیە

ئەمڕۆ شاندەکە بۆ دریژەدانی گفتوگۆکان دەچێتەوە بەغدا

دوێنێ یەکشەممە 2019/11/24 مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران، لەگەڵ شاندی حکومەتی هەرێم بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا تایبەت بە پرسی نەوت و بودجەی 2020 کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا شاندی حکومەتی هەرێم دوایین پێشهاتەکانی پرۆسەی گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی خستەڕوو. شاندەکە ئاماژەی بەوەدا کە گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا قۆناغێکی گرنگ و پێشکەوتوویان بڕیوە و لە کەشێکی ئەرێنی بەڕێوەدەچن. شاندەکە ئەو پرنسیپانەی خستەڕوو کە لە ئەنجامی سەردانەکە گەڵالەبوون و دەبنە بنەمایەک بۆ ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر بابەتەکانی پرۆژە یاسای بودجەی فیدراڵی بۆ ساڵی 2020 بە جۆرێک کە بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوولا لەبەرچاو بگیرێت و ماف و شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان دابین بکرێت لە بەرامبەر پابەندییەکانی هەرێمی کوردستان. شاندەکە دووپاتی کردەوە کە پرۆسەی گفتوگۆ بە ڕێنمایی و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەردەوامە و هەردوولا گەیشتوونەتە لێکتێگەیشتنێکی باش لەسەر بابەتەکانی جێی گفتوگۆ و ئەمڕۆ دووشەممە 2019/11/25 بۆ دریژەدان بە گفتوگۆکان شاندەکە دەچێتەوە بەغدا.


ئەمڕۆ شاندی کوردستان دەچێتەوە بەغدا و گفتوگۆی کۆتایی لەبارەی بودجە دەکا

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدای پایتەختی عێراق ئاشکرای کرد، شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات و لەبارەی پرۆژەیاسای بودجەی 2020ی عێراق گفتوگۆ دەکەن. فارس عیسا، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بە خەباتی ڕاگەیاند، ئەمڕۆ دووشەممە 2019/11/25 شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکەنەوە و لەگەڵ وەزیری دارایی عێراق کۆدەبنەوە و گفتوگۆکانیان لەبارەی پرۆژەیاسای بودجەی 2020ی عێراق بەردەوام دەبێت. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە «بڕیارە دوای گفتوگۆکان، ڕێککەوتنەکەیان لەبارەی پرۆژەیاسای بودجەی 2020ی عێراق واژۆ بکەن».

پەرلەمانی کوردستان کەمپینێکی هاوکاری بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە پرێس کۆنفرانسێکدا ئاشکرای کرد پەرلەمانی کوردستان کەمپینێکی بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی و هاوکاری بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاندووە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**





(بەرزە پاڵەپەستۆی ساییبیری) چییەو کاریگەرییەکەی لەسەر هەرێمی کوردستاندا چۆنە؟

(بەرزە پاڵەپەستۆی ساییبیری) بریتییە لە سەنتەری بەرزە پاڵەپەستۆی هەوایی ئاست بەرز کە بە شێوەیەکی بەردەوام بوونی هەیە لە جەمسەری بەستووی باکووری زەوی، بە تایبەتی لە سەرووی هێڵی 45پلە بە ئاراستەی باکووری ڕۆژهەڵاتی سیبیریا ی ڕووسیاوە وە یەکێکە لە گرنگترین بەرزە پاڵەپەستۆیە هەواییەکانی وەرزی زستان لە نیوەگۆی باکووری زەویدا. **(زیاتر لە ل14 بخوێنەوە)**

کوردانی تاراوگە پشتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شەپۆلێکی بەهێزی خۆپیشاندانی ڕەوندی کوردی لە وڵاتانی ئەورووپا لەسەر ئاستی پایتەخت و شارەکان، لە هەر یەکە لە ئەڵمانیا، هۆڵەندا، سویسرا، سوید، دانیمارک و نەرویژ، دەستیپێکرد. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

ئەمڕۆ شاندی کوردستان دەچێتەوە بەغدا و گفتوگۆی کۆتایی لەبارەی بودجە دەکا

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدای پایتەختی عێراق ئاشکرای کرد، شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات و لەبارەی پرۆژەیاسای بودجەی 2020ی عێراق گفتوگۆ دەکەن. فارس عیسا، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بە خەباتی ڕاگەیاند، ئەمڕۆ دووشەممە 2019/11/25 شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکەنەوە و لەگەڵ وەزیری دارایی عێراق کۆدەبنەوە و گفتوگۆکانیان لەبارەی پرۆژەیاسای بودجەی 2020ی عێراق بەردەوام دەبێت. ئەوەشی ئاشکرا کرد کە «بڕیارە دوای گفتوگۆکان، ڕێککەوتنەکەیان لەبارەی پرۆژەیاسای بودجەی 2020ی عێراق واژۆ بکەن».

عێراق.. خۆپیشاندەران ئامادەکاری بۆ خۆپیشاندانی ملیۆنی و مانگرتنی گشتی دەکەن

دوێنێ یەکشەممە خۆپیشاندەران چەند پردێک و ڕێگایەکیان لە باشووری عێراق داخست و، هەندێکی دیکەشیان خێوەتگایان لەبەردەم کێڵگە نەوتییەکان داکوتا وەک خۆ ئامادەکردنێک بۆ داخستنیان، ئەم هەنگاوەنەش بۆ جێبەجێکردنی ئەو بانگەوازە دێت کە چالاکوانانی عێراقی و ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکان ڕایانگەیاند بۆ مانگرتنی گشتی و، ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ملیۆنی. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



فەڕەنسا.. خۆپیشاندانەکانی ئیلەگ زەردەکان لە هەفتەی 54ەمینیدا

چالاکییەکانی ئیلەگ زەردەکان کە سەرەتا وەک نارەزایەتی دەربڕین دژبە بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنی و سەختی هەلومەرجی ئابووری دەستیپێکرد، گۆڕدرا بۆ دژایەتیکردنی حکوومەت، پێی ناوەتە 54ەمین هەفتە. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

دووەم فڕۆکەی هاوکارییەکانی ڕێکخراوی سەمیریتان پێرس گەیشتە هەولێر

ڕێکخراوی سەمیریتان پێرسی ئەمەریکی ڕۆژی یەکشەممە بەفڕۆکەیەکی تایبەت 23 تەن کەرەستە و پێداویستی زستانی لە ئەمەریکاوە گەیاندە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆکی هەرێمی کوردستان
پیرۆزبایی لە بەڵێن عەبدوڵڵا دەکات

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ بەڕێز بەڵێن عەبدوڵڵا، بەبۆنەی هەڵبژاردنییەوە بە سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، پیرۆزبایی لێکرد و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکی تازەیدا بۆ خواست.

لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا ئێوارەی یەکشەممە 24/11/2019 سەرۆک نێچیرڤان بارزانی هەروەها پیرۆزبایی سەرکەوتنی کۆنگرەی لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و سەرکردایەتیی تازە و هەڤاڵانی سەرکەوتووی کۆنگرە کرد و ڕێز و پێزانینی بۆ خەبات و تێکۆشان و ماندووبوونی ئەوان و حزبی زەحمەتکێشان دووپات کردەوە.

لای خۆیەوە بەڕێز سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان خۆشحاڵی و سوپاس و پێزانینی خۆی و هەڤاڵان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی بۆ پیرۆزبایی و پەیوەندیی تەلەفۆنیی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی دەربڕی.

پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان
بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، جەخت لە ئیرادەی سیاسیمان دەکەینەوە بۆ پشتگیری و کاری بەردەوامان لەسەر پرسی دادوەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی جێندەری لە هەرێمی کوردستان.

لە 2007وە سااڵنە هەرێمی کوردستان لەم بۆنەیەدا کەمپەینی شانزەڕۆژی ڕادەگەیەنێ بۆ چرکردنەوەی کار و چااکییەکان بە ئامانجی بنبڕکردنی تووندوتیژیی جێندەری و دابینکردنی دادوەری. وێڕای سەختییەکان، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی داعش و تاوانەکانی و جینۆسایدی ئێزیدییان کە بوونە هۆی دروستبوونی قەیرانی گەورەی مرۆیی، هەرێمی کوردستان توانیویەتی بە شێوازێکی دروست و شایستە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکەدا بکات.

هەموو قەیران و شەڕێک کۆمەڵگە دەشێوێنن، هەنگاوەکان دوا دەخەن و دەبنە مایەی تووندوتیژی، ئافرەتانیش قوربانیی سەرەکیی ئەو دۆخەن، بۆیە لەم ڕۆژەدا و بۆ ئەم ئەرکە پێویست و گرنگە، جەخت لەسەر بەردەوامی و هەماهەنگیی سەرۆکایەتیی هەرێم لەگەڵ دەسەاڵتی جێبەجێکردن و کۆمەڵگەی مەدەنی و مامۆستایانی ئایینی و ئاژانسەکانی یوئێن و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەکەینەوە.

لەم ڕوانگەیەوە، لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان دیدگایەکی ستراتیژیی فراوانمان دارشتووە کە وەک نەخشەڕێگایەک بۆ پاراستنی ماف و گەشەپێدان و بەهێزکردنی پێگەی ژن لە کۆمەڵگە بە هەماهەنگی لەگەڵ الیەنە پەیوەندارەکان کاری لەسەر دەکەین، داواش لە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دەکەین چااکانە لە ئەنجامدانی کار و چااکییەکانی شانزەڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژیی دژی ئافرەتان، بەشدار بن.

هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو الیەک دەخوازین.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
25/ 11/ 2019

حکوومەتی هەرێم: لەگەڵ بەغدا گەیشتووینەتە لێکتێگەیشتنێکی باش
ئەمڕۆ دووشەممە شاندەکەی هەرێم بۆ دڕێژەدان بە گفتوگۆکان دەچێتەوە بەغدا



دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەی مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو شاندەی کە بۆ دانوستان سەردانی بەغدایان کردبوو.

وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی ئاشکرا کرد کە گفتوگۆی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنی کۆتایی بەردەوام دەبێت و گەیشتوون بە لێکتێگەیشتنێکی باش.

دوێنێ یەکشەممە 2019/11/24 جوتیار عادل، وتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند: ئەمڕۆ یەکشەممە بەڕێز مەسروور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیران لەگەڵ شاندی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ لە بەغدا تایبەت بە پرسی نەوت و بودجەی 2020 کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکەدا شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوایین پێشهاتەکانی پرۆسەی گفتوگۆی لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ خستەڕوو.

جووتیار عادل، لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەدا گوتیشی: شاندەکە ئاماژەی بەوەدا کە گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا قۆناخێکی گرنگ و پێشکەوتوویان بڕیوەو گفتوگۆکانیش لە کەشێکی ئەرێنی بەڕێوەدەچێت.

شاندەکە ئەو پرەنسیپانەشی خستەڕوو کە لە ئەنجامی سەردانەکە گەاڵڵەبوون و دەبنە بنەمایەک بۆ ڕێککەوتنی کۆتایی لەسەر بابەتەکانی پرۆژەیاساى بودجەی فیدراڵی سااڵی 2020 بە جۆرێک کە بەرژەوەندی هاوبەشی هەردوولا لەبەرچاو بگیرێت و ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان دابین بکرێت وەک لە دەستووردا هاتووە لە بەرامبەر پابەندییەکانی هەرێمی کوردستان.

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاند: شاندەکە دووپاتیکردەوە، کە پرۆسەی گفتوگۆ بە ڕێنمایی و سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی مەسروور بارزانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەردەوامە و هەردوولا گەیشتوونەتە لێکتێگەیشتنێکی باش لەسەر بابەتەکانی جێی گفتوگۆ و ڕۆژی دووشەممە 2019/11/25 بۆ دڕێژەدان بە گفتوگۆکان شاندەکە دەچێتەوە بەغدا.

شایەنی باسە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو شاندێکی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتبوون لە ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی، خالید شوانی، وەزیری هەرێم، ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران و، ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەردەوامە و هەردوولا گەیشتوونەتە لێکتێگەیشتنێکی باش لەسەر بابەتەکانی جێی گفتوگۆ و ڕۆژی دووشەممە 2019/11/25 بۆ بەغدا سەردانی کرد و لە نزیکەوە پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی قەاڵ و دەوروبەری بەسەرکردەوە.

تیمی ئەندازیاری نۆژەنکردنەوەکەی قەاڵ، بە دڕێژی قۆناخەکانی پرۆسەی نۆژەنکردنەوەکەیان بۆ سەرۆکی حکوومەت ڕوون کردەوە کە لە سااڵنی 2014وە لە الیەن یۆنیسکۆوە لە لیستی

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی سەرۆککۆماری ئێران دەکات

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دوێنێ یەکشەممە 2019/11/24 پەیامێکی پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی سەرۆکی کۆماری ئیسالمی ئێران حەسەن ڕوحانی کرد بە بۆنەی کۆچی دوایی خوشکییەوە.

سەرۆکی حکوومەت پرسە و سەرەخۆشی خۆی لە خانەوادەی بەڕێز ڕوحانی کرد و هیوای خواست خوای مەزن خوشکی کۆچکردووی بە بەهەشت شاد بکات و ئارامی و دڵنەواییش بە خانەواده و کەسوکارەکەی ببەخشێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی ئەمەریکی دەکات

ئەمەریکا وەکو هاوپەیمانێکی گرنگ لە ناوچەکەدا تەماشای هەرێمی کوردستان دەکات



دوێنێ یەکشەممە 2019/11/24 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەت، پێشوازی لە شاندێکی ئەمەریکی کرد بە سەرۆکایەتی ڕۆبەرت کەریم ڕاوێژکاری سەرکردەی کۆماریيەکان لە ئەنجومەنی سێناتی ئەمەریکا. لە دیدارەکەدا کە باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق ماتیۆ تولەر ئامادەی بوو، دوایین گۆڕانکاریيەکانی عێراق و ناوچەکە تاوتوێ کران. جەختیش لە بەردەوامبوونی هاوکاریکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرایەوە بە تایبەتی هێزی پێشمەرگە و هەماهەنگییان لەگەڵ هێزەکانی عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆریستانی داعش. هەروەها شاندی میوان پشتیوانی خۆی بۆ پرۆسەی گفتوگۆی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی دەربڕی و دووپاتیشی کردەوە کە ئەمەریکا، هەرێمی کوردستان وەکو هاوپەیمانێکی گرنگ لە ناوچەکەدا دەبینێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پڕۆسەی نۆژەنکردنەوەی قەاڵی هەولێر بەسەر دەکاتەوە

سەرۆکی حکوومەت: هەرچی پێویست بێت بۆ پاراستن و گرنگیدان بە شوێنەوارە مێژووییەکانمان دەیکەین



دوێنێ یەکشەممە 2019/11/24 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی قەاڵی دێرینی هەولێری کرد و لە نزیکەوە پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی قەاڵ و دەوروبەری بەسەرکردەوە.

تیمی ئەندازیاری نۆژەنکردنەوەکەی قەاڵ، بە دڕێژی قۆناخەکانی پرۆسەی نۆژەنکردنەوەکەیان بۆ سەرۆکی حکوومەت ڕوون کردەوە کە لە سااڵنی 2014وە لە الیەن یۆنیسکۆوە لە لیستی کەلەپووری جیهانیدا تۆمار کراوە. سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بە گرنگی قەاڵی هەولێردا و ڕایگەیاند هەرچی پێویست بێت بۆ پاراستن و گرنگیدان بە شوێنەوارە مێژووییەکانمان کە بەشێکن لە ناسنامەی نیشتمانیمان دەیکەین. گوتیشی پێویستە نۆژەنکردنەوەکە بەپێی مەرج وستانداردەکانی کەلەپووری جیهانیی بێت. پاشان سەرۆکی حکوومەت گەشتێکی بە ناو قەاڵدا کرد و مۆزەخانەی قەاڵی بەسەر کردەوە.

دووەم فڕۆکەی هاوکارییەکانی ڕێکخراوی سەمیریتان پێرس گەیشتە هەولێر




دوای ئەوەی هەفتەی پێشووتر فڕۆکەیەکی بە 22 تەن هاوکاری و کەرەستە و پێدوایستی مرۆیی گەیاندە فڕۆکەخانەی هەولێر، ڕێکخراوی سەمیریتان پێرسی ئەمەریکی ڕۆژی یەکشەممە 24ی ئەم مانگەش بەفڕۆکەیەکی تایبەت 23 تەن کەرەستە و پێداویستی زستانی لە ئەمەریکاوە گەیاندە فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی و لەاليەن خالید جەمال ئەلبێر بەڕێوەبەری گشتی کاروباری مەسیحییەکان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانی وەزارەتی ناوبراوەوە پێشوازی کرا و پێشکەش بەنوێنەرانی دەزگای خێرخوازی بارزانی کرا بۆ ئەوەی بەسەر ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دابەشی بکات، ئەم کاروانەی دووەمی هاوکارییەکان زیاتر جلوبەرگی زستانە و پێاڵو و بەتانی و چەندین جۆری تر هاوکاری تێدایە.

ڕێکخراوی سەمیریتان پێرس ڕێکخراوێکی خێرخوازی مەسیحی ئەمەریکایە و لەسااڵنی 2007ەوە نووسینگەی خۆی بۆ هاوکاریکردنی چین و توێژە هەژارەکان و منداڵانی کوردستان کردۆتەوە و ئێستا بارەگای سەرەکی لە شاری هەولێرە.

کۆشکی سپی دەقی گفتوگۆی نێوان نێچیرڤان بارزانی و پێنس بڵاودەکاتەوە

مایک پێنس: پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و واشنتن داهاتوویەکی گەش بۆ هەردوولا بنیات دەنێن



کۆشکی سپی دەقی گفتوگۆی نێوان نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا، بڵاو دەکاتەوە کە تێیدا پشتگیری بەردەوامی واشنتۆن بۆ هەولێر دووپات دەکاتەوە. بە پێی ڕاگەیەندراوێکی کۆشکی سپی (کۆشکی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا) نێچیرڤان بارزانی سوپاسی حکوومەتی ئەمەریکا کردووە بۆ هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژ بە ریکخراوی تیرۆریستی داعش و سەردانەکەی مایک پێنسی لەم کاتەدا بە هێمایەک بۆ پتەویی پەیوەندییەکان و بەردەوامی ئەم هاوکارییانە وەسف کردووە.

جێگری سەرۆکی ئەمەریکا سڵاو و ڕێزی دۆنالد ترەمپی سەرۆکی وڵاتەکەی گەیاندووە و خۆشحاڵی خۆشی دەربڕیوە بە سەردانیکردنی هەولێر لە یەکەم گەشتی فەرمیدا بۆ عێراق وەک جێگری سەرۆکی ئەمەریکا.

پێنس هەروەها ڕایگەیاندووە، کە سەردانەکەی بۆ هەولێر لەم کاتەدا گرنگییەکی تایبەتی هەیە، کە لەگەڵ گەلی کورد شانازی بەو دەستکەوتە هاوبەشەیان بکەن، کە لە شەڕی دژ بە داعش بەدەستیان هێناوە.

لە بەردەوامیی گفتوگۆکەیدا لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مایک پێنس گوتوبەتی: لە مانگی ئاداری ئەمساڵ، بە هۆی بوێریی هێزە چەکدارەکانی ئێمە و بوێری هێزی پێشمەرگە و هاوپەیمانە کوردەکانمان لە سووریا، توانیمان دوا خاکی ژێر کۆنترۆڵی داعش ئازاد بکەین. ئەمەش بە بێ هاوپەیمانییەتی بێ وێنەی نێوان گەلی کورد و گەلی ئەمەریکا، مەحاڵ بوو.

پێنس سڵاویشی بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناردووە و داوای لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە ڕێزو سڵاوی ئەو بە خانەوادەی شەهیدان بگەیەنێت، کە ئەمەریکا پێی وایە ئەوان لە پێناو هەموو جیهان گیانی خۆیان کردووەتە قوربانی. لە کۆتاییشدا جێگری سەرۆکی ئەمەریکا جەختی لەوە کردووەوە، کە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و واشنتن داهاتوویەکی گەش بۆ هەردوولا بنیات دەنێن.

سەردانەکەی پێنس بۆ هەرێمی کوردستان بووەتە ڕۆژەقی میدیاکانی جیهان

بلوومبێرگی ئەمەریکی: پێنس سەردانی عێراق دەکات بۆ دڵنیاکردنەوەی کوردە هاوپەیمانەکان

هیرەڵدی بەریتانی: پێنس کورد لە پشتگیرییەکانی ئەمەریکا دڵنیا دەکاتەوە

گاردییەنی بەریتانی: سەردانەکەی پێنس بۆ دڵنیاکردنەوەی کوردە

نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی: پێنس لە هەولێر لەگەڵ سیاسەتقانانی بەهێزی کورد کۆبووەوە



ڕووداو/

سەردانەکەی مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی 23ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2019 بووەتە ڕۆژڤی میدیاکانی جیهان و زۆربەی میدیاکان ئەو سەردانەیان بەبایەخەوە ڕووماڵکردووە و بە پشتگیرییەکی ڕوون و ئاشکرای واشنتن لە هەولێر ناوی دەبەن.

پێنس یەکەمین سەردانی خۆی بۆ عێراق، وەک جێگری سەرۆکی ئەمەریکا ئەنجامدا، بەڵام هەر لەو سەردانەیدا، هیچ کۆبوونەوە، یان چاوپێکەوتن یان دانیشتنێکی لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی ئەنجام نەداوە، نە سەرۆک، نە سەرۆکوەزیران و نە بەرپرسانی دیکەی ئەو وڵاتە، ئەوەی کە پێنس ئەنجامیداوە بریتی بووە لە سەردانی هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە بنکەی سەربازی عەین ئەسەد لە ئەنبار و پاشان بە تەلەفۆنێکی کورتی چەند خوولەکی، لەگەڵ عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، کۆتایی بە گەشتەکەی بۆ عێراق هێنا.

ئەوەی کە جێی گرنگی میدیا جیهانییەکان بوو، سەردانە فەرمییەکەی مایک پێنس بوو بۆ هەرێمی کوردستان و هەروەها پێشوازیکردنی لەلایەن نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گەورە بەرپرسانی دیکەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ سەردێڕێکی گەورە لەژێر ناونیشانی، پێنس سەردانی عێراق دەکات بۆ دڵنیاکردنەوەی کورد و جەختکردنەوە لە هاوپەیمانیەتی ئەمەریکا و کوردستان.

ڕۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمەریکی، گەورە ڕۆژنامەی کاریگەری ئەمەریکا، نووسی: مایک پێنس، جێگری سەرۆکی ئەمەریکا گەشتێکی ڕانەگەیێندراو بۆ عێراق ئەنجام دەدات تاوەکو کورە هاوپەیمانەکان دڵنیا بکاتەوە لە هاوپەیمانیەتی ئەمەریکا و کوردستان.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی، باس لە سەردانە چاوەڕێنەکراوەکەی پێنس بۆ عێراق دەکات و دەڵێت، لە هەولێر، بەڕێز پێنس، لەگەڵ سیاسەتڤانانی بەهێزی کورد کۆبووەوە کە ئامۆزای یەکدین، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مەسروور بارزانی، سەرۆکوەزیران.

ڕۆژنامەی هیرەڵدی بەریتانی، نووسیویەتی: پێنس کوردانی عێراق لە پشتگیرییەکانی ئەمەریکا، دڵنیا دەکاتەوە.

گۆڤاری زە ویکی، بەریتانیش، نووسیویەتی: لە سەردانە کتوپڕەکەی بۆ عێراق، دەستخۆشی لە کورد دەکات.

ڕۆژنامەی گاردییەنی بەریتانی، دەڵێت، سەردانەکەی پێنس بۆ عێراق، بۆ دڵنیاکردنەوەی کورە هاوپەیمانەکانی ئەمەریکایە لە شەڕیاندا دژ بە داعش.

ئەوە جگە لە دەیان ڕۆژنامە، گۆڤار و، میدیای بینراوی جیهانی کە هەموویان تیشکیان خستووەتەسەر هاوپەیمانیەتی ئەمەریکا و کورد.

بیرمەندێکی گەورەی ئەمەریکا ئامانجە سیاسی و مەعنەوییەکانی سەردانەکەی مایک پێنس بۆ «ڕۆژنامەی خەبات» شرۆڤە دەکات

ستیڤن مانسفیلد: لەمەودوا ئەمەریکییەکان لە هەولێرەوە بەدوای چارەسەری کێشەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەگەڕێن

ئەم سەردانەی پێنس وەک پۆزش هێنانەوەیە بۆ گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

بیرمەندێکی گەورە و ناسراوی ئەمەریکا لە شرۆڤەیەکیدا بۆ سەردانەکەی ئەم دواییەی مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا بۆ هەولێر و دیداری لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو ئاماژە بە گۆڕینی سیاسەتی ئەمەریکا لەهەمبەر هەرچوارپارچەی کوردستان دەکات.

ستیڤن مانسفیلد گەورە بیرمەند و نووسەری ناسراوی ئەمەریکا لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: مایک پێنس جێگری سەرۆکی ئەمەریکا سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکوومەتی هەرێم و گەورە بەرپرسانی هەرێم کۆبۆوە، بەبێ ئەوەی سەردانی بەغدا بکات و لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی عێراقیش کۆنەبۆوە، ئەمەش وەک تەئکیدکردنەوەی جیاوازی سیاسەتی ئەمەریکا لە بەرامبەر هەرێمی کوردستان و ناوەڕاست و باشووری عێراق دێت و مایک پێنس وێستی بە سەرکردە عێراقییەکان بڵێت ئەو خۆپیشاندانانەی لە بەغدا و شارەکانی دیکەی باشووری عێراق دەکرێت دژی دەستوەردانی ئێرانە لەم وڵاتە پێش ئەوەی بۆ بژێوی ژیان و خزمەتگوزاریەکان بێت و دەبێ ڕێز لەو دەنگانەی شەقام و داوای خۆپیشاندەران بگرن.

لە بەشێکی تری لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات ستیڤن مانسفیلد گوتی: هاتنی مایک پێنس بۆ کوردستان لەهەمان کاتیشدا ئەوە دەگەیەنێت کە لەمەودوا ئەمەریکییەکان لە هەولێرەوە بەدوای چارەسەری کێشەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دەگەڕێت و وەک پۆزش هێنانەوەشە بۆ گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان.

شایانی باسە ستیڤن مانسفیلد چەند جارێک سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و کتێبی (موعجیزەی کورد)ی بەچاپ گەیاندووە کە باسی تایبەتمەندی خەڵکی کوردستان و بەشێک لە چیرۆکەکانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان دەکات، هەروەها لەسەر چەند سەرۆکێکی ئەمەریکا کتێبی نووسیوە و کەسایەتییەکی مەسیحی میانڕۆیە و چەندین دۆستی لە کوردستان هەیە.



پیران ئەمیر

قۆناغێکی نوێتر

بەڕای زۆربەی چاودێران و سیاسەتوانان، دواڕۆژی کوردستان لە دوای رووداوەکانی ئۆکتۆبەری دوو ساڵ پێش ئێستا بەرەو تاریکی دەڕۆیشت و ئیتر هەرێمی کوردستان تەنیا لە یادەوەریدا دەمایەوە، بەڵام کاریزمایی و لێهاتوویی و دونیابینیی فراوانی نێچیرڤان بارزانی هەموو ئەگەری چاوێران و سیاسییەکان و نەیارانی پێچەوانە کردەوە و کوردستانی لە سەردەمی ئابلۆقەدانەوە گواستەوە بۆ قۆناغی کرانەوە بەڕووی جیهاندا و گواستنەوەی گۆشەی بینینی چاوی جیهان بۆ هەولێر کە لەو قۆناغەدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ئابلۆقەکانی شکاند و پەیوەندییەکانی فراوان کرد و هیوایەکی نوێی بە کوردستانیان بەخشی، لەسەر ئاستێ ژیانی تاکیش ئابووریی کوردستانی بەهێزکردەوە و سیستەمی نیوە مووچە و سێ مانگە مووچە کۆتاییهات، بەجۆرێک هەموو فەرمانبەران بە سی ڕۆژی مانگێک مافی خۆیان وەردەگرن.

ئێستا قۆناغێکی نوێتر هاتووەتە پێشەوە و هەر لەسەردەستی نێچیرڤان بارزانی، بەڵام ئەمجارە وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان بارەگای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی کردووەتە قیبلەی کۆکەرەوەی هەموو دەنگ و ڕەنگەکان و یار و نەیار لە دەوری یەک مێزی گفتوگۆ کۆکردووەتەوە و سەنگ و قورسایی هەرێمی کوردستانی نیشانی دەرەوە داوە. ئەمجۆرە سیاسەتە سەرکەوتووەی سەرۆکی هەرێم بووە بە جێگای تێڕامانی سیاسییە جیهانییەکان و پێشوازیی گەرمی لێکراوە و قورسایی سیاسیی بۆ کوردستان دروستکردووە، هەر ئەم قورساییە سیاسییە لە داهاتوویەکی نزیکدا فراوانبوونی جوگرافیاشی بەدواداتێت بە گەڕانەوەی کورد و پێشمەرگە بۆ کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم نزیکە.

بێگومان هاتنی ڕاستەوخۆی مایک پێنس بۆ هەرێمی کوردستان دەلالەتە لە پێشکەوتن و فراوانبوونی دیپلۆماسییەتی هەرێمی کوردستان و قورسایی هەولێر لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان دەردەخات، بە تایبەت کە پێنس سەردانەکەی لە کوردستانەوە بۆ بەغدا دریژ کردەوە و لەوێ هیچکام لە سەرکردەکانی عێراقی نەبینیوە وەک ئەوەی لە کوردستان لەگەڵ سەرۆکی هەرێم ئەنجامیدا و سوپاس و ڕێز و پێزانینی سەرۆکی ئەمەریکای بە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی گەیاند، ئەمەریکاش لە سەنگ و قورسایی و پێگەی کورد و سەرکردایەتییەکەی لە ناوچەکە تێدەگات و نیگەرانییەکانی بەهەند وەردەگرێت و خوازیاری پەیوەندیی باشی هاوپەیمانانەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی.

وەک هەموومان بینیمان پێنس وەک جێگری سەرۆکی وڵاتی زلهێزی جیهان شانازی بە سەردانەکەی بۆ هەولێر کرد و سوپاسگوزاریی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی بوو و هەروەها سلاو و ڕێزی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشی پێگەیاند. بێگومان ئەم سەردان و وتانەی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا کاردانەوەی ناوخۆیی و عێراقی و نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت و سیاسییە فاشیلەکانی بەغدا هەراسان دەکات، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە عێراقی دوای داعش هیچ پێگەیەکی بۆ ئەوانە تێدا نییە کە بوونە هۆی پەرەسەندن و فراوانبوونی قەڵەمڕەوەکەی، بۆیە هاوڵاتییانی کوردستان بەدڵنیایی تەواوەتییەوە گەشبینن بە ئایندەیان و چاوەڕێی سەرکەوتنی زیاتر لە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان دەکەن.

پەرلەمانی کوردستان کەمپینێکی هاوکاری بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاند

هێمن هەورامی: هەرچیتان لە دەست دێت لە کۆمەک و پشتیوانی بۆ کەمپەکانی ئاوارەو پەنابەرانی بنێرن

لیزا کاکەیی: دەمانەوێ بە خوشک و برایانی ڕۆژئاوامان بڵێین هەرێمی کوردستان ماڵی خۆتانە



جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە پرێس کۆنفرانسێکدا ئاشکرای کرد پەرلەمانی کوردستان کەمپینێکی بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی و هاوکاری بۆ ئاوارەکانی ڕۆژئاوای کوردستان ڕاگەیاندووە.

بەمەبەستی جێبەجێکردنی خاڵی هەشتەمی ڕاسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەدۆخی ڕۆژئاوای کوردستان، دوێنێ یەکشەمە 2019/11/24 هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی منی نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان و سەرۆک و نوێنەرانی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و لیژنەی سەرپەرشتیاری کەمپەکانی و سەرۆک و جێگری سەرۆکی دیوانی پەرلەمان، لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا لە تەلاری پەرلەمان دەستپێکردنی هەڵمەتی نیشتیمانیی پەرلەمانی کوردستانی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و پشتیوانی بۆ خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان ئەوانەی کە بەهۆی دۆخی نەخوازراوی پەلامارە سەربازی سەر ناوچەکانیان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە ڕاگەیاند.

هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە بەناوی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و لیژنەی سەرپەرشتیاری کەمپەینەکە دەستپێکردنی هەڵمەتەکەی ڕاگەیاندو ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان ئەمڕۆ لێرە ئامادەن بۆ جێبەجێکردنی خاڵی هەشتەمی ڕاسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەو 12 ڕاسپاردەیەی کە لە دانیشتنی 2019/10/15 لە پەرلەمانی کوردستان بەتێکڕای دەنگی تەواوی پەرلەمانتارانی کوردستان پەسندکران، کە بریتییە لەوەی پەرلەمانی کوردستان هەڵمەتێکی نیشتیمانی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و پشتیوانی بۆ ئەو خوشک و برایانەی کە لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە بەهۆی دۆخی نەخوازراوی پەلاماری سەربازی بۆ سەر ناوچەکانیان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووەو ڕایگەیاند: وەکو دەستەی سەرۆکایەتی پڕ بەدڵ سوپاسی دەستپێشخەریی پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی سەرجەم فراکسیۆنەکان دەکەین کە وەک ئەرکێکی پەرلەمانی، وەک ئەرکێکی نیشتیمانی، وەک ئەرکێکی مرۆیی ئەم هەڵمەتەیان لەناو تەلاری پەرلەمانی کوردستانەوە ڕاگەیاندووە.

گوتیشی: سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان و سەرجەم فەرمانبەرە بەڕێزەکانی پەرلەمانی کوردستان بەشدارن تیایدا بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و پشتیوانییە مادی بۆ سەرجەم ئەو ئاوارەو پەنابەرانەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان هەن بەگشتی، بەتایبەتی بۆ خوشک و برایانی ئاوارەو پەنابەری ئێمە کە لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە هاتوون، بەپێی دواین ئامار کە لەوەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە ئێمە گەیشتووە ژمارەیان گەیشتۆتە 17000 ئاوارە کە لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە ڕووبان لە هەرێمی کوردستان کردبێت.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەڕێگەی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنانەی کە ئامادەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە بوون داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە هەرکەسەو لەلای خۆیەوە پشتیوان و هاوکارییێت بۆ ئەو هەڵمەتە نیشتیمانییەی پەرلەمانی کوردستان و ڕاشیگەیاند: بتوانن لە ڕێگەی تەواوی ئەو ڕێکخراوە خێرخوازییە ناوخۆیی و دەرەکییانەی کە هەن هەرچیتان لە دەست دێت لە کۆمەک و پشتیوانی بۆ کەمپەکانی ئاوارەو پەنابەرانی بنێرن بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە نیشتیمانی و ئەخلاقییەی کە هەیە.

پاشان لیزا فەلەکەدین کاکەیی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بەناوی لیژنەی سەرپەرشتیاری کەمپەینەکە وردەکاریی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکەو ئیدارەدانی و کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکارییەکان و گەیاندنیان بەشوێنی مەبەست بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن خستەڕوو و ڕایگەیاند: لەژێر ڕۆشنایی ڕاسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان ئێمە ژمارەیەک پەرلەمانتار کەمپەینەکەی سێ ڕۆژە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و پاڵپشتی بۆ پەنابەرانی ڕۆژئاوا ڕادەگەیەنین و ئەم کەمپەینە لە پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە دەچێت و کارمەندانی پەرلەمانیش بەشدار دەبن لەگەڵماندا.

مافەکانی مرۆڤ: لە بەسرە و زیقار شەش خۆپێشاندەر کوژراون

عێراق.. خۆپیشاندەران ئامادەکاری بۆ خۆپیشاندانی ملیۆنی و مانگرتنی گشتی دەکەن



دوێنێ یەکشەممە خۆپیشاندەران چەند پردێک و ڕێگایەکیان لە باشووری عێراق داخست و، هەندێکی دیکەشیان خێوەتگایان لەبەردەم کێڵگە نەوتییەکان داکوتا وەک خۆ ئامادەکردنێک بۆ داخستنیان، ئەم هەنگاوەنەش بۆ جێبەجێکردنی ئەو بانگەوازە دێت کە چالاکوانانی عێراقی و ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکان ڕایانگەیاند بۆ مانگرتنی گشتی و، ئەنجامدانی خۆپیشاندانی ملیۆنی. هەر دوێنێ جموجوولێ هاتوچۆ لە سێ پردی سەرەکی لە پارێزگای زیقاری باشووری عێراق ڕاوەستا و لە شاری نەجەفیش خۆپیشاندەران چەند پرد و ڕێگایەکیان داخست.

کوژران و بریندارببوونی 37 خۆپیشاندەر لە ناسریە

لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەیەکی پزیشکی ڕایگەیاند کە بەهۆی پێکدادانی نێوان هێزە ئەمنییەکان و خۆپیشاندەران لە شاری ناسریە ناوەندی پارێزگای زیقار باشووری عێراق، دوو خۆپیشاندەر کوژراون و 35ی دیکەش بریندارببوون. هەر دوێنێ ئاژانسە کانی هەواڵ ڕایانگەیاند کە بەردەبانی دوێنێ یەکشەمە، سەدان خۆپیشاندەر هەوڵیاندا لە پردی زەیتون ناوەڕاستی شاری ناسریە نزیکببنەوە، بەڵام لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بە گازی فرمێسکڕێژ و گوللەی ڕاستەقینە بلاوەیان پێکرا کە بەهۆیەوە پێکدادان لەنێوان هەردوولادا ڕوویداوە. هەروەها سەرچاوەیەک لە فەرمانگەی تەندروستی زیقار ڕایگەیاند کە بەهۆی پێکدادانەکەوە تا ئێستا، دوو خۆپیشاندەر کوژراون و 35ی دیکەش بریندارببوون. پێشتریش سەرچاوەیەکی پزیشکی ڕایگەیاندبوو کە بەهۆی هەوڵی هێزە ئەمنییەکان بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران لە ناوەڕاستی شاری ناسریە ناوەندی پارێزگای زیقار، 15 خۆپیشاندەر بریندارببوون.

دیوانی وەقفی شیعە لە ناسریە سووتێنرا

هەروەها بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی ڕۆیتەرزیش، شەوی یەکشەمە، هێزە ئەمنییەکانی عێراق تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە لە شاری ناسریەی باشووری عێراق، بەو هۆیەشەوە سێ کەس کوژران و زیاتر لە 50 کەسی دیکەش بریندارببوون. سەرچاوەکانی پۆلیس و زانیارییەکانی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شاری ناسریە بە ڕۆیتەرزیان ڕاگەیاندووە درەنگانی شەوی ڕابردوو لە سێ پردی سەرەکی لە شارەکە خۆپیشاندەران کۆببوونەوە و لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە تەقەیان لێکراوە و گازی فرمێسکڕێژیان لە دژی خۆپیشاندەران بەکارهێنابوو و بەو هۆیەشەوە سێ کەس کوژران و 50 کەسی دیکەش بریندارببوون. هاوکات دوای کوژران و بریندارانی خۆپیشاندەرانی شەوی ڕابردووی شاری ناسریە، دیوانی وەقفی شیعە لە شارەکە لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە سوتێنراوە و خۆپیشاندەرانیش بەردەوامن لە دەربڕینی نارەزایی خۆیان بەرامبەر بە حکوومەتی عێراق. لەلایەکی دیکەشەوە لە ئوم قەسر دوو خۆپیشاندەر کوژران و 90ی دیکەش بریندارببوون. سەرچاوەیەک لە پارێزگای بەسرە بە میدیاکانی عێراقی ڕاگەیاندووە، خۆپیشاندان لە شارۆچکەی ئوم قەسر لە سنووری پارێزگای بەسرە بەردەوامە. ئاماژەی بەوەشداوە، لە ئەنجامی خۆپیشاندانەکە تاوەکو ئێستا 2 خۆپیشاندەر کوژران و 90ی دیکەش بریندارببوون کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی عێراق ڕایدەگەیێنێت، لە پێکدادانەکانی ئەمڕۆ یەکشەمەدا لە پارێزگاکانی بەسرە و زیقار شەش خۆپیشاندەر کوژراون و 158ی دیکە بریندارببوون.

هەر دوێنێش کۆمیسیۆنی باڵای مافەکانی مرۆڤی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، سێ خۆپیشاندەر لە پارێزگای بەسرە/ ئوم قەسر کوژراون و 87ی دیکە بریندارببوونە و شەش خۆپیشاندەریش لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون. هەروەها لە پارێزگای زیقار لە بەردەم پردی زەیتوون و نەسر لەناوەندی پارێزگای زیقار سێ خۆپیشاندەر کوژراون و 71ی دیکە بریندارببوونە و پێنجی دیکە دەستگیرکراون.

پەرلەمانی عێراق لێپرسینەوە لە وەزیری کشتوکاڵ دەکات

بڕیارە ئەنجومەنی نوێنەران لێپرسینەوە لە وەزیری کشتوکاڵی حکوومەتی عێراق بکات و پێشبینی لێسەندنەوەی متمانەشی لێ دەکرێت.

بڕیارە ڕۆژی پێنجشەممە 2019/11/28 پەرلەمانی عێراق کۆببێتەوە و لە دریژەی بانگهێشتکردنی وەزیرەکانی کابینەی عادل عەبدولمەهدی بۆ پەرلەمان، یەکێک لە بەرنامەی کارەکان لێپرسینەوەیە لە وەزیری کشتوکاڵی عێراق. محەمەد ئەمین فارس، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی بە خەباتی ڕاگەیاند: بڕیارە ڕۆژی دووشەممە و سێشەممە و پێنجشەممەی ئەم هەفتەیە پەرلەمانی عێراق کۆببێتەوە و یەکێک لە تەوەرەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان، بانگهێشتی وەزیری کشتوکاڵی حکوومەتی عێراقە لەسەر پێشنیازی ژمارەیەک پەرلەمانتار.

لەبارەی وەرگرتنەوەی متمانە لە وزیری کشتوکاڵ گوتی: دیار نییە متمانەی لێ وەردەگیرێتەوە یان نا و پەیوەستە بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی لەلایەن پەرلەمانتارانەوە لێی دەکرێت کە بخرێتە دەنگدانەوە و پێویستە ڕێژەی یاسای پەرلەمانتاران دەنگ بە لێسەندنەوەی متمانەی پێ بدەن. ئەمە لە کاتێکدایە بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە لێپرسینەوە لە وەزیری پیشەسازی و سەرچاوە کانزاییەکانی عێراق بکرێت.

کوردانی تاراوگە پشتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن

بەهۆی بچڕاندنی هێڵی ئینتەرنێت ئاماری ڕاستەقینەی شەهید و بریندارەکان ڕوون نییە



ساسان دەرویش- هۆڵەندا

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شەپۆلێکی بەهێزی خۆپیشاندانی ڕەوەندی کوردی لە وڵاتانی ئەورووپا لەسەر ئاستی پایتەخت و شارەکان، لە هەر یەکە لە ئەڵمانیا، هۆڵەندا، سویسرا، سوید، دانیمارک و نەرویژ، دەستیپێکرد و دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بەرزکردەوە لە ڕێپێوانی هێمنانەی ڕێڕەوپشتنی خۆپیشاندان بەنێو شەقامەکان و گردبوونەوەکانیان لەبەردەم تەلاری باڵیۆزخانەکانی ئێران لە وڵاتانی جیاواز، بەهەمەهانگی لیژنەی هەڤکاری پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان بەڕێوەچوون، بۆ پشتیوانیکردنی داوا ڕەواکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا، هاوکات ئیدانەی سەرکوتکردنی خەڵک بەدەستی هێزە ئەمنییەکانی ئێران لە دروشمەکانی خۆپیشاندەران بەرز و شەکانەوەی ئالای کوردستان دەگوترانەوە، بەهۆی بچڕاندنی تۆڕی ئینتەرنێت نەزانراوە شەهید و بریندارەکانی شارەکانی کرماشان و جوانڕۆ و سنە و مەریوان و ئیلام و ئورمیە و بۆکان گەیشتووەتە چ ئاستێکی دڕندایەتی و ڕەشبگیریی خەڵکی سڤیل و ڕەوانەکردنیان بۆ زیندانە تاریکەکان. هەموو ئەمانە لە وتارەکانی ئامادەبووان ڕەنگیان دایەوە، پێکەوە جەختیان لەوە کردەوە ڕێککخراوەکانی مافی مرۆڤ بە دەنگ خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بچن کە تا ئێستا لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژمارەیەک کۆژراون و بەسەدان کەسی دیکەش بریندارببوون و بە هەزاران کەسی دیکەش لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستگیرکراون و بارودۆخی شارەکان ناجێگیرە بەهۆی هێز کۆکردنەوەی دەسەڵات بۆ سەرکوتکردنیان.

مەحمود محەمەد خەڵکی مەریوان بە «خەبات»ی ڕاگەیاند: بەهۆی بچڕاندنی تۆڕی ئینتەرنێت بە فەرمانی ناوەندە ئەمنییەکانی ئێران، ئاماری ڕاستەقینە و دروستی شەهید و بریندارەکان دیار نین و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و سەرچاوە خۆجێییەکان دەڵێن ئامارەکان زۆر لەوە زیاترن کە بڵاوکرانەتەوە.

هەروەها فەتاح بۆکانی بۆ خەبات گوتی: ئێمە بە پشتیوانی خوشک و برایانمان لە تاراوگە بەردەوام دەبین و سنوور لە نێوان پارچەکاندا نییە و بەیەکدەنگی و یەکهەڵوێستی پشتیوانی ڕۆژهەڵات دەکەین.

ماجید هەڵەبجەیی بۆ خەبات گوتی: هەموومان قەزای خەڵکی ڕۆژهەڵاتین کە چەند هاوکار و دڵسۆز و پشتیوانی خەڵکی باشوور بوون، کاروان غەفور خەڵکی سلێمانی بە «خەبات»ی گوت: ئەوە خەڵکی ڕۆژهەڵات بوون کە پشتیوانی خۆیان بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دەبڕی و یادیان کردەوە، بۆیە داوا لە نەتەوەیەکگرتوەکان دەکەین پێش بەسەرکوتی گەلی کورد لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێران بگرن.

دایکە حەلیمەی جەرگسووتا و خەڵکی هەولێر بە «خەبات»ی گوت: بەم نەخۆشی و ئیفلیجییەمەوە هاتووم دەنگی خۆم بخەمە پاڵ هەموو خوشک و براکانم لە هەموو پارچەکانی کوردستان کە بەدروشمی ڕۆژهەڵات لە نێودڵمانە بۆ پشتیوانیکردن کۆبوونەتەوە ئیدانەی کورد کوشتن بکەم.

فەرەنسا.. خۆپیشاندانەکانی ئیلەگ زەردەکان لە هەفتەی 54ەمینیدا

ئیلەگ زەردەکانی فەرەنسا دژبە حکوومەتەکەی سەرکۆمار، ئیمانوێل ماکرۆن جارێکی دیکە ڕژانە سەر شەقامەکان. چالاکییەکانی ئیلەگ زەردەکان کە سەرەتا وەک ناڕەزایەتی دەربڕین دژبە بەرزکردنەوەی نرخی سووتەمەنی و سەختی هەلومەرجی ئابووری دەستیپێکرد، گۆڕدرا بۆ دژایەتیکردنی حکوومەت، پێی ناوەتە 54ەمین هەفتە. خۆپیشاندەران لە گۆڕەپانی ئیستیەننید ئۆرفێس لە پاریس تاکو گۆڕەپانی ئێبۆوە ڕێگەیان پێبوا. لەو خۆپیشاندانەی لە ڤالینسیانیش ئەنجامدرا پشتیوانی لەو خۆپیشاندەرە کرا کە هەفتەی ڕابردوو بەهۆی بەکارهێنانی چەک لەلایەن پۆلیسەوە لە پاریس چاوی کوێر بوو. پۆلیس خۆپیشاندانی لە دەوروبەری شەقامی کامپس ئەلیزێ، کاتدرائییەی نۆتردام، ئەنجوومەنی نیشتمانی و کۆشکی ئەلیزێ قەدەغە کرد کە ژمارەیەک لە ناوچە سیمبولییەکانی پاریسن. لە خۆپیشاندانی هەفتەی ڕابردوودا گرژی لە نێوان ئیلەگ زەردەکان و پۆلیس ڕوویدا. خۆپیشاندەران زبڵدان، ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبێل و ماتۆرسکیلیان سووتاند و شووشەی زۆرێک لە بانکەکانیان شکاند، هەروەها ڕێگەیان لە کارکردنی تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە کرد. پۆلیسیش بە بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بووەوە. لە بەرامبەر کوێربوونی چاوی خۆپیشاندەرێکیشەوە بەهۆی بەکارهێنانی چەک لەلایەن پۆلیسەوە، سەرۆکایەتی داواکاری گشتیی پاریس دەستی بە لێکۆڵینەوە کرد.

جێی باسە لە خۆپیشاندانەکاندا 11 کەس گیانیان لەدەستداوە، زیاتر لە چوار هەزار و 250 کەس بریندارببوون، زیاتر لە12 هەزار و 361 کەس دەستگیرکراون و سێ هەزار و 163 کەسی دیکەیش سزای زیندانیکردنیان بۆ بڕاوەتەوە.



فەرماندەیەکی باڵای سەربازیی بە پارێزگاری نەینەوا هەڵبژێردرا

ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، بە زۆرینەی دەنگ فەرماندەی پێشووی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا، فەریق ڕوکن نەجم جبووری بە پارێزگاری نوێ هەڵبژارد. دوێنێ یەکشەممە 2019/11/24 ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا کۆبووە و لە میانیدا لە کۆی 39 ئەندام بە دەنگی 23 ئەندام، فەریق ڕوکن نەجم جبووری بە پارێزگاری نوێی نەینەوا هەڵبژاردرا. ئاماژە بەوە دەکرێت کە کۆبوونەوەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا نائاسایی بووە بەو پێیەی تەنها تایبەت بووە بە هەڵبژاردنی پارێزگاری نوێی نەینەوا. جێی باسە لە 19ی ئەم مانگەدا ئەنجوومەنی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بە زۆرینەی دەنگ مەنسور مەرعید-ی لە پۆستی پارێزگار دوورخستبوویەوە.

عێراق..

سزای سێ ساڵ زیندانیکردن بۆ ئەمینداری پێشووی بەغدا

فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان سەربە دەستەی دەستپاکی گشتی عێراق ڕایگەیاند کە دادگای تاوانەکانی ڕەسافە، بە تاوانی زیانگەیاندن بە دارایی گشتی سزای سێ ساڵ زیندانیکردن بۆ ئەمینداری پێشووی بەغدا دەرکردووە.

لە ڕاگەیەندراوێکی فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکانی سەربە دەستەی دەستپاکی گشتییدا هاتووە: تاوانبار ئەو گرێبەستەی جێبەجێنەکردووە کە لەگەڵ یەکێک لە کۆمپانیاکانی تایبەت بە کەرتی پاککردنەوە لە فەرمانگەی شارەوانییەکانی ڕەسافە واژووی کردبوو، بۆیە لە بەرامبەردا کۆمپانیاکە سکاڵای لەسەر ئەمنیدارێتی گشتی بەغدا تۆمارکرد بەهۆی پابەندی جێبەجێکردنی گرێبەستەکە نەبووە کە بەهۆیەوە زیان بە دارایی گشتی کەوتووە. هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەدراوە کە دادگای تاوانەکانی ڕەسافە پشتبەستن بە مادەی 331 لە یاسای سزاکانی عێراق بە تاوانی زیان گەیاندن بە دارایی گشتی، سزای سێ ساڵ زیندانیکردنی بۆ ئەمینداری پێشووی بەغدا دەرکردووە.

تانەکان لەسەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق یەکلا نەکراونەتەوە

ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، ئەو تانانەی کەلە دادگای فیدراڵی لەسەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دراون، یەکلا نەکراونەتەوە. لە چەند هەفتەی ڕابردوودا وەک یەکێک لە داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی بەغدا و شارەکانی باشووری عێراق، لەدژی گەندەڵی و گۆڕانکاری لە حکوومەتدا، پەرلەمانی عێراق بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگا و قەزاکانی عێراقی دا و پاشان زۆرینەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، تانەیان لەو بڕیارەی پەرلەمانی عێراق لە دادگای فیدراڵی عێراق دا.

لەم بارەیەوە، جوان حەسەن، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: ئەو تانانەی کە دراون لە دادگای فیدراڵی لەسەر بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان یەکلا نەکراونەتەوە، بۆیە ئێمەش ئێستا دەوام ناکەین، چونکە بڕیارەکەی پەرلەمان وایە کە لەو کاتەوەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان دراوە، لەو کاتەوە جێبەجێ بکرێت. گوتیشی: ئەگەریش دەوام بکەین ناتوانین هیچ مامەڵەیەک ڕایی بکەین، بۆیە چاوەڕێی وەڵامی تانەکەمانین لە دادگا.

دادگای فیدراڵی عێراق:

بە یاسای تیرۆر مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەران ناکەین

دادگای تەمییزی فیدراڵی بڕیاریدا، ئەو کردانەی کە پێچەوانەی یاسان و لە لایەن کەسانێکی هەژمارکراو لەسەر خۆپیشاندەران، ئەنجامدراون. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە بڕیارەکەی دەستەی سزادان لە دادگای تەمییزی فیدراڵی تیشک خراوەتەسەر ئەوەی ئەو کردانەی کە پێچەوانەی یاسان و لە لایەن کەسانێکی هەژمارکراو لەسەر خۆپیشاندەران، ئەنجامدراون و بەپێی تاوانی ئاسایین و بەپێی ژمارە 111 لە یاسای سزاکانی عێراق بۆ ساڵی 1969 ئەنجامدەرانی ئەو کردانە سزا دەدرێن. هەر لە ڕاگەیەندراوەکە ئەوەش ڕوونکراوەتەوە، ئەنجامدەری هەر تاوانێک لە چوارچێوەی مادەی یەک لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر بۆ ساڵی 2005 سزا نادرێت، بەڵکو بەپێی ڕەوش و بەڵگەکان سزاکان دیاری دەکرێن.



فەرحان جەوهەر

لە ناو ئەم ئاگربارانە کورد چی بکات؟

وەکو دیارە ناوچەکە ئەم جارەش ژانی لەدایکبوونی بارودۆخێکی نوێی گرتووە، بەڵام پێناچێت ئەمجارەش لە بەرژەوەندی کورد بشکێتەوە، ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراقدا دەگوزەرێ و بەپێی دروشمەکانی خەڵکە ناڕازییەکەی بەغدا و باشووریش دیارە تێگەیشتنێکی باشیان بۆ مەسەلەی کورد لە عێراقدا نییە، نەک هەر ئەمە بەڵکو گەلێکیان هەرێمی کوردستان بەزیادەو سەرچاوەی نەهامەتیەکانی خۆیان دەزانن، بۆیە پێموایە بەسەرکەوتنی ئەمانە کێشەکانی ئێمە لەگەڵ بەغدا قوڵتر دەبنەوە، جگەلەمەش بەسەرکەوتنیان بەسەر ئەو چینە سیاسییەی ئێستای حوکمڕان، عێراق نابێتە وڵاتێکی دیموکراتی و مەدەنی، ئەو دروشمانەی ڕۆژانە خەڵکە ڕاپەڕیوەکەی دەڵێنەوەو گوێمان لێ دەبێ هەر هەمان کولتوور و ئاوازی پێشووە بە گۆڕانێکی کەم و ناچارییەوە، وەک بروح و بددەمی سەردەمی بەعسییەکان هەر بەردەوامەو تەنها ناوی سەددامیان لێ کردۆتەوە، ئەمەشیان ڕەنگە هەر لە ترسان بێ، بۆیە بەم کولتوورە دەوڵەتی مەدەنی دانامەزرێ و هیچ ماف و ئازادیەکیش لە ڕێی خوێنەوە بەدەست ناهێت، ئەوەی بەخوێن بەدەست بهێنی هەر بەخوێنیش لە دەستی دەدەی ئەمڕۆنا سبەی، لەگەڵ ئەوەشدا مافی خەڵکە خەبات بکەن بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادیەکانیان، ئەو شۆڕشەی عێراق یەک شتی گرنگی سەلماند ئەویش ئەوەیە پڕۆسەی سیاسی لە عێراق کە خۆی لە حکوومەت و پەرلەماندا دەنوێنێت، هیچ تروسکایەکی دیموکراتی تێدا نییەو پێناچێت ئەمانە بەهەڵبژاردنی دەنگی خەڵک هاتبن، چونکە هەر وڵاتێک پەرلەمانی هەڵبژێردراوی هەبێ نابێ بەم شێوازە مامەڵە لەگەڵ ناڕەزایەتیەکانی خەڵک بکات، ئەگەر ڕاست بێ ئەوان نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵک بن پێویست بوو دوای نەگەیشتنە چارەسەر یەکسەر خۆیان هەڵبوەشێندبایەوەو داوای هەڵبژاردنی پێشوەختەیان بکردایەو خەڵکیان نقومی گۆمی خوێن نەکردبایە، لە بەریتانیا لەماوەی ئەم خولەی پەرلەماندا ئەمە سێیەم جارە هەڵبژاردنی تێدا بکرێ، هەر حکوومەت و پەرلەمانێک نەیانتوانی لەگەڵ خەڵکی ناڕازی بگەنە ئەنجامێک خۆیان حەل دەکەن و وڵات دووچاری گێژاوی نادیار ناکەن. ئەوەی کورد پێویستە چی بکات لە عێراق، ئەوەیە نابێ وا تێبگا بە دوورەپەرێزی و بێ لایەنی لە کێشەکانی عێراق دەتوانێ خۆی لە کێشەکان ڕزگار بکات، بەپێچەوانەوە هەموو کێشەکانی عێراق دواجار زیانیان بۆ ئێمە هەیە، مادام ئێمە بەشێکین لە عێراق پێویستە ڕۆڵی گرنگیش لە عێراق ببینین، هەرچەندە تاکو ئێستا هەڵوێستی سیاسی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی ئیجابیانەی هەیەو توانیویەتی تا ڕادەیەکیی باش هاوسەنگی لەنێوان داخوازیەکانی خۆپیشاندەران و بڕیارەکانی حکوومەت بۆ چاکسازیدا ڕاگرێ. بەشداری نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم لەکۆبوونەوەکانی لایەنە سیاسییەکانی عێراقی و کۆکردنەوەیان بۆ گفتوگۆ لە بارەی چارەسەر بۆ دۆخی ئێستای عێراق هەنگاوی ئێجگار پرپایەخن، هەروەها ناردنی شاندی باڵا لەسەرەتای گرفتەکان لەلایەن سەرۆک بارزانی بۆ بەغداو پێشنیارکردنی کۆمەڵێک چارەسەر بۆ قەیرانەکان زۆر گرنگ بوون، چونکە هەمیشە کۆمەڵێک لە ناوەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراق گلەیی و ڕەخنەی ئەوەیان لە هەرێم و لایەنە سیاسییەکانی هەبوو کە هەمیشە لە دووڕەوە سەیری کێشەکانی عێراق دەکەن، ڕەنگە لەمەشدا تارادەیەک هەق بن، هەرچەندە دۆخی عێراق ئاڵۆزەو چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەگەر نەڵێم ئەستەمە ئەوا زۆر زەحمەتە، بەڵام بە خۆ دوورگرتن و بێ لایەن بوونمان لە کێشەکان چارەسەر نییە.

چارەسەربوونی دۆزی کورد لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان پەیوەستە بە دۆخی هاتنەئارای کەشێکی دیموکراسی بەبێ بوونی ناوەندی دیموکراسی لەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی چارەسەر ئەستەمە، بۆیە بەرلەوەی کورد خەباتی نەتەوەیی بکات، پێویستە لەگەڵ هەموو ئەو هێز و لایەنە دیموکراتی و مەدەنییانەی لەناو ئەو وڵاتانە خەبات بۆ دیموکراتی دەکەن هەماهەنگ و هاو خەبات بن، بۆ سەرکەوتنی هێزە دیموکراتخوازەکان لەو وڵاتانە، چونکە بەدیموکراتی نەبێ هێزە سیاسییەکانی نەتەوەی تورک و فارس و عەرەب چ حزبە ئایینییەکانیان یان نەتەوەییەکانیان مافەکانی گەلی کورد ناسەلێنن.

بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ شاندێکی پارتی گەشەپێدانی تورکمان کۆبۆوە



دوێنێ عەلی حسین بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبونی بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانییەکان و ئەندامانی مەکتەب پێشوازی لە مەحمەد ئیلخانی سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمانی و ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی گەشەپێدان کرد.

لە دیدارێکدا، تەئکید لە پاراستنی یەکڕیزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی لە مێژینەی نەتەوەی کوردو تورکمان لە پێناو خزمەت کردن بەئەزموونی دیموکراسی و خەڵکی کوردستان کرایەوە، هەروەها بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و دواینێ گۆڕانکاری و پێشهاتە تازەکان و هەماهەنگییەکان لە هەمبەر هەموو ئەو ئەگەرانەی لەئایندە دێنە پێشەوە لەپێناو خزمەت کردن بە بەرژەوەندییەکانی وڵات خرایەڕوو، پاشان مەحمەد ئیلخانی سەرۆکی پارتی گەشەپێدانی تورکمان کە هاوکات ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە رایگەیاند خۆشحاڵ و هەماهەنگین بەو پاڵپشتی و هەنگاوانەی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە پێناو خزمەت کردن بەپێکهاتەکان پێشکەشی دەکات، هاوکات تەئکیدی کردەوە لەگەڵ لیستە کوردستانیەکان لەپەرلەمانی کوردستان هەماهەنگین وەکو پێکهاتەکان پێکەوە خزمەت بەئەزمونی دیموکراسی و برایەتی و یەکریزی گەلەکەمان بکەین، لەلایەن خۆیەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی رۆلی پارتی گەشەپێدانی تورکمان و تەواوی پارت و لایەنە تورکمانیەکانی لە هاوکێشە سیاسیەکان وهەلوێسیان بەرامبەر پرسە سیاسی و نیشتمانیەکان و تەواوی هەنگاوەکانی تریانی بەبەرزی هەلسەندگاند.

د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی حکومەتی کوردستان، بەئامادەبوونی چەندین کەسایەتی ئایینی سیاسی و ئەکادیمی نێودەوڵەتی، بەشداری لەدیداری برایەتی و مرۆڤایەتی کۆماندەکاتەوە لە شاری ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج کرد کە رابیتەی جیهانی ئیسلامی سەرپەرشتی دیدارەکە دەکات.

بۆ ئەم مەبەستە وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی کوردستان وتارێکی گرینگی بۆ بەشداران و ئامادەبووان پێشکەش کرد تیایدا بە بەوردی باسی لە رۆڵ و ئەزموونی هەرێمی کوردستان کرد لە بەدیهێنانی ئاشتی و تەبایی نێوان پێکهاتەکان،

وێڕای تواناى هێزى پێشمەرگەی کوردستان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرستان خستەڕوو کە بە بێ جیاوازی بەرگریکردن لە سەرجەم پێکهاتەکاندا.

دواتر رووناکی خستە سەر پێکهاتە ئایینیەکانی کوردستان رۆڵی حکومەتی کوردستان لەخزمەتکردنی هەمەلایەنە بەبێ جیاوازی ئامارۆدان بە ستراتیژیەتی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەم کەئامانجی سەرەکی بردەوانە بە پێکەوەژیان و گیانی پێکەوەیی.

سەرەرای دەرچووانی یاسایی ژمارە 5ی ساڵی 2015ی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە پێکهاتەئایینیەکانی کوردستان کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پێکەوەژیانی ئایینەکان کە سەرپەرشتی چالاکیەکانی هەموو ئایینەکان دەکات

هەروەها خزمەتکردنی ئاوارەو کۆچبەران بەتایبەتی خوشک و برایانی ئێزدی و کریستیانەکان، هەموو پێکهاتەکان کەرووبان لەهەرێم کردوە، بەدەر لەوەش کوردستان لانەی خوشک و برایانی نەتەوەی عەرەبە کەلەناوەراست و باشووری عێراق بەهۆی جەنگە جیاوازەکانەوە رووبان لەهەرێمی کوردستان کردوە،

هەموو کۆچ بەرانیش خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردەیان بۆ دابین کراوە.وەزیری ئەوقاف لەدرێژەی وتەکەیدا رایگەیاند، کوردستان وڵاتی هەمووانە و بۆتە مەڵبەندی ئاشتی و پێکەوەیی ناوچەکە تابلۆیەکی جوان و درەو شاوەی نیشانی جیهان داوە و بۆتە لانەی لێ قەوماوان.

ئەمە بەشێکە لەکەلتووری کورستان چونکە میژووی خەڵکی کوردستان وابووە کە هەمیشە خانەخوێیەکی بەئەمەک بووە بۆ هەموو ئەوانەی رووبان لێ کردوە.

رێکخەرانی دیدارەکە ئارەزووی خۆیان نیشاندا بۆ ئەمجامدانی دیدارێکی هاوشێوە لەهەرێمی کوردستان. جێگەی ئاماژەیە بۆ بەشداری کردن لە سیمیناری پێکەوە ژیان و برایەتی لەوڵاتی نەرویجەو لەمیانی سەردانەکە چەندین سەردان و دیدار و چاوپکەوتن ئەنجام دەدات.



پارێزگاری هەولێر:

دەبێ تاوەکو مانگی 5ی 2020 هەموو خاوەن موولیدەکان، موولیدەکانیان بکەنە بێدەنگ

پارێزگاری هەولێر بۆ کەمکردنەوەی دەنگی موولیدە ئەهلییەکان و تووندکردنی مەرجەکانی ژینگە لەسەریان هۆشداریان پێدەدات و مۆڵەتی شەش مانگیان بۆ دادەنرێت تاوەکو بڕیارەکانی جێبەجێ بکەن و موولیدەکانیان بکەنە بێدەنگ.

لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا، فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر رایگەیاند: لەگەڵ جێگری پارێزگار، قایمقامی پارێزگا، لێژنەی موولیدە ئەهلییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا، بەڕێوەبەری شارەوانییەکان و هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن بە موولیدەکانەوە، کۆبوونەوەیەکی تایبەتمان کرد لەگەڵ ئەنجوومەنی موولیدە ئەهلییەکانی ئەم بڕیارەمان دەرکرد، دەبێ تاوەکو 5/1 /2020 هەموو خاوەن موولیدەکان، موولیدەکانیان بکەنە بێدەنگ و لە 5-2ـەوە هەر خاوەن موولیدەیەکی بەڕێز موولیدەکەی نەکردبێتە بێدەنگ و مەرجەکانی ژینگە لە دووکەڵ و لەهەو پێداویستییانەی پێویستن بۆ ژینگەیەکی سەلامەت لە سنووری پارێزگای هەولێر ڕەچاوی نەکردبێت و نەیگرتبێتەبەر، ئێمە ڕاستەوخۆ لەدوای 2020/5/2 بە بڕیارێکی پارێزگا موولیدەکەی ڕادەگرین و بانگەوازدەکەین بۆ ئەوەی کەسێکی دیکە بێت و لەشوێنی ئەو موولیدە دابنێت".



کێشەی دانا غاز چارەسەرکراو دۆخی کارەباش ئاسایی بۆوە

هاوبەشانی کارەبا ئاگادار دەکەینەوە هەروەکو چۆن سەرلەبەیانی دوێنێ ڕاستەوخۆ لەکاتی ڕوودانی گرفتە تەکنیکیەکەی کۆمپانیای دانا غازو ڕاوەستانی غاز بۆ وێستگەکانی غازی هەولێر و سلێمانی و بازیان ڕامانگەیاندبوو کە تا 6 کاتژمێری دیکە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان چارەسەری کێشەی کۆمپانیای داناغاز دەکرێت و ڕەوشەکە ئاسایی دەکەینەوە، ئێستاکە کێشەی کۆمپانیای داناغاز لە 90%ی ئاسایی بووەتەوەو بەرهەمی کارەبا گەیشتەوە 2928 میگاوات، ئەمەش دوای ئەوەی وەزارەتی کارەبای هەرێم و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەهەماهەنگی تیمەکانی کۆمپانیای داناغاز توانییان چارەسەری ئەو گرفتە تەکنیکیە بکەن کە بەهۆیەوە پەستانی غاز بۆ وێستگەکانی کارەبای هەولێر و سلێمانی و بازیان ڕاوەستابوو، کە بووە هۆی کەمبوونەوەی 500 میگاوات کارەبای نیشتمانی، لەگەڵ کەوتنەوەی گرفتەکە وەزارەتی کارەبا ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆنترۆڵی ناوەندی هەرێم سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی سیستەم و کۆنترۆڵکردنی کارەبای هەرێم و وێستگەکان کرا و ڕێگا نەدرا کوژانەوەی گشتی ڕووبدات و کێشەکەیان چارەسەرکرد .

لقی 16: هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ زیاتر بەرزکردنەوەی توانای ئافرەتان



بەمەبەستی گرنگیدانی زیاتر بەتوێژی ئافرەتان و بەرزکردنەوەی ئاستی تواناو لێهاتوویان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان ، بەئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و هێمن بایز بەرپرسی لێژنە ناوچەی سەلاحەدین و ژمارەیەک لە ئافرەتانی سنوورەکە لەمەڕاسیمێکی شایستەدا کۆتایی هێنرا بەخولێکی دوورمان کە ئەنجوومەنی ئافرەتانی پیرمام بەهاوکاری ڕێکخراوی هانا بۆ 40ئافرەتی سنوورەکەیان کردبوویەوە .

لەدەسپێکی کۆتایی خولەکەدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر ئامارۆی بەرۆڵی گرنگ و پر بایەخی ئافرەتانی کوردستان کرد کە لەهەموو قۆناغە جیاجیاکاندا لەپاڵ ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی ماڵ بەشداری کارو بەرچاویشیان هەبووە لەخەباتی رزگاری نیشتمانیداو لەدوای ڕاپەڕینیشدا لەتەواوی سێکتەرەکانی حکومڕانیدا خزمەتی گەورەیان بەنیشتمان و نەتەوەکەمان کردووە، بۆیە لەم سۆنگەیەوە بەئەرکی خۆمانی دەزانین هەرچی لەتواناداببێت بیکەین بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئافرەتان و دابینکردنی هەلی کارو کاری سەربەخۆی تایبەت بەخۆیان لەپێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان . لەکۆتایی مەراسیمی خولەکەدا بڕوانامەی دەرچوون و ڕێزلێنان بەخشرایە بەشداربووانی خولەکە ، جێگەی ئاماژە پێدانە خولەکە زیاتر لەدوو هەفتەی خایاندو تیایدا 40 ئافرەتی سنوورەکە بەشداربوون کە ئەنجوومەنی ئافرەتانی پیرمام بەهاوکاری ڕێکخراوی هانا هەڵسابوون بە ئەنجامدانی خولەکە .

بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو سکاڵایانە دەکرێن کە ڕۆژانە ئاراستەی لێژنەکانی قایمقامیەت دەکرێن

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

لێژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر و سەرۆکی لێژنە پشکنین و بەدواداچوون بۆ 17 چێشتخانە و کافتریا و چایخانە و مارکێت و ئارایشتگاوشوێنی دروست کردنی ماست ئەنجام درا بەهۆی ناتەندروستی شوێنەکانیان و پابەندنەبوون بە مەرج و ڕێنماییەکان شوێنێکی دروست کردنی ماست و چێشتخانە و کافتریایەک داخران و ئەو شوێنانەی سەرپێچیان هەبوو تۆمارکران و کاردانەوەی یاسایی بەرانبەر خاوەنەکانیان دەکرێت.

ئامانج لەپشکنین و بەدواداچوونەکانی ئەم لێژنەیە دڵنیابوونە لەجێ بەجێ کردنی مەرج و ڕێنماییەکان، مەبەست لە پشکنین و چاودێری و بەدواداچوونەکانی قایمقامیەتی هەولێر لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی تەندروستی هاووڵاتییانە، هەر شوێنێک پابەندنەبێ بە مەرج وڕێنماییەکان، ڕێکاری یاسایی بەرامبەر خاوەنەکانیان دگیرێتەبەر جگە لە داخستنی شوێنەکانیان دواتر سزای پێبڕاردن لە ملیۆنێک دینار دەست پێدەکات تا پێنج ملیۆن، ئەوەش بەپێ ی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووریە کە ئاراستەی قایمقامیەتی هەولێر کراوە.

هەروەها هاووڵاتییان ئاگادار دەکەینەوە بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو سکاڵایانە دەکرێن، کە ڕۆژانە ئاراستەی لێژنەکانی قایمقامیەتی دەکرێن.

وەزیری پلاندانان بەئەلیکترۆنی کردنی گرێبەستە گشتیەکان ڕۆتین کەم دەکاتەوە

د.دارا ڕەشید وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت بەردەوامین بۆ بەئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی گرێبەستە گشتیەکانی دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم کە لەو ڕێگەیەوە ڕۆتین کەم دەبێتەوە مامەڵەی هاوڵاتیانیش خێراتر دەبێت و یەکسانی لەپێدانی پرۆژەکان جێبەجێ دەکرێت. لەدیدارێک باس لە کارو پرۆژەکانی ئاژانسی کۆیکا کرا لەهەرێمی کوردستان کە ئێستا سەرقاڵی جێبەجێ کردنی ژمارەیەک پرۆژەن بەتایبەت بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی گرێبەستە گشتیەکانی دامەزراوەکانی حکومەت. لەلایەن خۆیەوە وەزیری پلاندانان داوای کرد پەلەبکرێت لەتەواوی کردنی ئەم پرۆژەیە بۆ ئەوەی بتوانرێت لەداهاتوو کاری لەسەر بکرێت و بەشێوەیەک پێدانی پرۆژەکان و ئەنجامدانی گرێبەستەکان بەیەکسانی بچێتە بواری جێبەجێ کردن. بەئەلیکترۆنی کردنی گرێبەستە گشتیەکان ماوەی 4ساڵی بۆ دیاری کراوە کە لەساڵی 2018وە لەلایەن ئاژانسی کۆریکای کۆریەوە جێبەجێ دەکرێت و وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی دەکات هەموو ئەو گرێبەستەوە کە حکومەت و وەزارەت و دامەزراوەکانی حکومەت ئەنجامیدەدەن بەگوێرەی ئەم پرۆژەیەش دەبێت تەواوی گرێبەستەکان بەشێوەیەکی ئۆنلاین و ڕاستەوخۆ پێشکەش بکرێن.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان
بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو تالیب عەلی ئەحمەد

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەوالی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول، تێکۆشەر و کادیری لقی (15)ی پارتیمان هەڤاڵ (تالیب عەلی ئەحمەد)مان بیست.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و تەواوی بنەماڵە کوردپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمتان دەزانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردوویش بەبەهەشتی بەرین شاد بکات..

انا لله وانا الیه راجعون
مەکتەبی سیاسی

***

بۆکاک بەسام عەلی بەرپرسی لقی 12

بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەوالی کۆچی دوایی خاڵتان کاک عەلی ڕەوف ـ مان بیست.

لەم بۆنە خەمناکەدا پرسە و سەرەخۆشی خۆمان بە بەڕێزتان و بە خوشکە سوعاد دەگەیەنین و لەخودای گەورە داواکارین ئەمە دواخەمتان بێت و خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

براتان/سەلام عەبدوڵلا

***

بەڕێز خانەوادەی هەڤاڵ ڕەفعەت سەعید

بەداخ و پەژارەیەکەوە، هەوالی کۆچی دوایی پێشمەرگەو ڕاگەیاندنکار (ڕەفعەت سەعید)مان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە بەناوی سەرنووسەرو ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان سەرەخۆشیتان لێ دەکەین و لە خوای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی شاد بکات و سەبووریتان پێ ببەخشێت و دوانا ناخۆشیتان بێت.

انا لله وانا الیه راجعون
(خەبات)

خۆراکی ماوەبەسەرچوو هەڕەشە لە بازاڕەکانی کوردستان دەکات

ئاسایشی خۆراک هاوشانی ئاسایشی نەتەوەیی گرنگیی هەیە



ڕاپۆرت ـ پەریهان عومەر

لەبازاڕەکانی کوردستان کەلوپەلی خۆراکی بەسەرچوو هەیە و زۆر جار دەستبەسەر کۆگاکاندا دەگیرێت، ئایا پێتوایە هۆشیارییەک لای هاوواڵتیان پەیدابووبێت کە خۆیان لە خۆراکی ماوە بەسەرچوو بەدووربگرن؟ دەبێت هاوواڵتیان بە هۆشیاریەوە لەوە ئاگادارین کاتێ دەیانەوێ خۆراک و پێداویستی بکڕن بزانن ماوەکەی چەندی ماوە تابەسەر بچێت، لێرەدا بەپێویستمان زانی ڕای چەند کەسێک لە چین و تۆڕە جیاجیاکان وەربگرین.

مامۆستا "دەریا بابان " لەم بارەیەوە دەڵێت: کەلوپەلی ماوە بەسەر چوو زیانی مادی و جەستەیی هەیە، هەمیشە، تاوەکو ئیستا لە وڵاتانی دراوسێوە بە شیوازی جۆراوجۆر کاڵاکانیان لە هەرێمی کوردستان و عێراق ساغدەکەنەوە. بۆ دەرباز بوون لەم کێشەیە دوو ڕێگا هەیە یەکەم: زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆیی لەژێر چاودێری و پشتگیریکردنی حکوومەت. دووەم: سزاو پاداشت هەبێت بەبێ جیاوازی بۆ کەسانی بەرهەمهێن.

"شیرین گەردی" قوتابی زانکۆ دەڵێت: دوو لایانەیە، هەم هاوواڵتیان تائێستا ئەو هۆشیاریەیان لاوازە کە دەچینە هەر مارکێت یان کۆگایەک بۆ کڕینی پێداویستیەکان، بەر لەکڕینی خۆراک و کەرەستەی پێویست سەیری بەرێکەوتی خۆراکەکە ناکەن بۆئەوەی دڵنیابنەوە لە تێکنەچوون و بەسەر نەچوونی ئەو خۆراکانەی کەپێویستە بیکڕێت، بۆیە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە کە ڕێووشوێنی توند بگرنەبەر بۆ ئەو کەسانەی کە خۆراکی ماوە بەسەر چوو لەسەر ڕەفەکان یان کۆگاکانیان دەهێڵنەوە، چونکە ئەوە کاریگەریان هەیە لەسەر تەندروستی کۆمەڵگا.

ئێمە هەمیشە باسی ئاسایشی نەتەوەیی دەکەین، بەڵام ئاسایشی خۆراک گرنگی زۆری هەیە، ئەگەر هاوواڵتی تەندروست نەبێت هیچ جیاوازی نیە لەگەل جەنگ، واتا لە کاتی بوونی جەنگ هاوواڵتی دەکوژرێت و کەمئەندام دەبێت لە کاتی پەیوەستە بەتەندروستی خەڵکەوە.

"ئاشنا بابان" مامۆستای زانستە سیاسیەکان دەڵێت: خۆراکی بەسەرچوو کێشە و گرفتی تەندروستی بۆ هاوواڵتیان دروستدەکات و تا چ ئاستێک هاوواڵتیان وشیارن و زانیاریان هەیە لەسەر میژووی بەسەرچوونی ئەو خۆراکانەی کە ڕۆژانە دەخرێنە ناو بازاڕەکانەوە و نەبوونی ئاسایشی خۆراکیش بەهەمان شێوە هاوواڵتیان زیانمەندی یەکەمن و بە هیواشی دەبنە قوربانی، بە شێوازی خراپتر لە نەخۆشیە ترسناک و نەخۆشیە دریژخایەنەکان.

لێرەوە ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە یەکێک لە کارە گرنگەکانی حکوومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و تەندروستی، ئەوەیە پێویستە گرنگیەکی تایبەت بدرێت بەو خوراکانەی کە لەناو بازاڕەکاندا بوونیان هەیە، دەبێ هاوواڵتیان ڕۆژانە وردبینی لە مێژووی بەسەرچوون و جۆری خوراک و شوێن و کارگەی وەبەرهێنانی لێدروستدەکرێت هۆشیاریان هەبێت، پێیوستە کوالیتی کونترۆڵ و کوالیتی یەکسانی نرخی بازاڕەکان بێجیاوازی بێت، گرنگی بە کوالیتی خۆراک و میژوی بەسەر چوونی بدرێت و هەوڵبدرێت کە حکوومەت هاوکاری و هاندانی جوتیاران بکات و کارئاسانی گواستنەوە و دابینکردنی (کەلوپەل و پێداویستیەکانی کشتوکاڵی و وەبەرهێنانی خۆراکی سرووشتی و وردبینی و بەدواداچوون و لێپێچینەوە بەردوامبکرێت.

لە کوردستان پێوستیمان بە ئاسایشی خۆراکە کە لە پێشینەی کاری حکوومەتدابێت، بەواتای دابینکردنی پێداویستی هاوواڵتیان و ڕەواندنەوەی خەمی هاوواڵتیان بە دابینکردنی خوراک لە هەموو بارودۆخێکداو نرخ و تەندروست) بۆ هاوواڵتیان و هاندانی هاوواڵتیان بە بەکارهینانی بەرهەمی ناخۆی و هاوکاری و پشتگیری جوتیاران بکرێت بۆ بوژانەوەی زەوی و کشتوکاڵ و کارگەی ناوخۆیەکان زیاد بکرێت، تا ئاستی سەرتاپای بازاڕەکانی کوردستان داپۆشێت و زیادەکەیشی هەنارەد بکرێت.

کۆگاکردنی خۆراک پێویستە بەپێی ڕێنمایی بێت

بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم:

ئێمە بەردەوام چاودێری بازرگان و کۆگاکانی خۆراک دەکەین

ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

بە گوتەی نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی هەرێم سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی پارێزگاکان دەکات لە کوردستان و هەوڵی ئەوە دەدەین کە بازرگانانی هەرێم لە هێنانی کاڵاو کەلوپەل و خۆراکی کوالیتی بەرز بهێنن و پابەندی مەرج و ڕێنماییەکان بن.



هەبوونی ساردکەرەوە زۆر گرنگە

نەوزاد ئەدهەم دەڵێت: ئێمە هەمیشە داوالە بازرگانان دەکەین کە کەلوپەل و خۆراک بەباشترین شێواز بەکۆگا بکەن بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی کە لەدەرەوەی وڵاتەوە دێنە کوردستان پێویستە بەجوانی و بەشێوازێکی تەندروست بەکۆگای بکەن و بەشێک لەو کەل و پەلانەپێویستە لە سارد کەرەوە دابنرێت وەک شیرەمەنیەکان و پەنیرو ماست و قەیماغ و نەستەلەو چەندین بابەتی دیکەی خۆراکی پێویستە لە ساردکەرەوەکان دابنرێن بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو بابەتە خۆراکیانە لەساردکەرەوەکان دانەنرێت بەزوویی تێک دەچن جابۆئەوەی بابەتە خۆراکیەکان زوو تێک نەچن ئەوالەو حاڵەتەدا هەبوونی ئامێری ساردکەرەوە گرنگەو ئەگەر بابەتە خۆراکیەکان بەجوانی لەساردکەرەوە دانەنرێت ئەیگەر ماوەی بەسەرچوونیشی مابێت ئەوا بەزوویی خراپ دەبێت و تێک دەچێت واتاباردۆخی بەکۆگا کردنی خراپ وادەکات کە پێکهاتەی خۆراک تێک بچێت بەرلەوەی کە ماوەی بەسەرچوونی کۆتایی بێت.

ئەو گوتیشی: لە هەوڵێر کێشە هەبوو لە کۆگاکان کە ژمارەی ئەو کۆگایانە بریتی بوو لە چوار هەزار کۆگاو ژمارەکەی لەچاو شارەکانی دیکە زۆر زیاترەوبۆ چارەسەرکردنی کێشەکەیان لەگەڵ پارێزگاری هەولێرڕۆژی 11ی مانگ کۆبوونەوەیەکمان سازکردو لەکۆبوونەوەکەدا باس لەوە کرا کە چۆن پارێزگا هاوکار دەبێت سەبارەت بە ڕێکخستنەوەی ئەو کۆگایانە بۆیە پارێزگار ئەوەی خستە ڕووکە پڕۆژەیەک ئامادەکراوە بۆ ئەوەی ئەو شوێنانەی کە تاوەکو ئێستا نا ڕێکە لە ڕووی گەیاندنی خزمەتگوزاری وەکو شەقام و ئاوەڕۆ هەموو پێداویستیەکانی دیکەی خزمەتگوزاری بەپێی (1) ملیارو (200) ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو شەقامانەو خۆی لە شۆستەو شۆڵدەرەکان ڕێک دەخرێنەوە

چۆن بابەتی خۆراک و کاڵاکان بەکۆگا دەکرێت

نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم دەربارەی کۆگا کردنی کاڵاکان گوتی: بۆ کۆگاکردنی کەل و پەل و کاڵاکان ئێمە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی هەرێم بە پێویستمان زانی کە ڕێنماییەکی یەکگرتوو دەربچێت وتا ئەو خۆراکانەی کە بەکۆگا دەکرێت پێویستە بەرلەوەی بگاتە ناو بازاڕەکان و بەرلەوەی بگاتە ناوسوپەرمارکێت و مینی مارکێتەکان و فرۆشگاکان بۆ فرۆشتن پێویستە لەکۆگاکان کۆنترۆڵ بکرێ بۆیە بۆ ئایندە لەسەر تیمەکانی سەر بە چاودێری بازرگانی هەستن بەبەدواداچونی بەردەوام بۆ کۆگاکان و لەنزیکەوە بزانن کە ئەو بازرگان و دوکاندارانە تا چەند پابەندی مەرج و ڕێنماییەکانن جا هەرچەندەی بەدواداچوون بکەین بۆ چۆنیەتی بەکۆگاکردنی خۆراک هێشتا هەر کەمە لەبەر ئەوەی ئەو خۆراکانە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەخەڵکەوە هەیەو بەکۆگاکردن بریتییە لە دانانی ئەو خۆراکانە لەکەش و هەوایەکی لەبارو گونجاو هەیە بۆ نمونە ئەو خۆراکانەی کە هەیە پێویستە لەسەرشوێنی بەرز دابنرێن و نابێ لەسەر زەوی دابنرێت و ئەو کۆگایانە پێویستە بەپێی ستانداردی جیهانی بێت و هەموو هۆیەکانی فێنکەکەرەوە یان هەبێت و هەبوونی ژوورێکی تایبەت بۆ مەوادی قرتێنەر هەبێت تا لەگەڵ مەوادی دیکەی خواردن تێکەڵ نەبێت.

هەروەها باسی لە بیرۆکەیەکی دیکە کردو گوتی: کۆمپانیای تایبەت مەند هەیە کە لەبوار قرتێنەردا کار دەکات و لەسەر خاوەنی ئەو کۆمپانیایانە پێویستە لەکەڵ کۆگاکان ڕێک بکەون تا ماوە ماوە بێن بۆ لەناوبردنی قرتێنەرەکان و لەسەر خاوەنی کۆگاکانیشپێویستە پابەندی مەرجەکان بن و پاک و خاوێنی بپارێزن ئەوە لەلایەک لەلایەکی دیکە داوا لەچاودێری بازرگانی وچاودێری تەندروستی دەکەین کە زوو سەردانی کۆگاکان بکەن بۆئەوەی ئەو کەسانەی کە دەستکاری بەروارى ماوەبەسەرچوونی خۆراک دەکەن بەتوندی ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکەن و بەهیچ شێوەیەک ڕێگە نەدەن کە دەستکاری بەروارى ماوەی بەسەر چوونی خۆراک بکەن و نابێ بەروارى دەرچوون و ماوەبەسەرچوونی خۆراک بەسادەیی بنووسرێت و زوو ڕەش بێتەوە پێویستە لەزگەی ماوەبەسەر چوون حەرارى بێت یاخود لێزەر تا نەتوانرێ دەستکاری ماوە بەسەرچوونی بکرێت و نابێ بەروارى خۆراک بسڕێتەوەو هەرکەسێک دەستکاری خۆراک بکات ئەوا بەپێی یاساوئەوبڕیارانەی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان کە هەیە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ دواتر دەربارەی ئەو کەسانەی کە لەکۆگادا کاردەکەن پێویستە کارتی کاروباری کۆمەڵایەتی و کارتی تەندروستیان هەبێت بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە بیانین پێویستە کارتی نیشتەجێ بوونیان هەبێت بۆیە ئێمە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی هەرێم هەمیشە هەوڵ دەدەین هەموو کارەکانمان زیاتر بەرەو پێشەو ببینەن و بەپێی مەرج و ڕێنماییەکان کاربکەین تا هەموو بابەتەکان بە ئێکسپایەری نەگاتە دەست هاوواڵتیان و بەشێوەیەکی تەندروست بگاتە دەست هاوواڵتیان.

مەیسەر نهێلی:

زۆربەی توشبووانی مادەی هۆشبەر لاون لە تەمەن 16 ساڵان تا 28 ساڵین

دیمانە: محەمەد عومەر

لە میانەی دیمانەیەکدا مەیسەر نهێلی، سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان باس لە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی مادەی هۆشبەرەکان و کاروچالاکییەکانی یەکێتییەکەیان دەکات.

*** لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا کاروچالاکیتان چی بووە؟**

ـ کاروچالاکی یەکێتی لاوان فراوانە، بەڵام تایبەت لەسەر سێ تەوەر کار دەکات ڕۆشنبیری، وەرزشی، هونەری. وەرزش بۆ لەشێکی ساغە و ڕۆشنبیری بۆ میشکێکی ساغە، هونەریش بۆ ئەوەی بە چاوێکی جوانتر تەماشای ژیانی خۆی بکات و لەهەر سێ بواریشدا باش تێدا سەرکەوتوو بووینە لە ناوچە جیاجیاکاندا توانیمانە ئاهەنگ و خول و کەرنەڤاڵ و فستیڤاڵ ئەنجام بدەین، ئەمساڵ تایبەت بۆ بەرەو پێش بردنی خۆمان وەکو کادیرانی یەکێتی لاوان دەبێت هەمیشە وای دابنێین کە قوتابی ژیانین، دەبێت بەردەوام شت فێر بین، لەسەر ئەو ڕستەیە ئێمە ستافی مەکتەبی سکرتاریەت ئیشمان کردووە، لە مانگی ئەیلوول خێوەتگەیەکمان دانا کە نزیکەی 450 هەتا 500 کادیری کوڕو کچ تێدا بەشدار بوون لەسەر مەسەلەی جەستەیی و میشک و سمینار و پێشبرکێ و وەرزش و زانستە سەربازییەکان بۆ ئەوەی کادیرێکی نموونەیی دروست بکەین، ئەگەر ئێمە توانیمان کادیرێکی نموونەیی دروست بکەین واتە ئێمە دەتوانین بە باشترین شێوە سەرکردایەتی لاوان بکەین. ئیشمان لەسەر گەنج کردووە بەتایبەت ئەو کێشانەی کە گەنجی ئێمە لە کوردستان ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئێمە ڕاپرسیمان لەسەر بێکاریی کردووە بۆ ئەوەی بیکەینە پرۆژەیەک یەکێتی لاوان بوونە، دیسان دوای نۆ ساڵ خولی بارزانییە نەمرمان ئەنجامداوە لەسەر ئاستی کوردستان کە یەکێک لە پێشکەوتووترین خولەکان بوو، ئەوەش جێگای دەستخۆشییە بۆ لێژنەی سەرپەرشت، ساڵی داهاتوو بەرنامەی فراوانترمان هەیە بۆی، لەگەڵ پەیمانگەی گۆتە پرۆژەیەکی بەهێزمان هەیە لە ئایندە خەڵک لە دەرەوە بهێنین چۆن بتوانین لاوانی ئێمە بژێوی ژیان بۆ خۆیان دروست بکەن.





لە یەک ساڵدا یەکێتی لاوان 1003 هەزار و سێ چالاکی ئەنجام داوە

*** ئامانجتان لە بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان چییە و هیچ داتا و ئامارێکتان لەبەر دەستە؟**

ـ لە حوزەیرانی ئەمساڵدا کۆنفراسێکمان بە هەمەهەنگی وەزارەتی ئەوقاف ئەنجامدا، لەو کۆنفراسەدا ڕاسپاردە و دەرئەنجام دەرچووە، لێژنەی یاسایی پەرلەمان لەوێ بوون، ناتوانم ڕێژەکە بڵێم، بەڵام بە داخەوە زۆربەی توشبووانی مادە هۆشبەرەکان لاوانن لە تەمەنی 16 ساڵییەوە تا 28 ساڵی، ئەمەش ڕۆژبەڕۆژ زیاد دەبێت، ئەمەش خاڵێکی مەترسیدارە کە وەکو یەکێتی لاوان هەستمان پێکردووە و داوامانکردووە پرۆژە یاسایەک ئامادە بکەن لەگەڵ ئەو دەرئەنجامەی کە لە کۆنفراسەکە دەرچووە، دیسان یاسای چەند وڵاتێکی هەم ڕۆژهەڵاتی هەم پێشکەوتووی وەکو بەریتانیا و ئەڵمانیا، بیدەینە پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ڕێگەچارەیەک بدۆزینەوە وەکو نەبوونی دامەزراندن بە تایبەت کە دوای شەڕی داعش زەرەرمەندی یەکەم لاوان بوونە. بە خۆشحاڵییەوە لە یەک ساڵدا یەکێتی لاوان(1003) هەزار و سێ چالاکی ئەنجام داوە لەو (1003) هەزار و سێ چالاکییە نزیکەی (133000) سەد وسی و سێ هەزار لاو بەشداری کارو پرۆژەکانی یەکێتی لاوان بوونە، دیسان دوای ئەوەی ئیسرائیل، یەکێ لە سەربازگەکانی حەشدی لە نێو عێراق کردووەتە ئامانج، هەرچەندە ئیسرائیل دانی بەوە ناو واشنتۆنیش، دووپاتی ئەو کردە سەربازییەی لە نێو عێراقدا کردەوە، سەرکردەکانی حەشدی شەعبی و بەرپرسانی عێراق، بێدەنگیان لەو تاوانە هەڵبژارد، گوێشمان لە هەڕەگەفی وەڵامدانەوە یان تۆڵەکردنەوەی قوربانیانی کردەوەکە نەبوو. بەداخەوە، پێناچێت ئایندەی عێراق مژدەبەخش بێت، تەنیا پشێوی و بێ دەوڵەتی زیاتر نەبێت، کە پشتیوانی لە بەرزانی، وەکو سیستمی جومگەکانی دەسەڵات لە بەغدا دەکات، هیچ هیوایەکی خێر بەدی ناکەین، دوای دانیشتنی سەدر لە لای جەنابی خامەنەئیدا.

تاکە خاڵی ڕوناکی لە عێراق، لە هەرێمی کوردستانەوە دێت، کە سەرۆکەکەی نێچیرڤان بارزانی، تەوانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەوڵەکانی کۆنترۆڵکردنی هەرێم لەلایەن ئێرانەوە سەرکەوتوو بێت، هەوڵێری پایتەخت، هەر بە دژواری بۆ مەڵاکانی تەهران مایەوە، بە هۆی ستراتیژیەتی پێکەوژیان و ڕەتکردنەوەی مەزهەبی و تایەفی، کە بارزانی، وەکو سیستمی باسی مادەی هۆشبەری کردووە کە ڕێگر بین و پاڵپشتی دەزگا ئەمنییەکان و لایەنە پەیوەندارەکان بین بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان، چونکە دژایەتی سیستەمی سیاسی لە سەردەمێک بۆ سەردەمێکی دیکە گۆڕاوە، پێش ئێستا لەوانەیە بەشەڕ و داگیرکاریی بایە، بەڵام ئەمڕۆ معادەلەکانی گۆڕاوە لە ڕێگەی بێ ئەمەل کردن و ڕەشبین کردنی لاوان لە هەموو وڵاتان ئەم شەڕە دەکرێت، دەبێت ئێمە هۆشیار بین، ئێمە لە یەکێتی لاوان هەموو هەنگاوێک دەگرینەبەر بۆ ئەوەی ڕێژەکەی کەم بکەینەوە. مەسەلەی تر جگە لە مەسەلەی پرۆژە یاسا لە ڕێگەی پەرلەمان و حکوومەتەوە لە مەسەلەی فکری ئیشی لەسەر بکەین، لەو هەڵمەتەدا لەسەر سێ تەوەری سەرەکی کار دەکەین، ئەوانیش مەسەلەی تەندروستی و مەسەلەی کۆمەڵایەتی و مەسەلەی ئایینی بۆ ئەوەی بۆ گەنجەکان دەربکەوێت کە مەسەلەی تەندروستی چەند کاریگەریی هەیە و چۆن مێشک و لەش لاواز دەکات کە ئەو مرۆڤە دوایی بەرەو نەمان دەچێت، لە مەسەلەی کۆمەڵایەتی خەڵکی کۆمەڵناس هاتووە و سمیناریان پێشکەش کردووە کە چۆن مادەی هۆشبەر کەسایەتییەکی جوان تێکدەشکێنێت کە ئەو کەسایەتییە بێتە هۆی ئەوەی خێزانێک تێکبدات، ئەو خێزانەش گەڕەکێک تێکبدات. فەیلەسوفەکان دەڵێن هەر خێزانێک دەوڵەتێکی بچووکە لەبەر ئەوەی هەر خێزانێک دەوڵەتێکی بچووکە دەبێت خێزانێکی ڕێک دروست بکەین بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی سالمان هەبێت، ئەگەر بتوانین تاک و خێزانێکی سالم دروست بکەین ئەوا کۆمەڵگا و دەوڵەتێکی سالمان دروست کردووە. لە مەسەلەی ئایینیدا لەوانەیە گەنجێک بە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز و فەرمودەیەکی پێغەمبەر درووی خوای لێ بێت لە مادەی هۆشبەر دوور بکەوێتەوە، لەبەر ئەوە هەر سێ ڕێگامان گرتۆتەبەر، ئەو هەڵمەتە لەسەرتاسەری کوردستان لە هەموو ناوندە بااڵکانی یەکێتی لاوان دەستیان پێکردووە و بە سەرکەوتوانە بەڕێوەدەچێت.

*** کارو چالاکی داهاتووتان چییە؟**

ـ کار و پرۆژەی ئایندەمان بۆ ساڵەکانی داهاتوو بۆ ئەوەی باشتر بتوانین پەیامی کوردستان بۆ دەرەوە و جیهان بگەیەنین، ئێمە ئێستا خەریکی پەیوەندیی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانین، چونکە ئێمە ئەندامی ڕێکخراوی جیهانین لە دەرەوەی کوردستان، ئەو شتەی ئێمە هەمانە لە دەرەوە نیشانی دەدەین، دیسان ئێمە لە دەرەوە خەڵک دەهێنین بۆ ئەوەی بە واقعی کوردستان ناشنا بن.

عێراق لە نێوان دەوڵەتی حەشد و ئەزموونی کوردستاندا

موحسین عەوەزەڵلا

دان بەوە دەنێم، من یەکێک بووم لەوانەی، بە بردنەوەی لیستی سائیروون و سەرۆکەکەی موقتەدا سەدر، لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق، پاشان دەستنیشانکردنی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی، بە سەرۆک وەزیران دڵخۆش بووم، یەکێک بووم لەوانەی پێشبینی هێزی سەدرم لە ڕزگارکردنی عێراق، لە تەنگژەی پشێوی سیاسی، تایەفی، مەزهەبی و ڕەوشی لەدەستچوونی ئاسایش دەکرد، کە لە ئاکامی بلاوبوونەوەی چەک و میلیشاکانی تایەفی لە وڵات کەوتووەتەوە.



هیوامان بەو پیاوە لاوەی ئایینی زۆر بوو، نەخاسمە لەگەڵ ئەو لێدوان و دروشمانەی، کە پێش و دوای هەڵبژاردن، لە بارەی سەربەخۆیی عێراق، چارەکردنی میلیشیاکان و قسە جوانەکانی دیکەی کردی، کە بەداخەوە ڕێگەی گەیشتن بە ژینواری نەبینی. دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێکیش بەسەر هەڵبژاردنەکانی عێراقدا، هەموو ئەو دروشمانە کەوتن، کە سەدر لە بارەی دەرچوونی عێراق لە ژێر عەبای ئێران دابووی، بەڵکو خودی سەدر ماوەیەک پێش ئێستا بە خۆ پێچاوی بەو عەبایە دەرکەوت، لە کاتی یادکردنەوەی عاشورا لە ئێراندا، لە میواندارییەتی خامەنەئی و قاسم سلێمانی، سەرکردەی سوپای پاسدارانداران. عێراق کەوتە نێو پشێویەکی تازەدا، دوای ساڵێک لە هەڵبژاردنەکان، کە وەکو خەونێکی جوان وابوو، بەر لەوەی بە دیمەنەکانی سەردەمی بێ دەوڵەتی لە وڵاتی دوو ڕووبارەکە بە ئاگا بێین. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، چەند دیمەنێکیان گواستەوە، کە بەڕوونی و زەقی مەترسی ڕەوشی بەغدا نیشان دەدەن، لە سایەی پیاوی دەوڵەت و بلاوبوونەوەی تەواوی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، یەکێ لە بااڵکانی سەربازیی ئێران، لەسەر خاکی دوو ڕووبارەکەدا. لەسەر ئاستی ناوخۆدا، بەغدا و شارەکانی دیکە لەژێر فشاریەکی زۆری خۆپیشاندانەکان دان، عێراق چەندین کێشەی هەیە، یەکێ لەوانە حەشدی شەعبییە، کە خۆی بە دەوڵەتێکی دیکە، یان هێزێکی هاوتای دەوڵەت لەقەڵەم دەدات، نەوەکو هێزێکی ملکەچی دەوڵەت، کازم سەیادی، پەرلەمانتاری عێراق، ڕایگەیاند، هێزێکی سەر بە حەشدی شەعبی، کە ژمارەیان 100 ئۆتۆمبێل دەبوو، هەوڵیان داوە لە ناوەڕاستی بەغدای پایتەختی عێراق بیرفێنن. سەیادی دەڵێت، بەرپرسێکی ئاسایش لە حەشدی شەعبی، دەستی بەسەر باخی هاووڵاتیان و زەوی دەوڵەتدا گرتووە، کاتێکیش ئەو تۆمەتانەی ڕووبەڕوو کردووەتەوە، پێی وتووە " من دەوڵەتم!". سەیر لەوە دایە، حەشد، کە بەم دواییە پێکهێنانی هێزی ئاسمانی، بۆ پتەوکردنی هێزەکانی و گەشەکردنی هەژموونی لەنێو دەوڵەتی عێراق ڕاگەیاند، کە هەر ئەویش گومانی هێرشکردنە سەر کۆمپانیای ئارامکۆی سعودیەی لێ دەکرێت، بۆ جێبەجێکردنی ڕۆژەڤەکانی ئێران، فزڕەیان لێوە نەهات، سەردەمی بێ دەوڵەتی لە وڵاتی دوو ڕووبارەکە بە ئاگا بێین. دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهان، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، چەند دیمەنێکیان گواستەوە، کە بەڕوونی و زەقی مەترسی ڕەوشی بەغدا نیشان دەدەن، لە سایەی پیاوی دەوڵەت و بلاوبوونەوەی تەواوی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، یەکێ لە بااڵکانی سەربازیی ئێران، لەسەر خاکی دوو ڕووبارەکەدا. لەسەر ئاستی ناوخۆدا، بەغدا و شارەکانی دیکە لەژێر فشاریەکی زۆری خۆپیشاندانەکان دان، عێراق چەندین کێشەی هەیە، یەکێ لەوانە حەشدی شەعبییە، کە خۆی بە دەوڵەتێکی دیکە، یان هێزێکی هاوتای دەوڵەت لەقەڵەم دەدات، نەوەکو هێزێکی ملکەچی دەوڵەت، کازم سەیادی، پەرلەمانتاری عێراق، ڕایگەیاند، هێزێکی سەر بە حەشدی شەعبی، کە ژمارەیان 100 ئۆتۆمبێل دەبوو، هەوڵیان داوە لە ناوچەی هەژموونی ئێران، کە چاوەڕێی فەرمانی مەلاکانی تەهران دەکات. عێراق پێویستی بە گەڕانەوەی دەوڵەتی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی بوونی خۆی وەکو دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریی بگێڕێتەوە، عێراق پێویستی بە یاسایەکی تازەیە، کە دان بە میزەرەکان نەنێت و ڕێگەشیان پێ نەدات، پیادەی سیاسەت بکەن، یاسایەک کە عێراقییەکان، ئەوانەی وڵاتەکەی خۆیان خۆشدەوێت بینووسنەوە، نەوەکو لایەنگرانی خامەنئی و قاسم سلێمانی. عێراق پێویستی بە سیاسەتمەدار و سەرکردەیەکی ڕاستەقینەی وەکو نێچیرڤان بارزانی هەیە، ئەو پیاوەی ئەزموونێکی سەرکەوتوو و ڕاستەقینەی لە کوردستاندا دروست کردووە، وای لە هەرێمیش کردووە، بێێتە خاڵی ڕووناکی ڕاستە ینە، کە خاوەنی سەربەخۆیی سیاسیی، هێزی ئابووری و یەکڕیزی کۆمەڵایەتی خۆیەتی، ئەوانەی لە زۆربەی شارەکانی دیکەی عێراقدا بەدی ناکرێن.

عێراق پێویستی بە کۆڕیکردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، لە هاوولاتیبوون و پێکەوە یاندا هەیە، بەاڵم پێویستی زیاتر بە سەرۆکی کوردستان، نێچیرڤان بارزانییە، ئەو پیاوەی هەموو بەرە و توانایەکی سیاسیی تێدایە، ئەوەش ڕێگەی پێ دەدات، عێراق بۆ سەردەمی دەوڵەت و یاسا بگێڕێتەوە. تاکە هیوا لە دەستووری تازە دایە، بەمەرجێک دوور بێت لە هاوکێشەکانی مەزهەبی، دەسەاڵتەکان لەسەر بنەمای ئایینی دابەش نەکات، دەستووریک بێت، بەش بەشانێی ئایینی نەزانێت، مەرجی نەتەوە، یان مەزهەبێکی دیاریکراو بۆ سەرۆکی دەوڵەت یان حکومەت دانەنێت، دەستووریک بێت، توانا و هێزی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت، بەسەرۆکی وڵات بەبەخشێت، دەستووریک بێت، وا لە پارتی براوە و بەدەستهێنەری زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بکات، بێێتە سەرکردەی زۆرینە و سەرۆکەکەشی بێێتە سەرۆکی حکومەت، ئەگەر ئەو شتە لە دەستووری ئێستادا هەبایە، لەوانەبوو نێچیرڤان بارزانیمان بە سەرۆکی عێراق یان حکومەتەکەی بدیتبایە، ئەوەش عێراق و گەلەکەی لە زۆر نەهامەتی دوور دەخستەوە، گرنگتر لەوانەش دەوڵەت و سەروەریی عێراق پارێزراو دەبوو، ئەوەی کەوت و بەدەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و بەکرێگیراوانی ئێران، کە لەبەغدا گەلێک زۆرن، پێشێلکرا.

و: ڕەمزی میرەکانی



پیاوسالاری و
تونددوتیژیی نێو خێزان



د.ڤیان سلێمان*

پیاوسالاری وەک سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بۆ سەروەربوونی پیاو لە نێو خێزان و دواتر کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان، میتۆوویەکی دێرین و ڕەگداکوتراوی هەیە، کرۆکی ئەم سیستەمە بینینی ئافرەتە وەک بوونێکی لاواز و پاسیڤ و خنکاندنی توانا و وزە و ڕێگرییە لە دەرکەوتن و پێشکەوتنی، قبوولنەکردنیەتی وەک بوونێکی سەربەخۆ.

بەگشتی پیاوسالاری پێدانی دەسەڵات و هێزە بە پیاو و بەمولک کردنی ئافرەتە بۆ پیاو. هەروەها ڕەوایەتیدانە بە پیاو بۆ گرتنەبەری هەر بڕیارێک کە پێی باشە و ڕەهاکردنیەتی لەهەر جۆرە مامەڵەیەک لە چوارچێوەی خێزان. ئەمەش هۆکاری سەرەکی تونددوتیژییە لە نێو خێزان و ناهاوسەنگییە لە کۆمەڵگەدا.

لە شیکردنەوەمان بۆ چەمکی پیاوسالاری و باسکردن لە دۆخی هەرێمی کوردستان، دەبێت جیاوازی لە نێوان سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکەین، خۆی لە خۆیدا، پیاوسالاری سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە کە ئافرەت تێیدا ژێردەست و پلە نزمترە لە پیاو، دەسەڵات لە فەزای تایبەت و گشتیدا لە دەستی پیاوە و هەر پیاو بڕیاردەر و دیاریکەری نۆرمە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتووریییەکانە و ڕەوت و پێوەرو چوارچێوەکانی کۆمەڵگە پیاو دیاری دەکات. واتە پیاوسالاری تەنها تایبەت نییە بە خێزان و چوارچێوەی خێزان، بەڵکو چەمکێکی گشتگیر و فراوانە و تەواوی کایە و بوارەکان دەگرێتەوە، لێردا قسەی خۆمان ناکەین، بەڵکو دۆخەکە پێمان دەڵێ، قەوارەی هەرێمی کوردستان، کە خۆی لە دامەزراوەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکوومەت و دەسەڵاتی دادوەری دەبینێتەوە، ئافرەت ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەیە. کۆمەڵێک ڕێکاری جێبەجێکاری و یاسادانان گیراونەتەبەر و پرسی ئافرەت وەک پرسێکی سەرەکی لە بەرنامەی حکوومەتی هەرێم ئاماژەی پێ کراوە. تونددوتیژی بەرامبەر ئافرەت دەزگای تایبەتمەندی بۆ دامەزراوە، کەواتە ناتوانین بڵێین سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان سیستەمێکی پیاوسالارە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئافرەت بە تەواوی مافەکانی خۆی گەیشتووە لە دەسەڵاتی سیاسیدا، بەڵکو ڕێگایەکی درێژی لە پێشە تا گەیشتن بە یەکسانی، بەڵام ئەوەی گرفتی سەرەکییە و تەنانەت یاساش نەیتوانیوە ڕێی لێ بگرێ و سنووری بۆ دابنێت، تونددوتیژیی خێزانییە، بە تایبەت تونددوتیژیی پیاو لە کۆمەڵگەی کوردی بەرامبەر هاوژین، خوشک، تەنانەت دایک، واتە سنووری مااڵ، ئەو شوێنەی کە تا ئێستاش لە بەشێک لە خێزانەکاندا وەک دۆزەخێکە بۆ ئافرەت.

خێزان تەنها ئامرازێک نییە بۆ بەردەوامی ژیان، بەڵکو خێزان گرنگترین و سەرەکیترین یەکەی پێکهێنەر و فاکتەری پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە. سەقامگیری و ئاشتەوایی خێزان، سەقامگیری و ئاشتەوایی کۆمەڵگەیە، بە پێچەوانەشەوە تونددوتیژی و ناکۆکیی نێو خێزان، تونددوتیژی و ناکۆکی نێو کۆمەڵگەی لێ دەکەوێتەوە. خێزانی هاوسەنگ تاکی ئازاد و باوەڕبەخۆبوو دەنێرێتە کۆمەڵگە. خێزانی بونیاتنراو لەسەر بنەماکانی ڕێز و تەڤین، هاوژیانی و یەکسانی بناغەی کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و پێشکەوتووە. کاتێک ئەم دامەزراوەیە لەبری ئەوەی چەترێک بێت بۆ تەبایی و خۆشەویستی و لەیەکگەیشتن؛ دەبێتە یەکەیەکی پڕ ناکۆکی و ناهاوسەنگی و لەچوارچێوەیدا ستەم لە ئافرەت دەکرێت و دەچەوسێنرێتەوە، ئیتر ئەو یەکەیە ئەرک و پەیامی خۆی لەدەست دەدات و تونددوتیژی بەرهەم دەهێنێت.

تونددوتیژی خێزانی؛ ئەو چەمکەی کە لە زۆر بۆنە و شوێن و کاتدا ڕووبەڕووی دەبینەوە و قوڵترین و سەختترین بڕینی جەستەی کۆمەڵگەیە، چونکە مەترسی و کاریگەرییەکانی کەمتر نیە لە مەترسی و کاریگەری تیرۆر و بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین: تیرۆرێکی کۆمەڵایەتییە و کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسە جیاوازەکانی پەروردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و خواست و ویستی تاکەکان هەیە. وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، زۆربینەی تونددوتیژییەکان لە دۆی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی خێزان ڕووەدەن و زۆربینەی قوربانییەکان فێمینەکانی نێو خێزانن، ئەمەش لە ئامارەکاندا بەڕوونی دەردەکەوێت، چەندین فاکتەر کە دەتوانین بڵێین زۆرینەیان بەرهەمی هزری پیاوسالارین ڕۆڵیان هەیە لە پیادەکردنی تونددوتیژی دژی ئافرەت لە نێو خێزاندا، لە گرنگترینیان: ڕوانین لە ئافرەت وەک سیمبولی شەرەف و ناموسی خێزان، ناهۆشیاری و نزمی ئاستی ڕۆشنبیری، هۆکاری ئابووری و بوونی داهات لە دەستی پیاو یاخود تێنەگەیشتن لە ئەرکی ئابووری هاوبەش و جیاکردنەوەی داهات هەریەکە و بۆ خۆی لە نێوان هەردوو هاوژیندا.

بەرەنگاربوونەوەی تونددوتیژیی لە نێو خێزان بە تایبەت بەرامبەر مێینەکانی نێو خێزان، لەلایەکەوە لە ئستۆی حکوومەتە، کە خۆشبەختانە حکوومەتی هەرێم هەنگاوی باشی ناوە و بەردەوامیش کار لەسەر ئەو پرسە دەکات، لەهەمانکات پێویستە چەند خاڵێک لەبەرچاو بگیرێت، ئەرکی هەرە گرنگی بزووتنەوەی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، شەرکردنە لەگەڵ مێنتاڵییەتی کۆمەڵایەتی و گەڕانەوەیە بۆ خێزان و گێڕانەوەی شکۆ و بەهایە بۆ ئافرەت لە نێو خێزاندا، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی و ئاشناکردنی پیاو بە ئاکامە نەرێنییەکانی ئەنجامدانی تونددوتیژی و کاریگەرییەکانی لەسەر خێزان و ئایندەی خێزان و قبوولکردنی ئەوەی ئافرەتیش وەک ئەو مرۆڤە و دەبێت خاوەنی تەواوی مافە مرۆڤایەتییەکان بێ، باوکردنی کولتووری خۆشەویستیی و لێبووردەیی، دروستکردنی گوشار بۆ جێبەجێکردنی یاسا و سزادانی ئەنجامدەرانی تونددوتیژی و پشتیوانیکردن لە قوربانیانی تونددوتیژی، کارکردن بۆ گۆڕینی بەها و باوەڕ و تێگەیشتنی پیاو، دواتر کۆمەڵگە بۆ سەراپای ئەو چەمک و بەهایانەی کە لەگەڵ سەردەم و داخوازییەکانی گەشەی کۆمەڵایەتی ناگونجێن و هۆکارن لە خولقاندنی تونددوتیژی و جێگرتنەوەیان بە چەمک و بەهای نوێی هاوچەرخ و تەریب بە بەها بلندەکانی مرۆڤایەتی و بڵاوکردنەوەی گوتاری مرۆڤ سالاری.

*** سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان.**

ئایا گرانیی نرخی بەنزین بوو کە خەڵک ڕژایە سەر شەقامەکان؟



عیماد تەها

گرانی و زیادکردنی نرخی بەنزین بوو بە بیانوویەک تاوەکو خەڵک دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕن لە کۆماری ئیسلامیی ئێران. چەند ڕۆژێکە لە زوربەی شارەکانی ئێران بەبیانووی گران کردنی نرخی بەنزین خۆپیشاندان دروست بووە و دەنگی ناڕەزایەتی بەرز بووەوە. بەڵام بە باوەڕی من گرانیی بەنزین تەنها یەکێک لەهۆکارەکان بوو، چونکە ئێران لە هەموو ڕوویەکەوە نوقمی قەیرانە، واتا هەموو کایەکانی هاوئموونەی بەنزین.

خەڵکی ئێران چەندین ساڵە بە فارس و کورد و لور و ئازەری و بەلووچ و عەرەب و هەموو پێکهاتەکانی دیکە لەژێر فشاری ئابووریی‌ەکی سەخت و دژواردا دەژین کەریژەی بێکاری و هەڵاوسان و هەژاری ڕۆژ بەڕۆژ لەهەڵکشاندایە بەڵام خەڵکی ئێران خاک و وڵاتی خۆیا ن زۆر خۆش دەوێ بۆیە تا ئێستاکە ئارامیان گرتووە و پشوو درێژ بوونە. ئێستاش کاتێک دەڕژێنە سەر شەقام ئەوەمان پێشان دەدەن کە ئەوان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایە ئیران پارە و سامانیان لە وڵاتی دیکە خەرج نەکات و واز لەدەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە بهێنێت و ئیتر ئەو پارە و سامانە لە ناوخۆ خەرج بکات و ئەمەش یەکەم جارە کە وێنەی سەرۆک کۆمار و ڕەهبەر و دەرامەتیان بەشیان دەکات و لەژێر باری گەمارۆی دارایی و ئابووری و بازرگانی ئەمەریکا وئەوروپادا نامێنن. لە لایەکی ترەوە لە ئەنجامی قەیران و نادادپەروەری کۆمەڵایەتی و بێپاری تاکڕەوانەی گران کردنی نرخی بەنزین بە شێوەیەکی کتوپڕ بوو بە بیانوویەک تاوەکو خەڵک هاواری لی بسووتێندرێت و دروشم بەرز دەکەنەوە دژ بەپیرۆزییەکانی وڵاتەکەیان و سووکایەتیان پێ دەکەن.

ئێران چەند ساڵێکە لەژێر باری قەیرانی دارایی و ئابووری دایەو ناتوانێت وەکو پێویست بەرهەمی وزەی خۆی لە گاز و نەوت و کالای ناوخۆیی خۆی بۆ دەرەوە هەنارد بکات (کەبۆ ئەمەشیان هەر سیاسەت و دەستێوەردانی خۆیان هۆکار بووە).

لەجیاتی ئەوەی خزمەتی گەلانی خۆیان بکەن و سامان و پارەی خۆیان لەچەند ولاتێک بەهەدەر دەدەن کەگوایە بەرژەوەندی خۆیانیان تێدا دەبینەوە وتا بتوانن ویست و ئامانجەکانی خۆیان تێدا بەجێ بگەیەنن.

ڕاستییەکی تر ئەوەیە کە خەڵک ئەگەر لەسەرشەقام ژمارەیان کەم بووبێت یان نەمابن ئەوە بە زەبری هێز و کوشتن و بڕین و ترساندن و تۆقاندن کپ کراون ، بەڵام بە بۆچوونی من دەنگی خەڵک بەکوشتن و ترساندن و بەکارهێنانی تونددوتیژی کپ نابێت و ئەوەی ئێستا تەنها بێدەنگییەکی کاتییە و ئەمەش چارەسەری داوای ڕەوای خەڵک نییە.

پێویستە کاربەدەستان و حکومڕانانی ئێران باشتر و زۆر بەجددیتر گوێ لە دەنگی خەڵک بگرن و زیاتر بەهەندی ورگرن و چارەسەرێکی گونجاو بۆ داوای هەژاران و خەکی کەم دەرامەت و چینی نەدار بدۆزنەوە کەلەگەڵ داهات و خەرجییەکانی ژیانیان بەکارهێنانی تونددوتیژی و ئەوەی ئێستا تەنها بێدەنگییەکی کاتییە و ئەمەش چارەسەری داوای ڕەوای خەڵک نییە.

کوشتن و ترساندن و سەرکۆنەکردنی خەڵک و بەکارهێنانی هێز شێواز و پەیرەوێک بووەکە دەسەڵات و کەسانێکی زۆر لە سەری ڕۆیشتوون و دواتر پاشەڕۆژیان دیار و ڕوون بوو کە بەچی گەیشت. سەرەنجام پێویستە هەموو ئەوانەی کار دەکەن بەعەقلییەت و هزری کەمینە و زۆرینە و بەکارهێنانی هێز و دەمکوتکردن و قبوڵنەکردنی بەرامبەری خۆیان پێویستە بزانن عاقیبەت و چارەنووسیان یان ڕووخانەو یا مردنبەسەرشۆڕی یانیش وڵات بەجێهێشتنە یا ریسوا بوونە. بۆیە باشتر وایەلەجیاتی بڕینی ئینتەرنێت و کپکردن و داپلۆسین ڕێگاچارەیەک بو داوا و مافە ڕەواکانی خەڵک بدۆزنەوە و ئاوڕێک لە وڵاتی خۆیان بدەنەوە و دووربکەونەوە لە هەندێک سیاسەتی خراپ و بە تایبەتی دەستێوەردان لە وڵاتان و باڵکێشان بەسەر مافی خەڵکی دیکە.

دەردی خەڵکی خۆتان چارە بکەن ، چونکەهیچ چەک و هێزێک ناتوانێت تاسەر ڕێگربێت لەدەنگی ناڕەزایەتی گەل و هیچ شمشێرێک لەشمشێری گەل تیژتر و بەهێزتر نییە، لە دواییدا دەبێت هەرچی دەسەڵاتدارانی وڵاتان هەن گوێگر و گوێڕایەڵی دەنگ و داوای خەڵک و فەرمانی گەلی خۆیان بن.



وون بوون

مولەتی پیشەیی لەبەڕێوەبەرایەتی کار/ هەولێر دەڕچوە ژمارەی مولەت ٣٢٦٤ لە ٢٠٠٥/٩/٤ بەناوی احمد شوکت یوسف وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ١٢٧٠٥٠ بەڕوار ٢٠١٩/٥/١٢ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی شاخەوان کەال صابر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٦٨٥٢٥٩ بەڕوار ٢٠١٨/٥/١٤ بەبری ٩٨٠٠٠٠ بەناوی سەنگەر سهم الیل عاصم وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ هەولێر ژمارەی پسوولە ٩٨٥٢٧٧ بەڕوار ٢٠١٨/١٠/١٥ بەبری ٢٥٠٠٠٠ بەناوی کیفی جوهر مولود وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١١/٢٤
بەپێی ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەالیەن (اسماعیل سلیمان عمر) لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٢١ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (ڕێگای کەستەزان) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای باڵوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکالکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەالیەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- لحیم سەفەری و میکانیکی مۆلیدە بێ ژمارە دروستکراوی ئینگلیزی جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.W٣٧,٥ پێرکنس.
٢- دریلی عامودی کون کردنی ئاسن بێ ژمارە دروستکراوی یابانی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.
٣- لەحیم کردنی ئاسن وڵدن گەورە بێ ژمارە دروستکراوی سینی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٦٠.
٤- کەتەری بڕینی ئاسن بێ ژمارە دروستکراوی محلی جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥ پڕێسی دەستی

***

زانکۆی هەولێر پزیشکی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی
ئاگاداری کەمکردنەوە
ژمارە (١١)/ بۆ جاری سێیەم
سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەم کردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی پرۆژەی (نۆژەنکردنەوەی یانەی کۆلێژی پزیشکی)ی سەر بە زانکۆکەمان کە نرخی کڕینی تەندەر (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عیراقیە کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کڕێی باڵوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردچێت.
* فرۆشتنی تەندەرەکان لە ڕۆژی باڵوکردنەوەی ئەو ئاگاداریە دەست پێدەکات.
* دواکات بۆ گەراندنەوەی تەندەرەکان ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای باڵوکردنەوەی ئەو ئاگاداریە دەبێت تا کاتژمێر (١٠) بەیانی.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.
٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.
٣- ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆڵینکردنیان لە هەر پلەیەکی پۆڵینکردن دا بێت وە پسپۆر بێت و شارەزایی هەبێت لە بواری دیزاین و دروستکردنی بینایە بە بەڵگەنامەی فەرمی پسپۆریان بسەلمێنن وە پێناسەی (یەکێتی بەلێندەرایەتی کوردستان) یان پێ بێت.
٤- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە (١٥٠) سەدو پەنجا ڕۆژی تەقویمیە.
٥- سزای دواکەوتنی ڕۆژانە بەپێی برگەی (سێیەم)ی ماددەی (٨٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٢) سالّی ٢٠١٦ ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان دیاری دەکرێت.
٦- دەبێت کۆمپانیا پابەندبێت بە بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستە بەرکردنی تەندەر (التعهد الخطی) لەگەڵ زانکۆکەمان.
٧- ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنێت لەالیەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانیەوە)
٨- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن هەڵسن بە ئامادەکردنی پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای باڵوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکالکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەالیەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- فڕێنی برژاندن و سۆرکردنەوەی چەرەزات ژمارە/ ١٠٦٠٨٢٠١٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ توانای K.W٩ هەزار.
٢- خەباتەی خوێ لێدان ژمارە/ ١٠٤٠٨٢٠١٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ توانای K.W١,١ میکسەر.
٣- باالبەری بەسەر خستنی مواد ژمارە/ ١٢٤٠٨٢٠١٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٥ توانای K.W٠,٣٧.

***

پارێزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ڕێڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ٢٣١٨
ڕێکەفت: ٢٠١٩/١١/٢١
ئاگەهداری
پارێزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی ڕادگەهینیت بو ههبونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (کرین و ڤەگوهاستن و بەلاڤکرنا گازا سپی بو مزگەفت و جهێن ئولی ل پارێزگەها دهوکێ) (٢٧) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن تایبەتمەند د بواری دابین کرن و ڤەگوهاستنا بەرهەمێت سوتەمەنی. ئەڤجا هەر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پارێزگەهی) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دیاهیك ژڤان بو کرینا تەندەران ٢٠١٩/١٢/٣ بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (پێنج شەمبی)
- ڕێکەفتی (٢٠١٩/١٢/٥)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهۆ: دیوانا پارێزگەهێ
عثمان یونس عثمان
جێگرێ پارێزگاریّ دهوکێ

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٥٠٧٨/ش/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢١
جاردان
بۆ داوالێکراو (هونەر یوسف محمود)
ئاماژە بە داوای ژمارە (٥٠٧٨/ش/٢٠١٩/٣) کە تایبەتە بە داواکار (فهمیە حسین مصطفی) و داوالێکراو (هونەر یوسف محمود) کە جۆری داوای (جیابوونەوە - تفریق) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە، بڕیێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (قەڵای نوێ) دادگا بڕیاری دا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی ٢٠١٩/١٢/٢٢ کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێك یاسایی لەجاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادەر/ صباح قادر کاملا

***

دادگای بەرایی هەولێر
ژمارە: ١٢٧٨/ب/٢٠١٩/٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٤
داواکار: علی احسان حسین و هاوبەشەکانی
داوالێکراو: بختیار احمد محمد و هاوبەشەکانی
شوێنی مولك: هەولێر – گەرەکی مەنتکاوە
ژمارەی مولك: (٥٥٠/٦٥) ك ٤٥ وارش
پێکهاتەکان: خانوبەکی کۆنە بریتیە لە یەك ژوورو حەمام و تواليت و مەخزەن لە خوارەوە وە لەسەرەوە ژووریّك لە بلۆك و کۆنکرێت دروستکراوە.
ڕووبەر: ١٠٥ م٢
نیشتەجێ: احمد عبدالرحمن محی الدین/ کڕێ نادات/ لەکاتی فرۆشتن دەرناچێ.
نرخی خەملاندن:٤١٢٥٠٠٠٠ دینار کۆی گشتی زەوی و پێکهاتەکەی
لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ١٢٧٨/ب/٢٠١٩/٤ (ازالە شیوع) نهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بەفرۆشتنی ئاشکرای مولکی سەرەوە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە دوای باڵوبونەوە لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە، جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی یاسایی ڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا، کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات، هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٤٠٣٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢١
ئاگاداری
بۆ/ رشا حسون خالد
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بڕیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن، بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆزیی وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) و تێهەلچوونەوە و پێداچوونەوە تان هەیە لە بڕیاری نەهاتووی پاشملەی دادگا لەماوەی یاسایی بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردە گرێت.
دادەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٧٣١/ب/٢٠١٩/٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سەرکەوت عبدالقادر ابراهیم)
ئەم دادگایە لە داوای ژمارە (٧٣١/ب/٢٠١٩/٤) لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٦ بڕیاری پاشملەی دەرهەقت دەرکردووە بە پابەندکردنت بەگەراندنەوەی پارچە زێرەکان بۆ داواکار (شیهاء طارق عثمان) هەریەك لە ١- خناوکە گەورە (١٩) مسقال عیار ٢١ نرخی (٤,١٨٠,٠٠٠) چوار ملیۆن و سەدو هەشتا هەزار دینار ٢- شەش تاك بازن (١١) مسقال عیار ٢١ نرخی (٢,٤٢٠,٠٠٠) دوو ملیۆن و چوار سەدو بیست هەزار دینار ٣- تاك بازن و ناو بازن ٧ مسقال عیار ٢١ نرخی (١,٥٤٠,٠٠٠) ملیون و پێنج سەدو چل هەزار ٤- زوج تراچی (٢) مسقال عیار ٢١ نرخی (٤٤٠,٠٠٠) چوار سەد و چل هەزار دینار ٥- کەشکول (٣,٥) مسقال عیار ٢١ نرخی (٧٧٠,٠٠٠) حەفت سەدو حەفتا هەزار دینار ٦- تاکە بازنی منداڵ (١,٥) مسقال عیار ٢١ نرخی (٣٣٠,٠٠٠) سێ سەدو سی هەزار دینار ٧- زنجیرو مدالیا (١) مسقال نرخی (٢٢٠,٠٠٠) دوو سەدو بیست هەزار دینار ٨- خاتم (٢) مسقال نرخی (٤٤٠,٠٠٠) چوار سەد و چل هەزار دینار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتن نادیارە بەپێی اشعاری مختاری هەولێر/ گەرەکی کۆیستان لە ٢٠١٩/٨/١٩ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی باڵوکردنەوەی ئەم جارانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردە گرێت.
دادەر/ پەژار عبدالله نصیف

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٧٣١/ب/٢٠١٩/٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (سەرکەوت عبدالقادر ابراهیم)
ئەم دادگایە لە داوای ژمارە (٧٣١/ب/٢٠١٩/٤) لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٢٦ بڕیاری پاشملەی دەرهەقت دەرکردووە بە پابەندکردنت بەگەراندنەوەی پارچە زێرەکان بۆ داواکار (شیهاء طارق عثمان) هەریەك لە ١- خناوکە گەورە (١٩) مسقال عیار ٢١ نرخی (٤,١٨٠,٠٠٠) چوار ملیۆن و سەدو هەشتا هەزار دینار ٢- شەش تاك بازن (١١) مسقال عیار ٢١ نرخی (٢,٤٢٠,٠٠٠) دوو ملیۆن و چوار سەدو بیست هەزار دینار ٣- تاك بازن و ناو بازن ٧ مسقال عیار ٢١ نرخی (١,٥٤٠,٠٠٠) ملیون و پێنج سەدو چل هەزار ٤- زوج تراچی (٢) مسقال عیار ٢١ نرخی (٤٤٠,٠٠٠) چوار سەد و چل هەزار دینار ٥- کەشکول (٣,٥) مسقال عیار ٢١ نرخی (٧٧٠,٠٠٠) حەفت سەدو حەفتا هەزار دینار ٦- تاکە بازنی منداڵ (١,٥) مسقال عیار ٢١ نرخی (٣٣٠,٠٠٠) سێ سەدو سی هەزار دینار ٧- زنجیرو مدالیا (١) مسقال نرخی (٢٢٠,٠٠٠) دوو سەدو بیست هەزار دینار ٨- خاتم (٢) مسقال نرخی (٤٤٠,٠٠٠) چوار سەد و چل هەزار دینار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتن نادیارە بەپێی اشعاری مختاری هەولێر/ گەرەکی کۆیستان بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی باڵوکردنەوەی ئەم جارانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردە گرێت.
دادەر/ پەژار عبدالله نصیف

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/٤٨٣/ب/٢٠١٩
میژوو/٢٠١٩/١١/٢٤
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراوان (حسن علی حسن وهاڤین علی حسن وصلاح الدین اسماعیل محمد) جهێ ناکنجیبینا بەری زاخو کیستە جهێ ناکنجیبینا نوکە نەدیارە داواکار (شڤان علی حسن) داوایا ژمارە (٤٨٣/ب/٢٠١٩) ب ڕێکا بریکارا خو پارێزەر (رشیدە خواستی فرمان) ل سەر وە تومارکریە وتیدا داخازا نەهیلانا هاوبەشی یا خانووبەرێ ژمارە(٨٣٧/٧ کەرتێ کیستە) ب فروتن ودابەشکرنا وی پارەی دناڤبەرا هەڤپشکان دا هەر ئێك گوڕەی پشکێت وی ئەوێت د وێنەی تومارا یا لسەری دیارکری دکت وژبەر کو جهێ ناکنجیبوونا وە نەدیارە لدیڤ ڕۆنکرنا بنگەهێ پولیسێن دەلال ژمارە (٥٦٩٦)ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١١/١٤ داوالێکراوا نەهات ئاکەهدارکرن وهەڤپێچ دگەل ئیشعارا هەلبژارێ گەرەکا کیستە کو تیدا هاتیە دیارکرن ناڤێ داوالێکراوان دتومارا ەرەکا مەدا هەیە بەلێ نوکە ئەم نزانن ناکنجیێ کیڤەنە وجهێ ناکنجیبینا وان نەدیارە وژبەر دیار نەبینا جهێ ناکنجیبینا وە دادگەهێ ل ڕۆژا ٢٠١٩/١١/٢٤ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامەیێن نافخوی وڕۆژانەدا پالپشت ب مادێ ٢١ ژ یاسا دادبینیا شارستانی بو ئامادەبینا وە یان نوێنەرێ وە یێ یاسایی ل ڕۆژا دادبینیێ ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٢/٢ ل دەمژمێر ٩,٣٠ سپێدێ وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پالا بنەبر وەرگرت
دادەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە/٤٨٣/ب/٢٠١٩
میژوو/٢٠١٩/١١/٢٤
ئاگەهداری
بو داوالێکراوان (حسن علی حسن وهاڤین علی حسن وصلاح الدین اسماعیل محمد) جهێ ناکنجیبینا بەری زاخو کیستە جهێ ناکنجیبینا نوکە نەدیارە داواکار (شڤان علی حسن) داوایا ژمارە (٤٨٣/ب/٢٠١٩) ب ڕێکا بریکارا خو پارێزەر (رشیدە خواستی فرمان) ل سەر وە تومارکریە وتیدا داخازا نەهیلانا هاوبەشی یا خانووبەرێ ژمارە(٨٣٧/٧ کەرتێ کیستە) ب فروتن ودابەشکرنا وی پارەی دناڤبەرا هەڤپشکان دا هەر ئێك گوڕەی پشکێت وی ئەوێت د وێنەی تومارا یا لسەری دیارکری دکت وژبەر کو جهێ ناکنجیبوونا وە نەدیارە لدیڤ ڕۆنکرنا بنگەهێ پولیسێن دەلال ژمارە (٥٦٩٦)ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١١/١٤ داوالێکراوا نەهات ئاکەهدارکرن وهەڤپێچ دگەل ئیشعارا هەلبژارێ گەرەکا کیستە کو تیدا هاتیە دیارکرن ناڤێ داوالێکراوان دتومارا ەرەکا مەدا هەیە بەلێ نوکە ئەم نزانن ناکنجیێ کیڤەنە وجهێ ناکنجیبینا وان نەدیارە وژبەر دیار نەبینا جهێ ناکنجیبینا وە دادگەهێ ل ڕۆژا ٢٠١٩/١١/٢٤ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامەیێن نافخوی وڕۆژانەدا پالپشت ب مادێ ٢١ ژ یاسا دادبینیا شارستانی بو ئامادەبینا وە یان نوێنەرێ وە یێ یاسایی ل ڕۆژا دادبینیێ ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٢/٢ ل دەمژمێر ٩,٣٠ سپێدێ وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پالا بنەبر وەرگرت
دادەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگای مادەکان دهوك
ژمارە/ ٧٣/مادەکان/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١١/٢٤
راگەهاندن ب بریاری با شملیی
بۆ داوالێکری (خدیدا حسن عیسو) بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل ڕۆژا ٢٠١٩/١١/١٩ دناف بەرا تە دا وداواکار (وارڤین جوقی خرتو) وتە مافێ نەرازیبونێ ل سەر بریارێ هەیە دەمێ دە ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڕۆژنامێ وبەروڤاژی دێ بریار دوماهیك ئێت دەرهەقێ تەدا
دادەر/

***

جاردان
بۆ داوالێکراو (سەرکەوت عبدالقادر ابراهیم)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (١٥٤٨/ش/٢٠١٩/٥) بڕیاریدا بە (نفقة) بۆ ئێوەو داواکار (شیهاء طارق عثمان) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر / گەرەکی کۆیستان بڕیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی باڵوکردنەوەی ئەم جارانە بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردە گرێت.
دادەر/ پەژار عبدالله نصیف

***

دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە:١٥٤٨/ش/٢٠١٩/٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢١
جێبەجێکاری داد/ کالی قادر پیرۆت

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥
ژمارە:١٥٤٨/ش/٢٠١٩/٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (ابراهیم احمد عثمان) ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٨١٧/ش/٢٠١٩) ل ڕۆژا ٢٠١٩/١١/٧ ژێك ڤەبونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە وداواکار (ڤیان یوسف سعید) وژبەر نەدیاربونا جهێ ئاکنجیبونا تە ول دیف دەقی یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهدارێ تە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهدارێ تە بێتەکرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەیێن ڕۆژانە وتە مافی نەرازیبونی وپیداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پالا بنەبر وەرگرت
دادەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگای مادەکان دهوك
ژمارە/ ٧٣/مادەکان/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١١/٢٤
راگەهاندن ب بریاری با شملیی
بۆ داوالێکری (خدیدا حسن عیسو) بریار هاتە دان ژلایێ ڤێ دادگەهێ دکێشا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل ڕۆژا ٢٠١٩/١١/١٩ دناف بەرا تە دا وداواکار (وارڤین جوقی خرتو) وتە مافێ نەرازیبونێ ل سەر بریارێ هەیە دەمێ دە ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڕۆژنامێ وبەروڤاژی دێ بریار دوماهیك ئێت دەرهەقێ تەدا
دادەر/

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٨٥٨٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ڕێ تیلیکۆم) بۆ (گەیاندن/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە باڵوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٨٥٩٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (النسر الطائر) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە باڵوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا ا
ژمارە: ٢٠٩٤٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (المرغوب) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (المرغوب) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار)
لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٣) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (مەریوان وەیسی صابر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك باڵوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١١/٢٤
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (المرغوب) بۆ بازرگانی گشتی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ١/١/٢٧/٣٠٠
ڕێکەفت: ٢٠١٩/١١/٢٤
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کڕێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا ساڵا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر قسی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کڕێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئێك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا هەرسێ بازارێت باژێرڤانییا بەردەرەش کو پێك دهێت ب (٣٠) دوکانا ل سەر پارچە زەڤیێن یا ژمارە (٤/١٢ ، ٣٢٥/١ ، ٣٠٢٢/١) کەرتێ (٦٣) بەردەرەش گەورە بۆ ماوێ (٢) دوو ساڵا هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل داپینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا بەردەرەش بکەت د ماوێ ٣٠ سیە ڕوژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕوژنامێ دا و ئەڤ سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا بەردەرەش دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی
***
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٩/٢
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (فاروق احمد محمد ٣٤٪ هونەر صابر محمود ٣٣٪ هۆگر زرار محمود ٣٣٪) لە بەروارى ٢٠١٩/٩/١ کە داواى تۆمارکردنى ئامێرەکانى کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆى وئێستا دانەراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانى لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەى پەیوەندى بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنى یاسایى بگرێتەبەر بۆ سەلماندنى و گەواهیەك پیشانى ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستى ڕاگرتنى تۆمارکردن لەماوەى پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دواى بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتى یەکلاکردنەوەى داواکەو ناڕازییوون بۆماوەى حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگاى پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانى تۆمار دەکرێت بەناوى داواکارى تۆمارکردنەکە بەگوێرەى یاسا دادنووسى ژمارە (٣٣)ى ساڵى ١٩٩٨ و بڕوانامەى تۆمارکردنیشى پێ دەدرێت.
دادنووسى یەکەم / مریوان قرەنى ابراهیم
ئامێژەکان:
١- سێ دانە ئامێرى لەحیم ولدن ژمارە/١٥١١٨٣٢٨٧ و ١٥١١٧٢١٨٤ و ١٥٤١٧٢١٨٦ دروستکراوى یابانیین مۆدێل ١٩٧٧ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانا ٣٠K.W*.
٢- ئامێرى لەحیم ولدن بێ ژمارە دروستکراوى خۆمالى مۆدێل ١٩٧٨ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانا ٣٠ امپێر.
٣- کەتەرى برینى ئاسن ٧,٥ بێ ژمارە دروستکراوى تورکى مۆدێل ١٩٧٨ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانا K.W٧,٥.
٤- پێنج دانە ئامێرى کۆسەرەى صاف کردن ژمارە/ ٦٠٠٠ و ١٣٣١٠٠٣ و ٥٢٨٠ و ٦١٦٠ و ٦٠٩٣١ دروستکراوى یابانیین مۆدێل ١٩٧٨ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانا ٢,٥ امپێر.
٥- سێ دانە درێلى کون کردنى ئاسن ژمارە/ ١٤٠٠ و ٧٠٠٥٦٠ و ٧٠٠٣٩٠ دروستکراوى یابانیین مۆدێل ١٩٧٨ جۆرى سوتەمەنى کارەبا توانا ١,٥ امپێر.
***
دادگاى کەتنى هەولێر/١
ژمارە: ١٣٤٣/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٩
بۆ تۆمەتبارى هەڵاتوو: عدنان یونس نبى
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەى شوێنى نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى١٤٣/ك لە یاساى بنەماکانى دادگایى کردنى سزایى، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگاى ڕۆژنامەى ناوخۆى ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ى بەیانى لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٣٠ بەمەبەستى دادگایى کردنت بەپێى مادەى یاسایى (٤٥٦) لە یاساى (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارى بەپێى یاسا.
دادەرى یەکەم/ گیلانى أحمد محمدامین
***
دادگاى کەتنى هەولێر/١
ژمارە: ١٣٤٠/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٩
بۆ تۆمەتبارى هەڵاتوو: براء احمد زیدان
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەى شوێنى نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى١٤٣/ك لە یاساى بنەماکانى دادگایى کردنى سزایى، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگاى ڕۆژنامەى ناوخۆى ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ى بەیانى لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٣٠ بەمەبەستى دادگایى کردنت بەپێى مادەى یاسایى (٤٥٣) لە یاساى (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارى بەپێى یاسا.
دادەرى یەکەم/ گیلانى أحمد محمدامین
***
دادگاى کەتنى هەولێر/١
ژمارە: ١٣٣٩/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٩
بۆ تۆمەتبارى هەڵاتوو: محمد محمد مصطفى
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەى شوێنى نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى١٤٣/ك لە یاساى بنەماکانى دادگایى کردنى سزایى، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگاى ڕۆژنامەى ناوخۆى ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ى بەیانى لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٣٠ بەمەبەستى دادگایى کردنت بەپێى مادەى یاسایى (٤٥٣) لە یاساى (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارى بەپێى یاسا.
دادەرى یەکەم/ گیلانى أحمد محمدامین
***
دادگاى کەتنى هەولێر/١
ژمارە: ١٣٤٢/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٩
بۆ تۆمەتبارانى هەڵاتوو: عبدالهادى قادر رشید و عبدالقادر غفور عزیز
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەى شوێنى نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى١٤٣/ك لە یاساى بنەماکانى دادگایى کردنى سزایى، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگاى ڕۆژنامەى ناوخۆى ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بە مەبەستى ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ى بەیانى لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٣٠ بەمەبەستى دادگایى کردنتان بەپێى مادەى یاسایى (٤٥٣) لە یاساى (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆتان بەرپرسیارن بەپێى یاسا.
دادەرى یەکەم/ گیلانى أحمد محمدامین
***
دادگاى کەتنى هەولێر/١
ژمارە: ١٣٣٦/ك١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٩
بۆ تۆمەتبارى هەڵاتوو: نور استبرق داود
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەى شوێنى نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەى١٤٣/ك لە یاساى بنەماکانى دادگایى کردنى سزایى، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگاى ڕۆژنامەى ناوخۆى ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستى ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ى بەیانى لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٣٠ بەمەبەستى دادگایى کردنت بەپێى مادەى یاسایى (٤٥٣) لە یاساى (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیارى بەپێى یاسا.
دادەرى یەکەم/ گیلانى أحمد محمدامین
***
دادگاى بەرایى هەولێر/٤
ژمارە: ٢٠٩٨/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٠
جارِدان
بۆ/داوالێکراو (علی صباح هادی)
ئەم دادگایە لە داواى ژمارە (٢٠٩٨/ب/٢٠١٩) لەڕێکەوتى ٢٠١٩/١١/١٤ بڕیارى پاشملەى دەرهەقت دەرکردووە بە پابەندکردنت بە گەڕاندنەوەى (٥٠٠) دۆلارى ئەمریکى بەرامبەر بەدینار (٦٠٠,٠٠٠) هەزار دینار لەگەڵ (٨) مسقال زێڕ بۆ داواکار (باسمە ناظم مال اللە) عیار ٢١ نرخى (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار. وە لەبەر ئەوەى شوێنى دانیشتنت نادیارە بەپێى اشعارى موختارى (خەبات/ کۆمەڵگاى کانى قرزالە) لە ٢٠١٩/٩/٨ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت بەم بڕیارە لە ڕێگاى دوو ڕۆژنامەى ڕۆژانەى ناوخۆیى وە ئیوە مافى تانى (اعتراض) و تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەتان هەیە لەبڕیارى نەهاتووى پاشملەى دادگا لە ماوەى یاسایى بە پێچەوانەو بڕیارەکە پلەى کۆتایى وەردەگرێت.
دادەر/محمد بهاءالدین عبدالله
***
دادگاى کەتنى هەولێر/٣
ژمارە/٢١١/ك/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/١٤
بۆ تۆمەتبارى هەڵاتوو/ بسام کریم عبدالرحمان و جمال حسن چلوب و رحمان کریم سلیمان
ئاگادارکردنەوەى سزا
ئەم دادگایە بریارى حوکمى دەرکردووە بەژمارە ٢١١/ك/٢٠١٩/٣ لە ٢٠١٩/١١/٣ لەسەرتان بەزیندانى کردنیان (الحبس) بۆ تۆمەتباران بۆ ماوەى (٢) دوو سال بۆ هەرکێکیان بەپێى ماددەى (٤٥٦) بەدلال المواد (٤٧ – ٤٨- ٤٩) لەیاساى (سزا) بەشێوەیەکى پاشملە (غیابى) لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێتیان نادیارە بۆیە بریار درا بەهۆى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆیى ڕۆژانە پێتان ڕابگەیەندرێت.. مافى تانوت لێدانتان هەیە لە بڕیارەکە بەرێگاى ناڕازییوون و پێداچوونەوە لە ماوەى یاساییدا (٣ مانگ لە ڕۆژى بڵاوبوونەوەى ئەم ئاگادارییە) بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەى بنبڕى وەردەگرێت.
دادەر/ بهزاد جهاد فائق
***
دادگاى کەتن لە شەقلاوە
ژمارە: ٣٦/د/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/١٣
بۆ تۆمەتبارى نادیار/ ئارمند محمد مجید
ئاگادارکردنەوەى سزا
ئەم دادگایە بریارى حوکمى دەرکردووە بە ژمارە ٣٦/د/٢٠١٩ لەسەرى بە (حبس) بۆ ماوەى یەك سال بەپێى ماددەى (٢٦٧) لە یاساى سزادان بەشێوەیەکى پاشملە (غیابى) لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێ بوونى نادیارە بڕیاردرا لە ڕێگاى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆى ڕۆژانە پێى ڕابگەیەندرێت مافى تانە لێدانتان هەیە لەبڕیارەکە بەرێگاى ناڕەزاى بوون و پێداچوونەوە و لەماوەى (٣) مانگ لەڕۆژى بڵاوبوونەوەى ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەى بنبرى وەردەگرێت.
دادەر/ کەنار طاهر قادر
***
دادگاى تاوانى هەولێر/١
ژمارە: ١٢٦/ج/٢٠١٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢١
بۆ تۆمەتبارى هەلاتوو/ محمد قادر میا عبدالحلیم
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگاى تاوانى هەولێر/١ لە داواى ژمارە ١٢٦/ج/٢٠١٤ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابى لەڕۆژى ٢٠١٩/٧/١٠ دادگا بڕیاریدا بە بەندکردنت بۆ ماوەى (٦) شەش سال بەپێى ماددەى (٣٩٦) لەیاساى سزادان بۆیە بەگوێرەى یاسا پێنت ڕادەگەیەنین کە لەماوەى شەش مانگ لەڕۆژى بڵاوکردنەوەى ئەم دادگایە بریارى حوکمى دەرکردووە بە ژمارە ٣٦/د/٢٠١٩ لەسەرى بە (حبس) بۆ ماوەى یەك سال بەپێى ماددەى (٢٦٧) لە یاساى سزادان بەشێوەیەکى پاشملە (غیابى) لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێ بوونى نادیارە بڕیاردرا لە ڕێگاى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆى ڕۆژانە پێى ڕابگەیەندرێت مافى تانە لێدانتان هەیە لەبڕیارەکە بەرێگاى ناڕەزاى بوون و پێداچوونەوە و لەماوەى (٣) مانگ لەڕۆژى بڵاوبوونەوەى ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەى بنبرى وەردەگرێت.
دادەر/ کەنار طاهر قادر
***
دادگاى تاوانى هەولێر/١
ژمارە: ١٢٦/ج/٢٠١٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢١
بۆ تۆمەتبارى هەلاتوو/ محمد قادر میا عبدالحلیم
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگاى تاوانى هەولێر/١ لە داواى ژمارە ١٢٦/ج/٢٠١٤ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابى لەڕۆژى ٢٠١٩/٧/١٠ دادگا بڕیاریدا بە بەندکردنت بۆ ماوەى (٦) شەش سال بەپێى ماددەى (٣٩٦) لەیاساى سزادان بۆیە بەگوێرەى یاسا پێنت ڕادەگەیەنین کە لەماوەى شەش مانگ لەڕۆژى بڵاوکردنەوەى ئەم دادگایە بڕیارى حوکمى دەرکردووە بە ژمارە ٣٦/د/٢٠١٩ لەسەرى بە (حبس) بۆ ماوەى یەك سال بەپێى ماددەى (٢٦٧) لە یاساى سزادان بەشێوەیەکى پاشملە (غیابى) لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێ بوونى نادیارە بڕیاردرا لە ڕێگاى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆى ڕۆژانە پێى ڕابگەیەندرێت مافى تانە لێدانتان هەیە لەبڕیارەکە بەرێگاى ناڕەزاى بوون و پێداچوونەوە و لەماوەى (٣) مانگ لەڕۆژى بڵاوبوونەوەى ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەى بنبرى وەردەگرێت.
دادەر/ کەنار طاهر قادر
***
دادگاى تاوانى هەولێر/١
ژمارە: ١٢٦/ج/٢٠١٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢١
بۆ تۆمەتبارى هەلاتوو/ محمد قادر میا عبدالحلیم
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگاى تاوانى هەولێر/١ لە داواى ژمارە ١٢٦/ج/٢٠١٤ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابى لەڕۆژى ٢٠١٩/٧/١٠ دادگا بڕیاریدا بە بەندکردنت بۆ ماوەى (٦) شەش سال بەپێى ماددەى (٣٩٦) لەیاساى سزادان بۆیە بەگوێرەى یاسا پێنت ڕادەگەیەنین کە لەماوەى شەش مانگ لەڕۆژى بڵاوکردنەوەى ئەم دادگایە بڕیارى حوکمى دەرکردووە بە ژمارە ٣٦/د/٢٠١٩ لەسەرى بە (حبس) بۆ ماوەى یەك سال بەپێى ماددەى (٢٦٧) لە یاساى سزادان بەشێوەیەکى پاشملە (غیابى) لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێ بوونى نادیارە بڕیاردرا لە ڕێگاى دوو ڕۆژنامەى ناوخۆى ڕۆژانە پێى ڕابگەیەندرێت مافى تانە لێدانتان هەیە لەبڕیارەکە بەرێگاى ناڕەزاى بوون و پێداچوونەوە و لەماوەى (٣) مانگ لەڕۆژى بڵاوبوونەوەى ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەى بنبرى وەردەگرێت.
دادەر/ کەنار طاهر قادر
***
ئەم ئاگادارییە بەپێى ماددەى ٢٤٣ لەیاساى بنەماکانى دادگاییکردنى سزایى مافى تانە لێدانت لاعتراض و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەى کۆتایى وەردەگرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
بەڕێوەبەرایەتى جێ بەجێ کردنى هەولێر
ژمارە: ٢٠١٩/١٩٢١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٤
ئاگاداری
بەڕێوبەرایەتى جێبەجێکردنى هەولێر لە دۆسیەى جێبەجێکردنى ژمارە (٢٠١٩/١٩٢١) ئۆتۆمبێلى ژمارە (٢١٣٣٨٠ – هەولێر تایبەت) جۆرى (کیا سیراتۆ) مۆدێل (٢٠١٠ ڕەنگى عنابى) قەرزار (بارزان عبدالوهاب مرزا عمر) بەلێك زیادکردنى ئاشکرا دەفرۆشێت لەجیاتى قەرزى (دەشتى شیخ محمد اسماعیل) کە بڕى (٢٦٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن) دینارە هەرکەسێ ئاگەزووى کرینى دەکات لە ماوەى (٣) ڕۆژ لە ڕۆژى دواى بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوبەرایەتیە وە دەلالیەکەش لەئەستۆى کریارە و نرخى ئۆتۆمبێلەکەش بەبڕى (١٨,٠٠٠,٠٠٠ هەژدە ملیۆن) دینار قرساوە.
جێبەجێکارى داد/ هەردى حمدامین همزه
***
فەرمانگەى دادنووسى سلێمانى/١
کارگێڕى و خۆیەتى
ئاگاداری
هاوڵاتى (وریا عزیز محمود ٥٠٪ دیارى محمود رسول ٥٠٪) خاوەنى کارگە (ژیلەمۆ بۆ دروستکردنى شیش و کەرەستەى بیناسازى) بگوێزێت بۆ (کارگەى ماستەر ستیل/ Master steel بۆ دروستکردنى شیش و کەرەستەى بیناسازى) ڕەزامەندى لایەنە پەیوەندیدارەکانى وەرگرتووە هەر کەسێك و لایەنێك لارى هەیە لە گوزێنى ناوى ئەم پرۆژەیە با لە دواى دەرچوونى ئەم ڕۆژنامەیە لە ماوەى (١٥) ڕۆژدا پەیوەندى بکات بەم فەرمانگەیەوە بەپێچەوانەوە ناچار دەبین ناوى پرۆژەکەى بۆ بگوزرین.
دادنووس/ ناودێر عبدالله حمه عزیز
***
دادگاى کەتن لە هەڵەبجە
ژمارە: ٢٨٠/ج/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٢
بۆ/ تۆمەتباریى هەڵهاتوو (احمد مجید حمەصالح)
لەبەر ئەوەى شوێنى نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێى ئیشعارى ئەنجومەنى هەڵبژێراوى (هەلەبجە) بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە پێویستە لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لەڕۆژى ٢٠١٩/١٢/١١ بەمەبەستى دادگایى کردنت بە گوێرەى ماددەى ٤٥٣ لەیاساى سزاکانى عیراقى وە بەپێچەوانەوە ئەگەر ئامادەنەبیت دادگایى دەکرێیت بەپاشملەیى و خۆت بەرپرسیار دەبێت، پاڵپشت بەئەحکامى ماددەى ١٤٣/ج لەیاسایى بنچینە دادگاییە سزاییەکان.
دادەر/ محمد شفیق حمه
***
دادگاى کەتنى سلێمانى/٢
ژمارەى داوا: ١٧٦١/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٣
بۆ/ تۆمەتبارى ڕاکردوو: نورى رمضان محمود
ئاگاداری
لەبەر ئەوەى نێردراوى بۆ ئەوەى دادگایى بکرێیت بەپێى ماددەى (١/٢٣) لەیاساى هاتووچۆ لەو کێشەیەى کە تایبەتە بەبنکەى پۆلیسى (بەکرەجۆ) وە لەبەر ئەوەى جێگەى دیارى کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژى ٢٠٢٠/٤/٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەى پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایى دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێى یاسا.
دادەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگاى کەتنى سلێمانى/٢
ژمارەى داوا: ١١٠٠/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٣
بۆ/ تۆمەتبارى ڕاکردوو: زانا عمر کاکل صالح
ئاگاداری
لەبەر ئەوەى نێردراوى بۆ ئەوەى دادگایى بکرێیت بەپێى ماددەى (٢٣) لەیاساى هاتووچۆ لەو کێشەیەى کە تایبەتە بەبنکەى پۆلیسى (ئازادى) وە لەبەر ئەوەى جێگەى دیارى کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژى ٢٠٢٠/٤/٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەى پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایى دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێى یاسا.
دادەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگاى کەتنى سلێمانى/٢
ژمارەى داوا: ١٠٦٤/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠١٩/١١/١٢
بۆ/ تۆمەتبارى ڕاکردوو: عطا بکر صدیق
ئاگاداری
لەبەر ئەوەى نێردراوى بۆ ئەوەى دادگایى بکرێیت بەپێى ماددەى (٤٥٦) لەیاساى سزادان لەو کێشەیەى کە تایبەتە بەبنکەى پۆلیسى (بەکرەجۆ) وە لەبەر ئەوەى جێگەى دیارى کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژى ٢٠٢٠/٤/٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەى پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایى دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێى یاسا.
دادەر / شیرین علی حمەسور
***

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئه نجومەنی وەزیران
وەزارەتی کارەبا
نووسینگەی وەزیر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان

Kurdistan Regional Government
Council Of Ministers
Ministry Of Electricity
Minister's office
Contracts directorate

اقلیم کوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة الكهرباء
مكتب الوزير
مديرية العقود

ژمارە : 7984
ڕێکەوت: 2019/11/20

کەمکردنەوەی نهێنی ژمارە (8)ی ساڵی 2019

وەزارەتی کارەبا کەمکردنەوەی نهێنی ڕادەگەیەنێت بۆ کرینی (دابین کردنی گۆزەری پاوەر (kv11/33) وێستگەی نەسیج) بە قەبارە (16 MVA) بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر هەر بەلێنەدەرێك یان کۆمپانیایەك ئاڕەزووی بەشداربوونی هەیە بۆ ئەم مەبەستە دەتوانێ سەر لە بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان بدات لە وەزارەتی کارەبا بۆ وەرگرتنی تەندەرو مەرجەکانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن :
1- جێ بەجێ کردنی کارەکان دەبێت بەپێ ی ڕێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە حکومیەکان ژمارە (2) ساڵی (2016) و ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت .
2-هەموو کارەکان دەبێت ئەنجام بدرێت بەپێ ی مواسفاتی وەزارەتی کارەبا.
3- ماوەی دابین کردن (120) سەدو بیست ڕۆژی تەقویمیە لە دوای سپاردنی بەو کۆمپانیایەی کە بۆی دەردەچێت.
4- بەلێندەر دەبێت پابەند بێت بەمەرجەکانی دواکەوتن بەپێ ی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی

هاوکێشەی / پێبژاردنی ڕۆژانە = (گۆڕەی گرێبەست / ماوەی ڕۆژەکانی گرێبەست) ×10٪ لە ڕێنماییەکانی جێ بەجێ کردنی گرێبەستە گشتیەکان .

5- ماوەی گەرەنتی و چاککردنەوەی پرۆژەکە دەکاتە (12) مانگە.
6- بارمتەی سەرەتای بریتیە لە (4.500.000) چوار ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار کە بە چەکێکی پەسندکراو یاخود بە شێوەی (دەستەبەری بانکی).
7- 5٪ لەکارە ئەنجامدراوەکانی کۆتایی دەبردرێت وەکو بارمتەی کۆتایی (چاککردنەوە) .
8- گۆڕەری داواکراو پێویستە دابین بکرێت بەپێ ی مواسەفاتی سکۆپی ناو تەندەر.
9- دابین کردنی جۆری گۆڕەڕەکە دەبێ بەپێ ی ڤیندەلیستی وەزارەتی کارەبا بێت وەك هاوپێچ کراوە لەناو تەندەر.
10- دەبێت تێستی کارگەیی بکرێت بە ئامادەبوونی شاندی وەزارەت .
11- ئەگەر گۆڕەر لە تێستی کارگەیی دەرنەچوو ئەوا وەزارەت مافی ڕەتکردنەوەی هەیە بەبێ هیچ قەرەبوویەك .
12- دەبێت ئۆفەری دارایی و تەکنیکی لە دوو زەرفی داخراوی جیا جیا پێشکەش بکرێت.
13- دەبێت تەندەرەکە مۆرو واژووی کۆمپانیای لەسەر بێت.
14- دەبێت کۆمپانیا لە پلە هەشت کەمتر نەبێت ئەگەر بەلێندەرایەتی بێت وە ئەگەر کۆمپانیا بازرگانی گشتی بێت پێویستە تۆمار کرابێت و وێنەیەك لە تۆمار پێشکەش بکات لە گەڵ ئۆفەر.
15- وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لە وەزارەتی کارەبا / ب. گرێبەستەکان دەبێت.
16- ئامادەبوونی نوێنەری کۆمپانیا لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەکان .
17- کرێ ی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایە دەبێت کە بۆی دەردەچێت .
18- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیارکراو وەرناگرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
19- نرخی کرینی تەندەر (100,000) سەد هەزاردینارە بە پێ ی پسولەیەك کە بۆی ناگەڕێتەوە.
20- ئەگەر بەهەر هۆیەك ڕۆژی دیاریکراو بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر بووە پشوو ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی فەرمی دوای ئەو بەرواره دەبێتە دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەر .
21- دوارۆژ بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان لەڕۆژی یەك شەممەیە کە دەکاتە ڕێکەوتی 2019/12/8 کاتژمێر (12) نیوەڕۆ.

کمال محمد صالح
وەزیری کارەبا
2019/11/19

کۆفان 2019/11/18 هاجر

www.krgelectric.org
moe-kr@hotmail.com
Kurdistan – Erbil
Tel: 0662272213

30 ساڵ بەسەر رووخانی دیواری بەرلین تێپەڕی



ئەنا گریزیالا-پوسی
پاولین جۆنز

سی ساڵ پێش ئێستا، دیواری بەلین رووخا، کە بە سیمبولێکی بەهێز و بەربەستێکی قایمی جیاکەرەوەی نێوان، رۆژهەڵاتی کۆمۆنیست و رۆژئاوای دیموکرات، لەدوای ساڵی 1961 دادەنرا. کۆمۆنیزم لە رۆژهەڵاتی ئەورووپا دارما، یەکەمجار لەنێوان ساڵانی 1989و ?1990 پاشان لە یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی 1991دا. یەکێتیی سۆڤیەت، یوگسلاڤیا و چیکۆسلۆڤاکیا هەڵوەشانەوە و دوو ئەڵمانیاکەش بوونە یەک. حکومەتەکان بە دریژایی ناوچەکە، هەڵبژاردنی ئازادیان ئەنجام دا. خەڵکێکی زۆر هیوا خواز بوون، ئەو کۆمەڵگەیانە ببنە دیموکراتی بووژاوە و خاوەن ئابووری بازاڕ.

ئەورووپای رۆژهەڵات، لە چنگی سۆڤیەت رزگاری بوو و بەهاکانی رۆژئاوای تایبەت، بە بازاڕ و دیموکراتیەتی پەیڕەو کرد. جیهان ئاهەنگی بۆ ئەو گۆڕانکاریانە گێڕا، بەو گوزارەیە نا، کە سەرکەوتنی دیموکراتیەت و بازاڕەکانی ئازادە، بەڵکو بۆ ئایدۆلۆجیا و هەژموونی سیاسیی رۆژئاواییەکان بەسەر هەژموونی سۆڤیەتدا. دیوکراتیەت، بازاڕەکان و چاکسازییەکانی کارگێڕی بە کردەوە بووژاندەوە، بۆیە سەرووی ریزبەندی بەر هەژموونی رۆژئاوا کەوت. لە زۆربەی ووڵاتاندا، بژاردەکان لە هەموو لایەنەکانی سیاسییەوە یەکیان گرت، بۆ ئەوەی چاکسازییەکانی بازاڕ پەیڕەو بکەن و پشتیوانی لە ئەندامیەتی لە یەکێتیی ئەورووپادا بکەن. حکوومەتەکانی ناوچەکە، چاویان لە دامودەزگاکانی سیاسیی رۆژئاوا کرد، هاوشێوەی بنەماکانی هەڵبژاردن و ئاژانسەکانی ڕێکخراو و کارگێڕییەکانی هەرێمایەتی. کاتێکیش حکوومەتەکان ئەوپان نەکرد، ئەمەریکا و یەکێتیی ئەوروپا، سیاسەتی ترساندن و تۆقاندنیان بۆ هاندان لەسەر چاکسازییەکان گرتەبەر. بۆ بەدیهێنانی ئەو پابەندییە تازانەش، 10ووڵات لە قەوارەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، چوونە نێو هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ)، لەنێوان ساڵانی 1999و 2004دا، پاشان سێ ووڵاتی دیکەشیان چووە پاڵی. لە یەکی ئایاری 2004یشدا، 8لەو ووڵاتانە چوونە نێو یەکێتیی ئەورووپا، لەیەکێ لەو ووڵاتانە چیکۆسلۆڤاکیا بوو، کە دوای ساڵی 1989 دابەشکرا بۆ دوو دەوڵەتی جیا.



ساڵی 1487:
ئەلیزابێس یەکەم بوو بە شازنی ئینگلتەرا.



ساڵی 1956:
لەڕێگر سەرکردایەتی میسردا ، سوپای ئوردن و سووریا و میسر یەکخران.



ساڵی 1975:
سۆرینام سەربەخۆیی لە هۆڵەندا راگەیاند.



ساڵی 1992:
دوای ئەنجامدانی راپرسی، بڕیار درا چیکۆسلۆڤاکیا بکرێ بە دوو دەوڵەتی جیا.



ساڵی 2016:
لە شاری سمنانی ئێران دوو شەمەندەفەر پێکیان دادا و 45 کەس گیانیان لەدەست دا.



ساڵی 2018:
بومەلەرزەیەک بە گوڕی 6.3 پلە لە رۆژئاوای ئێران و هەرێمی کوردستان رووبدا و زیاتر لە 400 کەس بریندار بوون .

وەزیرانی کۆماری چیک، بە تێوەگلان لە پرۆسەگەلی پشتیوانیکەر لە ستەمکاری تۆمەتبار دەکەن. ڕووسیاش لە سەردەمی پۆتین-نەوەکو ئەمەریکا یان رۆژئاوا-بووەتە خاوەن هەژموونی سیاسی و سەربازیی لە ناوچەکەدا هەیە، وەکو هەڵبژاردنی سەرۆکێکی دژ بە گەندەڵی لە سلۆڤاکیا، هەوڵەکانی ڕۆمانیا، بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و بووژانەوەی بەردەوامی کۆمارەکانی بەڵتیک، هەرچەندە دراوسێکانیش لە دژی ئەون.



ئۆربان، گوزارەیان لە بۆچوونەکانی پۆتین کرد و داکۆکیشیان لە ((دیموکراتیەتی نا لیبڕاڵی)) کرد. بە دڵنیاییەوە، هۆکارگەلێک بۆ گەشبینی سەبارەت بە ئایندەی دیموکراتیەت لە ناوچەکەدا هەیە، وەکو هەڵبژاردنی سەرۆکێکی دژ بە گەندەڵی لە سلۆڤاکیا، هەوڵەکانی ڕۆمانیا، بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و بووژانەوەی بەردەوامی کۆمارەکانی بەڵتیک، هەرچەندە دراوسێکانیش لە دژی ئەون.

سەرکەوتنەکانی مایەی گاڵتەجاڕییە، هاوەنگی بۆچوونەکانی بژاردەی سیاسیی لە ئەورووپای دوای کۆمۆنیزم، لەبارەی چاکسازییەکانی بازاڕ و چوونە نێو یەکێتیی ئەورووپا، ژیرترین یاخیبوونی دژ بە دیموکراتیەتە. ئەو کەمینەیەش، تارادەیەکی زۆر، خۆی لە پارتە میللییەکان دەبینێتەوە، ئەوانەی ڕەخنە لەچوونە نێو یەکێتیی ئەورووپا و ناتۆ دەگرن، بەو گوزارەیەی لە سەروەری نیشتمانی کەم دەکەنەوە. لەماوەی ڕابردوودا، لە پرۆسەی چوونە پاڵ گردبوونەوەکان، پارتە میللییەکان، وا هەستیان دەکرد لە ڕووی سیاسییەوە پەراوێز خراو و ڕەتکراوەن، بەو گوزارەیەی تووندڕۆ ودژ بە دیموکراتیەتن. بەڵام هەر کە نیشانەکانی گەندەڵی و نا بەهرەیی بەسەر پارتە سیاسییەکان لە ڕەوتی سەرەکیی دەرکەوتن، ڕەخنەگرانی میللی هەندێ بە جەماوەریبوون و ڕاستگۆییان بەدەستهێنا. لە زۆر ووڵاتدا، بۆ حکومەتەکان هەڵبژێردران و یەکسەر، بەناوی داکۆکیکردن لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی، دەستیان بە لەبار بردنی دامودەزگاکانی دیموکراتی کرد. لە ئاکامیشدا، ئێستا میللیە نا لیبڕاڵییەکان، دیموکراتیەت لەبار دەبەن، لەو ووڵاتانەش، کە پێشتر نموونەی شانازیکردن بە چاکسازییەکانی زووی دیموکراتیەت بوون، وەکو پۆڵەندا و هەنگاریا .لەلایەکی دیکەوە، سەرکەوتنی رووکەشی دیموکراتیەت و بازاڕە ئازادەکان لە ئەورووپا، هەستی رازبوونی لەنێو یەکێتی ئەورووپا و ئەمەریکا دروستکرد. ئەورووپای یەکگرتوو، دارمانی دیموکراتیەتی لە پۆڵەندا و هەنگاریا، بەچاوی خۆی بینی، بەڵام تەنیا چەند ڕێوشوێنێکی کەمی، بۆ سزادانی ئەو حکوومەتە بڕێوانە گرتەبەر. ئەمەریکاش لەلایەن خۆیەوە، لە توانای ڕووسیای لە بەربەست دروستکردن کەم کردەوە. کەوتنی دیواری بەرلین، مانای هەلی تازەی زۆر، بۆ بنیاتنانی بازاڕی گەورەتر و دیموکراتیەتی تازەی هێنایە کایەوە، بەڵام ڕێگەشی بە دەرکەوتنی سیستمی نا لیبڕاڵی و هەڵکشانی سەر لەنوێی هەژموونی ڕووسیا دا. ئێمە لەوە گەیشتووین، دیموکراتیەت ئەو دەستکەوتە نییە، کە ناکرێت لەبار ببردرێت، ئەوەش لەو ووڵاتانە ڕاست دەڕچووە، کە تازە دیموکراتیەتیان، لە سایەی دەسەڵاتێکی دوژمنکارانەی ستەمکار پەیڕەو کردووە. دیموکراتیەت وەکو دیوارە، پێویستی بە سواقدان هەیە، بۆ ئەوەی بەرگە بگرێت.

و: ڕەمزی میرەکانی
سەرچاوە:
www.alittihad.ae

ئاشکراکردنی چەند بەڵگەنامەیەک لەسەر سیخوڕیکردنی ئێران لە عێراق



ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز-ی ئەمەریکی بڵاویکردەوە لە چەند بەڵگەنامەیەکی هەواڵگریی ئێران کە دزیان پێکراوە، ئەنجامدانی چالاکی سیخوورکردنی ئەو وڵاتە لە عێراق ئاشکرا کراوە. ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز باسی لەوەشکردووە کە زۆرێک لەو بەڵگەنامانە تایبەتن بە وەزارەتی هەواڵگریی و ئاسایشی ئێران کە تیادا ئەوە ئاشکرا بووە، ئێران چالاکی سیخووری لە عێراق ئەنجامداوە. بەپێی ڕۆژنامەکە، لە بەڵگەنامەکاندا ئەوەش ئاشکرا کراوە کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، ئێران کەسانی سیخووری تایبەت بەخۆی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغدا بۆ چاودێریکردنی سەربازانی ئەمەریکا و گەشتەکانی هێزەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش بلاوکردووەتەوە. نیویۆرک تایمز ئاماژەی بەوەشکردووە کە لە بەڵگەنامەکاندا ئەو سەردانانە ئاشکرا کراوە کە فەرماندەی فەیلەقی قودس، قاسم سولەیمانی کە بۆ عێراق ئەنجامی داون، بێ ئەوەی بە دیاریکراوی وادەی سەردانەکان ئاشکرا بکرێت. ئەوە خراوەتەڕوو کە قاسم سولەیمانی لە سەردانەکانییدا بۆ عێراق ئامانجی ئەوە بووە کە حکوومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی لە دەسەڵاتدا هێنێتەوە بۆ ئەوەی پلانێک بۆ سەرکوتکردنی هەر خۆپیشاندانێک دابنێت ئەگەر دژبە هەژموونی ئێران لە عێراق ئەنجام بدرێت. ڕۆژنامە ئەمریکییەکە ئەوەشی بڵاوکردووەتەوە کە پشت بەستن بە بەڵگەنامەکان، ئێران ئاسمانی عێراقی بۆ گەیاندنی پشتیوانی سەربازی بۆ ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد بەکارهێناوە. هاوکات کەنالی ئەلحورە بڵاویکردووەتەوە، ئەو بەڵگەنامانە بەشێکن لە ئەرشیفە نهێنییەکانی هەواڵگریی ئێران و مالپەڕی "The Intercept" دەستیکەوتووە کە لەیەک کاتدا بابەتەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا بڵاودەکاتەوە. زاندراوە کە بەڵگەنامەکان سەدان ڕاپۆرت و نامە لەخۆدەگرن کە لە ساڵانی 2014و 2015لە لایەن ئەفسەرانی هەواڵگریی و ئاسایشی ئێران و لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی کە بەشێوەی مەیدانی لە عێراق کار دەکەن نووسراونەتەوە.



خێر لەهیچ شتێک نەماوە!!



غازی حەسەن

ئەم قسەیەم لەڕەشبینی نییە، بەڵام بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیش هێندە ئاڵۆزە و بەشێوەیەک گۆڕاوە، کە مرۆڤ خێر لەهیچ شتێک نەبینێت. لایەنە سیاسییە عێراقییەکان بۆ ئەوەی خۆیان لە تاوانی گەندەڵی و مەینەتییەکانی هاوواڵتیان و هۆکارەکانی قەیرانی دەسەڵاتداری بدزنەوە، پەنا وەبەر بەرنامە و لێخوڕینی گومانباوی و مەبەستی مەترسیداری دیکە دەبەن.لەم ڕۆژانە (مایک پێنس)ی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا سەردانی عێراقی کرد، لە سەربازگەی (عەینولئەسەد) وەستا و سەری لە سەربازە ئەمەریکییەکان دا و هەر لەوێش بە تەلەفۆنێک ئاخاوتنی لەگەڵ بەرپرسێکی بەغدا کرد، دوای ئەو تەلەفۆنە سەردانی هەولێری کرد و لەوێ دیداری فەرمی ئەنجام دا. نێوەڕۆکی دیدارەکان چی بوون و چی لێ شین دەبێت، یان نا ؟

ئەمە باسێکی دیکە، بەڵام پەیامێکی ئاشکرای بۆ بەغدا و لایەنە شیعییەکان و دەسەڵاتدارانی عێراق تێدایە، کە بەڵای کەمەوە بەغدا بۆ سەردان و دیداری دیبلۆماسی ئارام و جێگەی متمانە نییە. سەرباری ئەمەش جۆرێک لەخۆدوورگرتن لە ململانێ و کێشە و گرفتەکانی ئێستای بەغدا. واتە ئەمەریکا لە دەرەوەی بازنەی ناکۆییەکان هەڵسوکەوت دەکات. بەپێی ئەو زانیارییانەی بڵاوکراونەتەوە (پێنس) بە سەرۆک وەزیرانی بەغدای وتووە "نابێت تووندوتیژی دژی خۆپیشاندان بەکاربهێنرێت، هەروەها لەگەڵ خۆپیشاندانی ئاژاوەچیانەش نین".



(تەرەمپ)یش کاتی خۆی سەردانی عێراقی کرد، بەهەمان شێوە لەم بنکە سەربازییەدا بێ ئەوەی ئاگاداری دەسەڵاتدارانی بەغدا بکاتەوە، سەری لە سەربازەکانی دا، ئەو کاتیش لایەنە عەرەبییەکان کەوتنە مقۆمقۆ و گلەیی دەربڕین و گریان بۆ سەروەری وڵات!!. لەکاتێکدا هەندێکیان هۆکار و بەشدارن بۆ شکانی سەروەری. ئەمجارەش سەبارەت بەغدا هەمان شت ڕوویداویەوە، تەنیا شتێک نەبێت، کە (پێنس) سەردانی هەولێری بەشێوەیەکی فەرمی کرد، ئەم سەردانە بەم پێگە بالایەی ئەمەریکا، لەم کاتە دژوارەدا پتر لەپەیام و زیاتر لەواتایەک لەخۆ دەگرێت.گروپی عەبادی و سەدر و هەندێکی دیکەش بەئاشکرا دەستیان بەگلەیی کردووە، دیارە ئەوانە لەبنەڕەتدا دژی (عادل عەبدولمەهدی)ین، بەناوی سەروەری ڕەخنە دەگرن، هەشیانە دەیەوێت بڵێت (هەولێر پابەستی ئەمەریکا)یە، بۆیە دژایەتی هەولێر ئەرکێکی پیرۆزە، نابێت لەبیری بکەین هەموو ئەوانەی دژایەتی هەولێریان کردووە، دواڕۆژێکی باشیان لە دەسەڵات نەبووە. لە کردەوەدا ئەمەریکا لەڕێگەی ڕێککەوتنی ستراتیجی لەگەڵ بەغدا پێویستی بەوە نییە بۆ سەردانی سەربازەکانی پرس بە بەغدا بکات، بەغدا لە دۆخێکە لە هەموو شوێنێکدا خۆپیشاندانە، واتە بۆ سەردان شوێنێکی ئارام نییە، ئینجا دەستێوەردانی دەرەکی لەوێ بوەستێت.سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەفتەی ڕابردوو سەردانی بەغدای کرد، بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان بەشێک لەو لوغمە ترسناکانەی پووچەڵ کردۆتەوە، کە دژی کورد لەڕێگەی (دەستکاری نەک هەموارکردنەوەی) دەستوور بەڕێوەدەچێت. ئەو گرووپانەی دەیانەوێت (عادل عەبدولمەهدی) لەدەسەڵات لادەن، دژایەتی ئاشکرای مافە بنەڕەتییەکانی کورد دەکەن، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە خەڵکی ناڕازیی بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، چونکە پێیان وایە دژایەتی کورد، هۆکارێکی سەرەکی دەبێت بۆ نزیکبوونەوە لە سۆزی خەڵک و خۆدزینەوە و شاردنەوەی ئەو تاوانە گەورانەش دەبێت، کە لەڕابردوودا لەگەندەڵی و یاسا شکێنی و هاندانی تووندتیژی و پەیوەندییەکانیان بەدەرەوە و هاوکاری هێزی بیانی.. تاد ئەنجامیان داوە.هیچ شتێک خێری تێدا نەماوە، بەڵام دەزانم لەم کاتەدا ئاڵۆزەدا سەردانی بەرپرسێکی باڵای ئەمەریکی بۆ هەولێر و کۆ نەبوونەوە لەگەڵ بەپرسانی بەغدا، وەکو بەرپرسێکی سەرۆک کۆمار گوتیەتی ئاگامان لەم سەردانە نەبووە. بۆ عەرەبی سیاسی تووندڕەوی ڕقهەڵگتر و لە دژی هەرێمی کوردستان، سەد شتی تێدایە. هەولێر تەوەری گرنگی پەیوەندییە دیبلۆماسی و سەربازییەکان لەگەڵ ئەمەریکا و ئەوروپایە، هەرێمی کوردستان ئارام و سەقامگیرە، دەسەڵاتی هەولێر لە بەراورد بە بەغدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ هاوواڵتیان لەبارتر و گونجاوترە، هاوواڵتیانی هەرێم دۆز و مەسەلەیەکی ستراتیجی نیشتیمانیان هەیە، ئەویش پاراستنی هەرێمە. هەر پاڵپشتییەکی هەرێمی کوردستان، جێگەی ناڕەزایەتی ئەو لایەنانەیە، کە دەیانەوێت لەڕێگەی دژایەتی هەرێم خۆیان لەکەوتن و مردن ڕزگار بکەن. ئەم هەنگاوانە مانای ئەوە نییە، هەرێم کێشەی نییە و خەڵک پێویستی بەخزمەتگوزاری باشتر و کەمکردنەوەی گەندەڵی و بەدیهێنانی دادپەروەری پتر نییە، بەڵێ هەرێمیش لە هەندێک بواردا قەیرانی هەیە، بەڵام هەرێم دژایەتی هیچ لایەن و گرووپ و وڵاتێک ناکات، کار دەکات بەشێک نەبێت لە ململانێ و ناکۆکییە دەرەکییەکان و ناوەخۆییەکانی بەغدا، پێچەوانەی لایەنە شکستخواردووەکانی بەغدا. ئەم سەردانە بۆ هەرێم سەدان شتی تێدایە، پێویستە بۆ کردەی خێر و یەکگرتووی گوتاری سیاسی بێت و پێگەی سیاسی و دیبلۆماسی هەرێم بەهێزتر و بەهێزتر بکات، تەنیا شتێک ئەوەیە بۆ عەرەب هیچی تێدا نییە، پێویستە لەڕووی دەروونی و ڕیکلامی سیاسییەوە نەبێتە سەرچاوەی پتر ترسناندن و هاندانی ئەو لایەنانەی دژایەتی کورد بەسەرکەوتنی خۆیان دەزانن.



کاریکاتێر

مانشێت



سکای نیوز:
سیرگێ لاڤرۆڤی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا دووپاتی کردەوە بوونی هێزەکانی ئەمەریکا لەسەر خاکی ژاپۆن بەربەستێکە بۆ پێشخستنی پەیوەندیەکانی مۆسکۆ لەگەڵ تۆکیۆ.



ئیلاف:
لە هەرێمی کاتالۆنیا حکوومەتی ئسپانیا چەندین ژمارەی نووسینی بڵاو کردەوە تیایاندا ڕۆژنامەنووسان بە تیرۆریست ناوبراون.



ئەی ئێف پی:
پەرلەمانی پۆلیڤیا رازی بوو بەوەی بەیێ مۆرالیس هەڵبژاردنێکی پێشوەختە لە وڵات ئەنجام بدرێ.




ڕۆیتەرز :
ڕیچارد سپێنسەری وەزیری دەریایی ئەمەریکا دووپاتی کردەوە کە بەنیاز نیە دەست لەکار بکێشێتەوە .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێک بووە هۆی کوژرانی 3 کەسی سیڤیل و بریندارببونی 5ی دیکە .



کەنالی ئار تی:
وەزیری بەرگری تورکیا رایگەیاند ئەگەر ئەمەریکا فڕۆکەی ئێف 35یان پێ نەفرۆشێ ، ئەوان ناچار دەبن بیر لە ئەلتەرناتیڤی دیکە بکەنەوە .



(بەرزە پالەپەستۆی ساییری) چیە و کاریگەرییەکەی لەسەر هەرێمی کوردستاندا چۆنە؟

(بەرزە پالەپەستۆی ساییری) بریتییە لە سەنتەری بەرزە پالەپەستۆی هەوایی ئاست بەرز کە بە شێوەیەکی بەردەوام بوونی هەیە لە جەمسەری بەستووی باکووری زەوی، بە تایبەتی لە سەرووی هێڵی 45پلە بە ئاراستەی باکووری رۆژهەڵاتی سیبیریا ی رووسیاوە وە یەکێکە لە گرنگترین بەرزە پالەپەستۆیە هەواییەکانی وەرزی زستان لە نیوەگۆی باکووری زەویدا.


بەرزترین ئاستی لەنێو بەرگە هەوادا دەگاتە 2400 مەتر بەڵام لە بەرزایی 3000 مەتردا تەواوی خاسییەتەکانی لەدەست دەدات.

نێوەندی پەستانی هەوا لەنێو (بەرزە پالەپەستۆی ساییری) لە ئاستی رووی دەریا وە لە مانگی شوبات – کە بەرزترین ئاستی تێدا تۆمار دەکرێت ژ دەگاتە 1035هێکتۆپاسکال کە 22پلە زیاترە لە هەموو بەرزە پالەپەستۆیەکانی دیکەی جیهانیی کە بەرزترین ئاستیان دەگاتە 1013 هێکتۆپاسکال.

هۆکاری ئەو بەرزبوونەوەیە لە (بەرزە پالەپەستۆی ساییری) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساردبوونەوە یەگجار زۆر تونەی کە لە وەرزی سەختی زستاندا دووچاری بارستایی و پانتایی باکووری کیشوەری (ئاسیا) دەبێتەوە، بەم شێوەیە، (بەرزە پالەپەستۆی سایبیریی) بەرزترین دیاردەکانی بەرزبوونەوەی پەستانی هەوای تیادا تۆماردەکرێت لە سەرتاپای جیهاندا، وەک ئەوەی لە لەناوچەی (ئاگاتا) ی (سایبیریا) یی کە لە 1968.12.31دا تۆمارکراوەو گەیشتبووە 1084 هێکتۆپاسکال دوای ئەوی شەپۆلێکی یەگجار زۆر سارد ئەو ناوچەیەی گرتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی، (بەرزە پالەپەستۆی سایبیریی) بەوە ناسراوە کە بریتییە لە بارستە هەوایەکی یەگجار زۆر ساردو وشک و بە زۆری پانتایی فراوانی ناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەری (دەریای قەزوین) و زنجیرە چیاکانی (ئەنادیر) لە باکووری رۆژهەڵاتی سایبیریاو تەواوی ناوچەی (بایکال دەگرێتەوەو زۆرجاریش کاریگەرییەکەی دریژ دەبێتەوە تا دەگاتە ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای ئەورووپاو هەندێ جاریش دریژ دەبێتەوە تا دەگاتە (ئێران و تورکیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) وەک ئەو شەپۆلەی ئەم دواییەی کە هەرێمی کوردستانی گرتەوەو بووە هۆی دابەزینی پلەکانی گەرماو وەستانی باران بارین و لە رۆژی یەکشەمە 2019.11.17 وێستگەی کەشناسی (حاجی ئۆمران) نزمترین پلەی گەرمیی تۆمارکرد کە گەیشتبووە -3پلە لە ژێر سفری سیلیزیی.

لە وەرزی زستاندا، ئەگەر هاتوو ئەم بارستە هەوا سارده لێکی دا لەگەڵ نزمە پالەپەستۆیەکی شێدار، ئەوا دەبێتە هۆی بارینی بەفرێکی زۆر بەرچاو چ لە ناوچە شاخاوییەکان یان تەنانەت دەشتاییەکانی نێو هەرێمی کوردستان و بێگومان پلەکانی گەرما بۆ ئاستی پێوانەیی نزمتر دەکاتەوە بە بەراورد لەگەڵ رۆژانی دیکەی ساردی زستان.



گەورەترین دەریاچەی ئاوی شل لە ژێر رووی هەسارەی مەریخدا دۆزرایەوە

تیمی پسپۆڕانی سەربەرشتیاری یەکەی ناسراو بە (رادارى بڕینى چینەکانى ژێر رووى خاک و ئایۆنۆسفیر) ى تایبەت بە کەشتى ئاسمانى ئەورووپى (مارس ئێکسپرێس) دۆزینەوەیەکى چاوەڕوان نەکراوى کردە دیارى بۆ پسپۆڕانى فەلەکناسیى گشت جیهان، ئەویش دۆزینەوەى گەورەترین عەمبارى ئاوى شلە لە ژێر رووى هەسارەى مەریخ کە تاوەکو ئێستا هاوشێوەى نەبووە.

ئاشکرایە کەوا لەبەر نەبوونى پەستانێکى هەوایى گونجاوى وەک زەوى، هەرگیز لەو سەردەمەى ئێستادا، ئاو بە شێوەیەکى ئاسایى لەسەر دۆخى شلى لەسەر رووى خاکى مەریخدا نابینرێت، مەگەر لە یەکێ لە بارە هەرە دگمەنەکان نەبێت کە ئەوەش تەورێکى دیکەیەو لە ئەڵقەکانى داهاتوودا باسى لێوە دەکەین، بۆیە، ئەوەى لەسەر رووى مەریخدا دەبینرێت بریتییە لە ئاو لەسەر شێوەى سەهۆڵ، بە تایبەتى لە جەمسەرى بەستووى باکوور، وە هەروەها لەسەر شێوەى هەورى بەرز لەسەر شێوەى کریستاڵى سەهۆڵیى وەک هەورى (سیرۆس) کە لە ئاستە بەرزەکانى ئاسمانى هەسارەى زەویدا دەبینرێت و لەسەر شێوەى دڵۆپى هەرە بچووکى شلى وەک هەڵم نییە.

ئەم تیمە بەدرێژایى ماوەى نێوان ئایارى 2012 تا کانوونى یەکەمى 2015 دا ئەم رادارەیان بەکارهێناوە بۆ ڕوومالکردنى بارستە سەهۆڵییەکان، شەپۆلى رادارى ئاراستەى ئەو ناوچانە دەکرێ و کاتێک دووبارە دەگەڕێتەوە بە هەمان ڕێڕەو بۆ خودى رادارەکە، ئامێرەکانى پەیوەست لەگەڵیدا دەستدەکەن بە پێوانەکردنى هەر گۆڕانکارییەک کە بەسەر شەپۆلەکەدا هاتووە لە دەرەنجامى بەرکەوتنى بە جۆرەها چین و چڕى و مادەى جیاواز، پاشان کۆمپیوتەر دەستەکات بە کێشانى نەخشەیەکى وردو سێ ڕەهەندیى بۆ هەر چینێک کە شەپۆلى رادارەکە بڕیویەتى، لە کۆتاییدا نەخشەیەکى زۆر گرنگ دەستدەکەوێت کە تیایدا سروشت و چڕى و شێوەو ئاست و ڕووبەرو قەبارەى تەواوى ئەو ناوچانە دەکەوێتە دەست پسپۆڕان کە هەرگیز نەدەتوانرا بە شەپۆلەکانى بینراودا ئاشکرا بێن، وە ئەم ڕێگەیەش هەمان شێوازە لەگەڵ ئەو ئامێرانەى کە (سۆنار) ناسراون.

لەکاتى پشکنینیان بۆ شەپۆلەکانى رادارییە گەڕاوەکانى قولاێى ژێرەوەى ناوچەى ناسراو بـــە (Planum Australe) دا، 29 گروپ لە نمونەى شەپۆلە رادارییەکان گۆڕانێکى یەگجار زۆر تونديان بەخۆوە بینیبوو لە ڕووى شێوەکەیدا بۆ ڕوبەرێک کە کەوتبووە قولاێى 1.5 کیلۆمەتر لە ژێرەوەى ڕووپۆشە سەهۆڵییەکەى ئەو ناوچەیەو پانتاییەکەشى نزیکەى 20 کیلۆمەتر بوو، وە ئەو شەپۆلانەى لە مەریخدا تۆمارکرا هەمان ئەو ریتم و شێوەیە بوو کە لە میانەى دۆزینەوەى دەریاچە ئاوییە شلەکانى ژێر ڕووپۆشى سەهۆڵیى (ئەنتارکتیکا) واتە، کێشوەرى بەستووى باشوورو هەروەها دورگەى (گرینلاند) داى سەر ڕووى هەسارەى زەویدا بەکارهێنرا.

دواى ئەو دۆزینەوەیە پسپۆڕان زیاتر دڵخۆش بوون بە بوونى ئاو لە دۆخى شلى لە ژێر رووى بارستە سەهۆڵییەکانى جەمسەرى بەستووى باکووری مەریخ و رایانگەیاند کەوا ئەو بارستە یان چاکترە بڵێین دەریاچە ئاوە ڕاستەوخۆ بۆ مەلەوانى و بەرکارهێنان سوودى لێ نابینرێ، چونکە کەوتۆتە نێو ژینگەیەکى یەگجار زۆر سەخت و دژوارى ئەو هەسارەیەدا، بەڵام بوون یان نەبوونى ژیانى مایکرۆبى هێشتا جێگاى گفت و گۆ مقۆمقۆى زانایانەو یەکلا نەبۆتەوە.

ئەوەى زۆر سەیرە لەو دۆزینەوەیە ئەوەیە کەوا ئەو دەریاچە ژێر سەهۆڵییەى مەریخ لەدۆخى شلى ماوەتەوە سەرەڕاى ئەوى پلەى گەرماى زۆر نزمترە لە پلەى گەرمیى ئاسایى بەستانى ئاو واتە لە سفرى سیلیزیى، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونى خوێیە تواوەکانى (مەگنیسیۆم و کالسیۆم و سۆدیۆم) کە بە پیرۆکلۆرەکان ناسراون، لە هەمان کاتدا، تیمێکى دیکە لە پسپۆڕان ترسى خۆیان نیشاندەاوە لە نەبوونى ژیان لەنێو ئەو جۆرە ئاوە لەبەر بوونى ئەو جۆرە خوێیە تواوانە کە دەبنە هۆکارى لەناوبردنى هەر جۆرە ژیانێکى مایکرۆبى ئەگەر هەبێت.

ئایا جیهان بەرەو چاخى سەهۆڵیى دەڕوات!



لێکۆڵینەوەکى ئەمریکى دەریخست کەوا جیاوازتر لەوەى کە پێشتر پێشبینى بۆ دەکرا ئێستا جیهان بەرەو چاخێکى سەهۆڵى زۆر سەخت و دژوار هەنگاو دەنێت و ئەوەى ئێستا هەستى پێدەکرێت لە سەرهەڵدانى وەشکاوەتى و ڕوودانى دیاردەى گێژەڵوکەى کاوڵکار لەسەر ئاستى جیهانیدا هۆکارەکەى بۆ زیادبوونى چالاکییەکانى بەى ناسراو بە (بەى جەمسەرەکان) ە کە بۆتە هۆکارى گۆڕینى تەوژمەکانى بەى شێدار کەئەمانیش هۆکارى بارانبارین لە جیهاندا.

هەر لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، جیا لەوەى پێشتر پێشبینى بۆدەکرا بۆ بەرزبوونەوەى پلەى گەرمى ساڵانە لەسەر ڕووى زەوى، ئەوا لە میانەى ڕووماڵکردنى بەرفراوانى ڕێڕەوى مێژووى دابەشبوونى پلەى گەرمى لە جیهاندا دەریخست کەوا ئێمە بەرەو چاخێکى سەهۆڵبەندى هەنگاو دەنێین و بەهیچ شێوەیەک ناکرێت ئەم هەنگاوانە پێچەوانە بکرێنەوە.

ئەو حاڵەتانەى وشکەساڵى کە لە جیهاندا ڕوو دەدەن هۆکارەکەى نزمبوونەوەى پلەى گەرمییە نەوەک بەرزبوونەوەى دواى ئەوەى ناوچەى ناسراو بە (بازنەى ووشکبوون) بەهۆى زیادبوونى کاریگەرى زۆرى بایەکانى جەمسەریى کە لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەڵاتەوە هەڵدەکەن، ئەم بایانەش وەک بەربەستێکیان لێهاتووە بەرامبەر بە ڕێڕەوى بایە شێدارەکانى ناوچەکانى هێڵى یەکسانى کە پڕە لە شێ و ئاو، بەمەش قەوارەى تێکدەرانەى (بازنەى ووشکبوون) زۆر زیاتر دەکات و ئێستا ڕاستەوخۆ کاریگەرییەکانى لەسەر ناوچەکانى وەک بیابانى دوورگەى عەرەبى و بیابانى مەزنى ئەفریقى و تەواوى ناوچەى ڕۆژهەڵاتى ناوەڕاست و ناوچەیەکى بەرفراوانى هیندستان و ئەفریقیاو لە بەرامبەردا تەوژمى کاوڵکارانەى بەفرو زریان ڕووبەڕووى ئەورۆپاو ئەمریکا دەبێتەوە وەک ئەوەى ئێستا وا ڕووەدات!.


بەهێزترین ڕووناکى بینرا کە تاوەکو ئێستا لەمێژووى بوونى مرۆڤدا نەبینراوە



بۆ بینینى ئەو ڕووناکییە، پسپۆڕانى فەلەکناسى لەسەرتاپاى جیهاندا ماوەى 50ساڵە لە چاوەڕوانیدا بوون تا لە کۆتاییدا توانیان ئەو سەرچاوە سەرسوڕهێنەرەى ڕووناکى لە قولاێى گەردوونداببینن کە هەر هەموو ژمارە پێوانەییەکانى پێشترى شکاندو بووە گەشترین و ڕووناکترین سەرچاوەى ڕووناکى کە ئادەمیزاد دەیبینێت. ئەم ڕووناکییە سەرسامکارە بە (تەقینەوەکانى تیشکى گاما) ناسراوەو لە ڕێگەى تلسکۆپى ڕوانگەى فەلەکیى NEIL Gehrels Swiftو تلسکۆپى ئاسمانیى Fermi Gam-ma Ray بۆ ماوەى تەنها 22چرکە بینراوەو سەرچاوەکەشى لە دەرەنجامى تەقینەوەیى دڵ و ناوچەرگەى ئەستێرەیەکى زۆر مەزنى ناسراو بە GRB 190114C بـــووە کـــە بـــە مێژووى تۆمـــارکـــراوى ســـەر زەوى لـــە 2019.1.14 ڕوویداوە.

پسپۆڕانى فیزیاى فەلەکناسى دەڵێن: ئەو وزەیەى کە لەو تەقینەوەیە لەماوەى چەند چرکەیەکدا دەڕچووە یەکسانە بەو وزەیەى کە خۆر لەماوەى 20 ملیار ساڵدا بەرهەمى دێنێت. بێگومان لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، باشە بۆچى دانیشتوانى سەر زەوى بەچاوى ئاسایى نەیانبینى؟ وەڵامەکەش ئەوەیە کە ماوەى نێوان ئێمەو ئەو سەرچاوەیە لە سنووری 7 ملیار ساڵى ڕووناکى بووەو تەنها ئەو دوو تلسکۆپەو بۆ ماوەى تەنها 22 چرکەدا تۆماریان کردووە.

جۆرە شەکرێکى نامۆ لەنێو دوو بەردە نەیزەکدا دۆزرایەوە



تیمێک لە پسپۆڕانى بایۆلۆژى هەسارەکان، ئاسەوارى چەند جۆرە شەکرێکى ئاڵۆزو نامۆیان دۆزییەوە، کە یەکێ لەوانەى (ترشى رایبۆز) ە و یەکێکە لە گرنگترین توخمەکانى زانیارى بۆماوەیى لەنێو خانەدا.

ئەم دۆزینەوە نامۆیە لەنێو (گۆڤارى زانستیى ئەکادیمیاى زانستى ئەمریکى) دا بڵاوکراوەتەوەو تەواوى وردەکارییەکى لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەى پسپۆڕانى بایۆلۆژیى لەسەر ئەو دوو بەردە نەیزەکەدا بڵاوکراونەتەوەو تیایدا هاتووە، نەیزەکەکان لە جۆرى (کۆندرایت) ن واتە نەیزەکى دەوڵەمەندن بە مادەى شێوە ئۆرگانى، بەڵام ژمارەیان یەگجار زۆر کەمەو زۆرێش بە دەگمەنى دەکەونە سەر ڕووى زەوى.

www.xebat.net
خەبات دوو شەممە 2019/11/25 ژمارە (5878)
بۆ پەیوەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

مێسی: بڕیارەکەی گواردیۆلا خاڵی وەرچەرخان بوو لە کاروانی وەرزشیم



لیۆ مێسی کاپتنی یانەی بەرشلۆنە رایدەگەیەنێت کە بڕیاری پیپ گواردیۆلای راهێنەری ئیسپانی بۆ ئەو خاڵێکی وەرچەرخان بووە لەمێژووی تۆپی پێی.
مێسی لەمیانی نمایشی ئەو فیلمە دیکۆمینتارییەی لەسەر ژیانی کە باس لەوە دەکات کە چوونی ئەو ئەستێرەیە لە باڵی راستەوە بۆ هێرشبردن لەژێر رابەرایەتی گواردیۆلا، دەڵێت: ئەمە خاڵی وەرچەرخانێکی گەورە بووە لەسەر ژیانی وەرزشیم، هەروەها گوتی: لەکاتی گۆڕینی شوێنەکەشم هیچ ئاستەنگێکم بۆ دروست نەبوو، چونکە وەکو هێرشبەر لە تیپی تازەپێگەیشتوان و لاوان بوو، یەکەم یاریشم لەدوای شوێن گۆڕینم بەرامبەر یانەی ریال مەدرید بوو لەناو برنابیۆ، کە هەرگیز ئەو رووبەڕووبوونەوەیە لەبیر ناکەم.
دواتر مێسی گوتی: گواردیۆلا پەویەندی پێوەکردم ز پێی راگەیاندم کە لەوەتەی من لە هێرشبردن یاری دەکەم ئاستی تیپەکەمان زۆر گۆڕاوە بەرەو باشبوون چووە، لەبەر ئەوەی گواردیۆلا هەموو کات حەزی لەوەبوو لەناوەراست کۆنترۆلی یاریی بکات.

راهێنەری کریستال: ناوبژیوان زوڵممان لێ ناکات


ڕۆی هۆدگسۆنی راهێنەری یانەی کریستال پالاس ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە ڕەتکردنەوەی ئەو گۆڵەی کەلەگێمی یەکەم بەرامبەر یانەی لیڤەرپوول تۆماریان کرد، بڕیتریکی دروست بوو، هەروەها گوتی: پیم وانیە ناوبژیوان لەبڕیارەکەیدا هەڵەی کردبێت یاخوود زوڵممان لێ بکات، چونکە جۆردان ئایۆ لەناوچەی هێڵی سزا پاڵی بە دیان لۆفرینی یاریزانی لیڤەرپوول وەنا و کاتیکیش دیمەنەکە دووبارەکراوە، دەرکەوت کە ناوبژیوان لەڕەتکردنەوەی گۆڵەکە بڕیاری دروستی داوە.



ساگا دەبێتە راهێنەری دایانا

دایانا یاسترمسکا کچە تێنسزانی ئۆکرانی رایگەیاند کە لەسەرەتای ساڵی تازەدا لەگەڵ ساگا بیگینی راهێنەر ڕێکەوتووە وەک راهێنەر لەگەڵی بەردەوام بێت، ڕاپۆرتەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو راهێنەرە وازی لە راهێنانی کلایستەرزی کچە تێنسزانی بەلژیکی هێناوە بۆ ئەوەی هەموو کاتی خۆی بۆ ئەو کچە تێنسزانە ئۆکرانیە تەرخان بکات و ئامانجیشی لێی ئەوەیە لەخاڵی سفرەوە لەگەڵ دایانا دەست پێبکات و بەهێزبی لە پاڵەوانێتییەکاندا بەدەری بخات.

پیۆڵی: دەمانتوانی لە ناپۆڵی ببەینەوە



ستیفانۆ پیۆڵی، راهێنەری یانەی میلانی ئیتاڵی دووپاتی کردەوە، تیپەکەی بەرامبەر گۆڵ سەرکەوتوو نەبوو، دوای یەکسانبوونی لەگەڵ ناپۆڵی بە ئەنجامی 1-1 گۆڵ، ڕۆژی شەممەی رابردوو، لە میانی گەڕی 13لە خولی ئیتاڵیادا.
دوای یارییەکە، پیۆڵی، لێدوانی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن دا و وتی:" کارێکی باشمان کرد و ئاستێکی بەرچاویشمان پێشکەشکرد".
وتیشی:"ناپۆڵی تیپێکی زۆر بەهێزە، بۆیە ئێمە بەو ئاستەی بەرامبەریان پێشکەشمان کرد، دڵخۆشین، دەمانتوانی گۆڵی دووەمیش تۆمار بکەین، بەڵام دوایین پێکەوتنمان نەبوو". هەروەها وتی:"بە ئاستی تیپەکەم سەرسام بووم، ئێمە وەکو یەکەیەک کارمان کرد، ئەوەش شتێکی زۆر گرنگە". پیۆڵی لە کۆتاییشدا وتی:"پیۆنتیک بە باشی کاری کرد و دەرفەتی گۆڵ تۆمارکردنیشی هەبوو، دەبێت لەسەر ئەو ڕێچکەیەی بەردەوام بێت، هەرچی بۆنافنتۆرایە، ئەو یاریزانێکی زۆر زیرەکە و ئومێدەوارم لەسەر ئەو ئاکارەی بەردەوام بێت".

ڕەمزی میرەکانی



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 25. Nov. 2019 No: (5878)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر بەسەر دەکاتەوە

(یەکشەممە - 2019/11/24)













مام بەکر بوو بەمێژوو...
لەمەو دوا قەڵا و میوانەکانی گوێبیستی دەنگی شمشاڵ و بلوێرەکەی مام بەکر مەخموری نابن



یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی

هەمور دوروشەمەیەک دەینووسێت



پرۆفایل

ئەبوبەکر موحەمەد ئەمین،یەکێکە لەهونەرمەندە میللییەکان، ناسراو بە (مام بەکر)، ساڵی (1957) لە شاری (مەخمور) هاتۆتە دنیاوە، لە ساڵی (1989)ی سەدەی پێشووەوە، دەستی بە دروستکردن وژەنینی ئامێرە فووداڕەکانکردووە، ئەو پیاوە ڕۆژانە لەبن دیواری (قەڵای هەولێر) دادەنیشت و جگە لە دروستکردن و ژەنینی ئامێرە فووداڕەکان، بێبەرامبەر خەڵکی ئارەزوومەندیشی فێری ژەنینی ئەو ئامێرانە دەکرد و یەکێک بووە لەوستاکانی دروستکاری ئامێرە فووداڕەکان.. بەداخەوە لەشەوی 22 لەسەر23ی 2019 لەسەنتەری دڵ بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایکرد.

هێمن ئاری

هەولێر و قەڵا دێرینەکەی پیاوێکی جوان و میوزیک ژەنێکی گەورەیان لەدەستدا.

-ئەو کاتێک بەدەست و پەنجە جوانەکانییەوە شمشاڵەکەی دەخستە سەر لێوەکانی، قەڵا و بازاڕی قەیسەری پڕ دەکرد لە ئاوازی جوان و ڕەسەنی کوردی..

ئەو بە عەشقێکی زۆرەوە دروستکرنی شمشاڵ و بلوێر و نەیی و دوزەڵە و تەواوی ئامێرە فووداڕەکانی کردبوو بە پیشەی خۆی و پەیداکردنی بژێوی ژیان و خزمەتگەیاندن بە هونەری ڕەسەنی کوردی.

بەعەشقێکی زۆر و دڵێکی پڕ لەئەوینەوە، بەو پەڕی تامەزرۆییەوە خەمە پەنگ خواردووەکانی ناخی لەڕێگەی ئاوازی شمشاڵ و بلوێرەکەیەو دەردەبڕی و بە بەرزی قەڵا و مناڕە خەمەکانی بەبادەدا...

مام بەکر مەخموری شمشاڵ ژەن، لەکۆتایی ساڵانی نەوەدەکانەوە ببوو بە بەشێک لەمێژووی پیرە قەڵا و بازاڕی قەیسەری ..

مام بەکر ، ساڵانێکی زۆرە لەژێر بازاڕی قەڵا دادەنیشت شمشاڵ و بلوێر و باڵەبان و دوزەلە و ئامێرە فووداڕەکانی دروست دەکرد ..

هەرکاتێک شمشاڵەکەی دەخستە سەر لێوەکانی،سەرنجی خەڵکی شار و تەواوی ڕێبوارەکانی بەو شەقاماندا تێپەڕدەبوون بەڵای خۆیدا ڕادەکێشا و تێکەڵی دەکردن بەدونیا جوانەکەی هونەری ڕەسەنی کوردی و هەموو ئەو ئاوازانەی دەچڕی کە بوون بە ڕەسەنایەتی هونەری کوردی..

بەنەمانی مام بەکر، خەزێنەیەکی دیکەی هونەری کوردی وشکبوو و گەڵایەکی دیکەی هونەری کوردی لەم پایزەدا هەڵوەری ..

بە لەدەستدانی ئەم هونەرمەندە ڕۆح سوکە، قەڵات و بازاڕی شار هاوڕێیەکی ئەزیزیان لەدەستدا .. هەر خەڵکێکی شار یان هەر بیانییەک بەوێدا هاموشۆی بکردایە، ئەگەر نەشییان ناسیبووایبە، ئاوا بەبینینی ئەو پیاوە ڕۆح سوکە دڵی دەکرایەوە و هەڵوەستەیەکی لەلا دەکرد و گوێبیستی دەنگی شمشاڵەکەی دەبوون و ، بەسەرەنجەوە لە دەست ڕەنگینی و ژەنینی ئامێرەکانی ئەم هونەرمەندە و هونەردۆستەیان دەڕوانی ..

مام بەکر مەخموری، جیا لەوەی شارەزاییەکی باشی لە ژەنینی ئامێرە فووداڕەکان هەبوو ،دەستێکی ڕەنگینیشی لەدروستکردنییان هەبوو و زۆربەی زۆری هونەرمەندەکان سودییان لەئامێر و شارەزایی مام بەکر وەردەگرت، ببوو بە خەزێنەیەکی گەورە بۆ هونەرمەندان و هونەری کوردی..

ئەو لە دنیایەکی تایبەت بەخۆی دەژیا و خۆرسک و لێزانانە فێری دروستکردن و ژەنینی ئامێرەکان ببوو.. پیاوێکی بە ویقاربوو لەم شارەدا..

بەڵام مخابن لەمەودوا چیتر لەنێو جەنجاڵی و قەڵەبالغی بازاڕدا کەسمان گوێبیستی ژەنینی شمشاڵ و هاوار و ناڵەنالی نەیی پڕ لەسۆزی مام بەکر نابین.. کە وەک هەمیشە لەژێر بازاڕی قەڵات بەشمشاڵ و بلوێرەکەی سیمایەکی جوانتری بەقەڵا و بازاڕی قەیسەری دەبەخشی.. مام بەکر لەمەودوا دەبێت بەمێژووی قەڵات و پیرە هەولێر ...

بەداخەوە مەرگ ڕێگەی نەدا مام بەکری هونەردۆست و هونەرمەند زیاتر لەژیاندا خزمەت بەهونەر و هونەرمەندان بکات و هەموو بەیانییەک قەڵا و بازاڕی قەیسەری گوێبیستی ناڵەنالی و دەنگی شمشاڵە پڕ لەسۆزەکەی ببێت..